# گەلە بەشخوراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەڵگەنامەکانی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی مانەوە و سەربەخۆیی کورد و ئاشووری و کەمینەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی

ف. دەیڤید ئەندروس

لە ئینگلیزییەوە

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق


هەواڵنامەی کتێب

لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

کۆکردنەوە و ئامادەکردن: ف. دەیڤید ئەندروس
ناوی کتێب: گەلە بەشخوراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
پیتچنین: ئیبراهیم ئەحمەد حسێن
سەرپەرشتیاری چاپ: بڕیار فەرەج کاکی
بەرگ: کەمال عەلی
چاپخانەی رەنج/ چاپی یەکەم/ سلێمانی
ژمارەی سپاردن: / ١٩٩٤، ساڵی ٢٠٠٩
تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
زنجیرە: ٤٦

هەواڵنامەی کتێب

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران — گەڕەك/١٠٥، کۆڵان/٢٥، ژ. خانوو/٤، پۆست/٩٥
تەلە فۆن: ٣١٩٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٧ |
| ١. نارەزایی ناسیۆنالیستە کوردەکان دژ بە خراپیی مامەڵەکردنیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە | ١١ |
| • نامە لە سەرۆکەکانی کوردەوە | ١٥ |
| • یاداشت لەبارەی مەسەلەی کوردەوە | ١٨ |
| ٢. سەرکردە ئاشورییەکان داوای سەربەخۆیی دەکەن | ٢٧ |
| • کێشەی ئاشورییەکان | ٣٣ |
| ٣. بەڵگەنامە لە سەر بارودۆخی کورد | ٤١ |
| • کۆمەڵکوژیی کورد لە رۆژی سەرکەوتنی هاوپەیمانان‌دا | ٤٣ |
| • داواکاری خێڵە کوردەکانی ئێران | ٤٥ |
| • بەرنامەی کۆمەڵەی هیوای کوردی | ٤٩ |
| ٤. شالاوێکی دژ بە کورد لە عێراقدا | ٥٢ |
| ٥. دیدوبۆچوونی راوێژکاری بریتانی لە سەر مەسەلەی کورد | ٥٤ |
| ٦. رۆڵی بریتانیا لە هەوڵەکانی عێراقدا بۆ چارەسەری کێشەی کورد | ٥٦ |
| ٧. پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بە زمانی کوردی | ٧٠ |
| ٨. کۆمەڵەی جوولەکەی دژە زایۆنیست لە بەغدا | ٧٥ |
| ٩. نارەزایی دەربڕینی کورد لە سەر هەوڵی عێراق و ئێران و تورکیا بۆ سەرکوتکردنی ئامانجەکانی سەربەخۆیی کورد | ٧٨ |
| • بەیاننامەی سەرۆك هۆز و پیاوماقوڵانی کورد | ٨١ |
| ١٠. یاداشتی حیزبی رزگاریی کورد | ٨٥ |
| ١١. نەخشەی کوردستان | ٩٤ |
| ١٢. ئاژاوە و پشێوی لە کوردستاندا | ٩٥ |
| ١٣. کۆمەڵەی دەنگی راستیی کوردی | ٩٩ |
| • بەڵگەنامە لە سەر ئامانج و بەرنامەی کۆمەڵە | ١٠٢ |
| ١٤. بەیاننامەیەك لە لایەن حیزبی رزگاری کوردەوە | ١٠٨ |

١٥. ئاژاوە و پشێوی رەگەزیی لە خوزستان ١١٥
● هەواڵنامەی مانگرتنی ئابادان ١٢٤
١٦. شەڕوشۆڕی خێڵەکی لە عێراقدا ١٢٨
١٧. پارتی دیموکراتی کورد(پ. د. ك) ١٣٠
● بەیانامەیەکی پارتی دژ بە ئیمپریالیزم (بانگەوازی جەنەراڵ بارزانی) ١٣٣
● خاڵەکانی پەیمانی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کورد ١٣٤
● پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق ١٣٦
● پەیماننامەی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق ١٣٩
● بەیاننامەی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد ١٤٢
● بانگەوازی کۆنگرەی پ. د. ك بانگەوازی کۆنگرەی پ. د. ك ١٤٦
١٨. بەیاننامەی سوپای دیموکراتی کورد ١٤٩
١٩. بەیاننامەی نارەزایی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٥٩

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بۆچوونێکی بەرفراوان هەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە ناوچەیەکی وشك و برینگی جێنشینی عەرەبە موسوڵمانەکان، کە بەرەوڕووی شوێنێکی جوولەکە نشینی بچووك بووەتەوە بەناوی ئیسرائیلەوە، کەم کەس لەوە دەگات کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرێمێکی نەك هەر چونیەك نیە بەڵکو پڕیشە لە جیاوازیی ڕەگەز و فەرهەنگیش. ئەم ناوچەی ئاشووری و کریستیانی قەوقازی و مێنینۆنی و تورك و ئەرمەن و دروز و جوولەکەی ڕۆژهەڵاتی و کورد و کەمینەی بچووکتریشی تێدایە. بۆیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیاتی یەك ڕەگەز و یەك زمان و یەك ئاین، ژمارەیەکی هێجگار بەربڵاو لە خەڵك و فەرهەنگی جیاجیا لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەم پەڵە و پینانەی گرووپی ئیتنی بچڕبچڕە و هەمیشە لە گۆڕاندایە و بەردەوام بە هۆی سنوورە نیشتمانییە دەستکردەکانەوە لە دابەشبووندایە.

لە سەروبەندی نووسینی ئەم کتێبەدا ئەو باسەی زۆر باو و بەربڵاوە مەسەلەی فەلەستینیەکانە، چونکە لە هەموو شوێنێك داواکاریی ئەمان لە پێناوی ئازادی و نیشتمانێکی سەربەخۆدا دەخوێنیتەوە. کێشەکەی ئەمان بە ڕێکوپێکی جێی باس و مشتومڕە و دیپلۆماتە فەلەستینیەکان هاوشانی دیپلۆماتی ئەو وڵاتانە بانگهێشت و پێشوازی دەکرێن لای گەلێك لە حکومەتەکانی دنیا. بەڵام لە ڕاستیدا فەلەستینیەکان یەکێکن لەو کەمینە زۆرانەی لە ناوچەکەدا کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە چەندین ساڵ لەمەوپێشەوە خەبات بۆ هەمان ئامانج دەکەن. بەڵام ئاخۆ ئێمە چی لە بارەی ئازار و ئاواتی ئەوان دەبیستین یان دەخوێنینەوە؟ کێ لە سەر گۆڕەپانی دنیادا لە پاڵ داواکاریی مافی ئەم میللەتانەدا دەوەستێ؟ ڕاستیەکەشی کەس نیە و ئەمانە نەك ئازار و ئامانجەکانیان لەلایەن ڕاگەیاندنی جیهانەوە پشتگوێ خراوە، بەڵکو نوێنەر و وەفدەکانیشیان بەردەوام فەرامۆش کراون لەو دامودەزگا گەورانەی چەشنی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای نێودەوڵەتی.

هەڵبەتە مەبەستی ئەم نووسەرە ئەوە نیە کە نکووڵی لە ماف و خولیا و ئاواتی فەلەستینیەکان بکات. چونکە مافی نیشتمانێکی ئیتنیکی یان نەتەوەیی

یەکێکە لە مژدە و بەڵێنە گەورەکانی مرۆڤی شارستانیی نوێ. هێشتا مرۆڤ سەری لەوە سوڕدەمێنێت کە بوارێکی فەلەستینی هەبێت بێ رق و دژایەتیەکی درێژخایەنی نێوان مووسڵمان و جوولەکە. ئاخۆ فەلەستینیەکان ناچاری دەرکردن بوون لە زێدی دایکزادیان لە لایەن دەوڵەتێکی مووسڵمان یان جوولەکەوە و جێی گومانە کە مەسەلەکە ئەو قەیرانەی لێکەوتبێتەوە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە. راستیەکەی دەبوو شتێك بە ناوی"کێشەی فەلەستین" لە کێشەی ئێستای دروز و کورد و ئەرمەن زیاتر نەبوایە.

کێشەی کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەر شوێنێکی تر دواجار هێند لە سەر هێز و رق و کینە و ترس و فەرامۆشکردن و چاوچنۆکی گیرساوەتەوە ئەوەندە لە سەر بەهاکانی مرۆڤدۆستیی جیهان و مەسەلەکانی مافی مرۆڤ نەگیرساوەتەوە. کەمینەکان وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی مەبەست و ئامانجی تر لە ئارادان و وەك ئامراز بەکاردەهێنرێن و پاشان فەرامۆش دەکرێن. ئەم چەشنە کەمینانە لە لایەن هێزە نێودەوڵەتیەکان و ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین و هێزە سیاسیەکانی چەپ و راست بەکاردەهێنرێن، هەروەها لە لایەن ئەو گرووپە ئاینیانەشەوە کە ئامانج و مەبەستیان لە رق و مەترسی گەورەیانەوە ئاڵاوە. بەم شێوەیە کەمینەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها وەك بارمتە بەکارهێنراون لە لایەن ئەو گرووپانەوە کە گەورەتر و بەهێزتر بوون و لە رابردوودا ئەمە چارەنووسیان بووە و پێدەچێت لە داهاتووشدا هەر وا بێت.

مەبەستی ئەم بڕە دۆکیومێنتە کۆکراوەیە لە سەر گرووپە کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێك تیشك خستنە سەر مەینەتی و ئازار و تا رادەیەك نائومێدیی ئەم خەڵکانەیە. هەڵبەتە کارەکە لە بنەڕەتدا ناکامڵ و ناتەواوە و لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە لە ماوەیەکی سنووورداری دوای جەنگی جیهانیی دووەمە، بۆیە گەلێ کەرەستەی بەنرخی ساڵانی پێشوو وەدەرنراون. ئەوجا لەبەرئەوەی کەرەستە و بابەتەکان لەوانە وەرگیراون کە پێشتر قەدەغەیان لە سەر دانرابوو لە ئەرشیفی نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، هیچ شتێك تا دوای ساڵی ١٩٥٠ لەبەردەستدا نەبوو، چونکە ئەو دۆکیومێنتانە تا ئەو دەمە رێگەیان پێنەدرابوو.

دەبێ پێ لەوەش بنرێت کە سامانێکی زۆری زانیاریی پێویست کە بایەخی بۆ لێکۆڵەران هەبوو ساڵانی دواتر وەدەستهێنران.

گەورەترین قەبارەی زانیاریی ئەم کۆکراوەیە مامەڵە لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی کورددا دەکات لە تورکیا و عێراق و ئێراندا و بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتیش لە عێراقدا. هەروەها ئێمە یەك دیمەن بە گەورەیی دەبینین کە لە نووسینەکانی دیپلۆمات و کەسانی هەواڵگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گەیشتوونەتە ئێمە. سەرباری ئەم سنووردارییەش، ژمارەیەك راستی کەوتوونەتە روو. مەسەلەی هەرە گەورەش چارەنووسی مێژوویی و جوگرافیی دلڕەقانەیە کە بە سەر ئەو خەڵکانەدا سەپێنراون. رابردوو و ئێستا و داهاتووی کورد گرێدراوی کۆیلەیی و قڕکردن و ستەمکاری و ئازارە لە لایەن هێزگەلێکەوە کە تێگەیشتنی کەمیان هەبووە و کۆنترۆڵی ئەوتۆشیان نەبووە. لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا کوردەکان پشتگیریی هاوپەیمانانیان کرد، بەڵام ئەمان ناپاکییان لەگەڵ کردن و بەهەمان شێوەش لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە. دواتر کوردەکان پشتگیریی بریتانییەکانیان کرد و ئەمانیش هەر خیانەتیان لێکردن. کوردەکان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا هاوکاریی هاوپەیمانیان کرد و جارێکی تریش هەر خیانەتیان لێکرا و فەرامۆش کران و تکا و داواکارییان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی نەدرایە و پشتگوێ خرا و وەفد و نوێنەرەکانیشیان دەرکران و لەبیرکران.

دواجار سەرکردە کوردەکان روویان بەرەو رووسیا وەرچەرخاند و لە سەرەتای ساڵانی پێش جەنگدا تورکەکان و عێراقیەکان و ئێرانیەکان بایاندایەوە سەر رێگەی داپلۆسینی چالاك و قڕکردنی سەربازیانەی کەمینە کوردەکانیان لە ناو سنووری نیشتمانیی خۆیاندا. ئەم کۆششانەش بە هاندان و دەست لە پشتدانی بریتانیا ئەنجامدەدرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لایەنی بێباکیی گرتبوو. لەم رووەوە تەنها رووسیا و کۆمۆنیستەکان بوون کە پێدەچوو هەواخوای داواکاریی کوردەکان بن و هەمدیس کورد بەکارهێنران و خیانەتیان لێکرا. هەڵبەتە تا ئەمڕۆش خەباتی کوردەکان هەر بەردەوامەو جەنگێکی کۆڵنەدەرانەیان بەرپا کردووە دژ بە حکومەتی ئێران و پیاو و ژن و منداڵی کورد بە پاڵپشتی عێراق بەردەوامن لە سەر شەڕکردن بەو هیوایەی کە کۆتایی بە ناسۆرییەکان بێنن. رەنگە کوردەکان لە چەند شەڕێکدا سەربکەون بەڵام هەرگیز جەنگەکە نابەنەوە و بە دڵنیاییشەوە ئاشتیش وەدەست ناهێنن. باشترین رێگا بۆ کوردەکان پلانی تێگەیشتن و ئیستیعاب کردنە لە خراپترین

حاڵەتی قڕکردندا و بۆ گەلێ لە نیشتمانپەروەرانی کوردیش مەسەلەکە بە هەر بارێکدا بکەوێتەوە هەمان شتە.

لەم کۆکراوەیەدا چەندین دۆکیومێنت هەن لە سەر خەبات و تێکۆشانی کەمینەکانی تریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دۆکیومێنتێکی سەرنجڕاکێشیان داواکاریی ئاسوورییەکان دەخاتە ڕوو، هەرچەندە ئەمان کەمتر لە کوردەکان ناسراون لای جیهانی دەرەوە، بەڵام لەوان بەدبەختترن. ئەوجا کەرەستەی تریش هەن،کە لە ڕاستیدا سنووردارن، لە سەر جوولەکە ئەنتی زایۆنیەکانی عێراق و خەبات و ململانێی ڕەگەزی و ئابووری لە بەشی خوزستانی ئێراندا و ململانێ خێڵکیەکانی ناو دەستە و تاقمی مووسڵمانان. هەمیشەش بەڵگەی بەکارهێنان و بەلای خۆدا ڕاکێشانی ڕووسەکان لەبەردەستدایە.

نووسەر یەکەم کەسە پێ لەوە دەنێت کەوا ئەم کتێبە لەوە زیاتری پێدەکرێت کە ڕووشاندن و چنگەکرێی ڕووکاری دەرەوەی کێشەکانی کەمینە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە هیواین کارەکە ئەو بەهایەی لەخۆ گرتبێت کە وەك یەك خزمەتی قوتابی و لێکۆڵیار بکات. ئەمە ڕەنگە خزمەتی بەهێزکردنی هۆشیاری و ئاگادارکردنەوەی ئەو قوتابییە بکات لە بوارو مەسەلەیەکدا کە بەگشتی دانی پێدا نەنراوە و بە بەرفراوانی فەرامۆش کراوە لە چوارچێوەی هێزە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بێجگە لەوەش، کەرەستە و بابەتەکان لێرەدا ئەوەیان تێدایە کە ڕەنگە خۆیان خاڵێکی بەهاداری لادانی لێکۆڵیاری جیددیی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بسەلمێنن و بنەمای لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆ بڕەخسێنن.

هەموو دۆکیومێنتەکانی ئەم کتێبە بە ئەمانەتەوە لە تۆمارە باوەڕپێکراو و نهێنیەکانی ئەرشیفی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گوێزراونەتەوە. سەرچاوەکان و ژمارەی فایلەکان لە کۆپییە گوێزراوەکاندا چەسپکراون. بەتەنها ئیمزا ڕاستەقینەکانی نووسەران و مۆرەکان دواتر چەسپکراون لە لایەن دەزگا حکومییە جۆراوجۆرەکانەوە و وەك کەرەستە و بابەتەکان وەدەرنراون. دواجار نووسەر ئیندێکسێکی بۆ کردووە بۆ ئاسانکاریی گەڕانی خوێنەر بە دوای بابەتی دیاریکراودا.

ف. دەیڤید ئەندروس

واشنتۆن دی. سی

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
# کۆمیسیۆنی ئەمریکی

بەغدا، ٢٢ / مارت/ ١٩٤٥

(نهێنی)

ژمارە: ٦٧٤

## ناڕەزایی ناسیۆنالیستە کوردەکان دژ بە خراپیی مامەڵەکردنیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن**

**گەورەم:**

شەرەفی ئەوەم پێ بڕاوە راپۆرتی ئەوەتان پێبگەیەنم کە لە هەفتەی رابردوودا کۆمیسیۆنەکەمان لە لایە سەرچاوە کوردییەکانەوە پەیوەندیان پێوەکراوە و سکاڵایان لە دەست باری ناهەمواری کوردەکان لە عێراقدا هەیە. یەکەم شتێك لەمانە کە وەك بەڵگەنامەی ژمارە (١) هاوپێچی دەکەین، نامەیەك بوو کە بە قەڵەمی رەساس نووسراوە و ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی عێراق کراوە و لە لایەن "پیاوماقووڵ و ئاغاکانی هەولێرەوە" ئیمزا کراوە. ئەم نامەیە، کە بە عەرەبییەکی کاڵ و کرچ نووسراوە، سکاڵا لەو سیاسەتە ناڕەوایە دەکات کە حکومەتەکانی ئێستا و پێشتری عێراق بەرانبەر بە کورد پەیڕەوییان کردووە و دەیکەن و حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکات کە زوڵم و ستەم لە میللەتی کورد دەکات. دووەم پەیوەندی کە وەك بەڵگەنامەی ژمارە (٢) کراوەتە هاوپێچ لە شێوەی یاداشتێکی مۆرنەکراودا بە ئینگلیزی نووسراوە و باسێك لە مێژووی خەڵکی کورد دەکات و بریتییە لە کورتە باسێکی ستەملێکردنی ئێستا و رابردوویان و داوا لە هێزە گەورەکان دەکات قەرەبووی هەڵەکانی پێشوویان بکەنەوە کەوا دەرهەق بە کورد کردوویانە بۆ دابینکردنی پێگە و شوێنێك بۆ کوردەکان لە نێو گەلانی ئازادی دنیادا. بە گوێرەی سەرچاوە ناسیۆنالیستەکانی کورد، ئەو بیروبۆچوونانەی لەم دوو نامەیەی

پەیوەندیکردندا دەربڕاون بە گشتی ڕەنگدانەوەی ڕاوبۆچوونی زۆرینەی زۆری کوردی عێراقە.

ناسیۆنالیستە کوردەکان بە پێی بیرکردنەوەی سیاسییان بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەن کە ئێستا کات لەبارە بۆ ئەوەی سەرنجی زلهێزەکان رابکێشن بۆ ئەو راستییەی کەوا گەلی کورد نایەوێت لە کۆنگرەی ئاشتیدا لەبیر بکرێت، چونکە لە تورکیا و ئێران و عێراق ستەم و جیاوازییان لە دژکراوە و دەبێت باری نیشتمان و گەلێکی سەربەخۆیان بدرێتێ. گەلێك لەم کوردانە ئەو رایە دەردەبڕن کە ئەگەر سەربەخۆیی تەواو نەدرێتە میللەتی کورد، ئەوە دبێ بەلای کەمەوە کوردەکانی عێراق شێوەیەك لە شێوەکانی خودموختاری و ئۆتۆنۆمی ناوچەییان بدرێتێ بۆ ئەوەی خۆیان بەرپرس بن لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هەروەها لە پێگەیەکدا بن بۆ لابردنی هۆکارەکانی زوڵم و ستەمی ئێستایان کە ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

ناتەواوی لە قوتابخانە و مامۆستادا، کەموکوورِی و ناتەواوی لە پەیوەندیدا، خراپیی هەلومەرجی تەندروستی، کەمیی نرخ و باری نادروستی بازاڕی بەرهەمی کشتوکاڵ، باری بەڕێوەبردنی نادڵسۆز و ناڕێك، شکستهێنانی حکومەتی ناوەندی لە خەرجکردنی تەنانەت ئەو برە پارەیەش کە وەك باج و پیتاك لێی وەردەگیرێت.

زوڵم و ستەمی سەرەکیی کوردەکانی عێراق بە ئاشکرا ئەوەیە کە نایانەوێت ببنە کەمینەیەك و بەگشتی حەز بە حکومەتی عەرەبی ناکەن لە بەغدا و رقیشیان لێی دەبێتەوە. متمانە نەکردنی کورد بە حکومەتی عەرەبی لە بەغدا بە هۆی زیادکردنی ژمارەیەکی زۆری پۆلیسی عێراق و بنکەکانی سوپان لە کوردستاندا. بێجگە لەوەش، رەفتاری کاربەدەستانی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا و ئەو مەترسییە ئاشکرایەی کە راپۆرتەکانی بزوتنەوەکەی مەلا مستەفای بارزانی یان کەسانی سەر بە عەشیرەتەکەی کە دەگەنە دەزگاکانی حکومەتی بەغدا، قەناعەتیان بە زۆرینەی کوردەکان کردووە و بە تایبەتی مەلا، کە عەرەبەکان دەیانترسێنن و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە بە گشتی هەڵوێستی کوردەکان زیاتر شێلگیرانە بێت و چارەسەر نەگرێت.

ئەقڵییەتی کاربەدەستانی حکومەتی بەغدا سەبارەت بە باری ئاسایش لە کوردستاندا دوو هەفتە لەمەوپێش بە چاکی کەوتە روو. ئەم رووداوەی خوارەوە

پەیوەندیی بە لیفتنانت کۆلۆنێل (موقەددەم) داغستانییەوە هەیە کە فەرماندەیی فەوجێکی هێزی سوپا و فەوجێکی پۆلیسی دەکرد لە گوندی ئاکرێی کوردنشینی شاخاویدا. داغستانی بە مۆڵەت گەڕابووەوە بەغدا و تەنها چەند سەعاتێك بوو گەیشتبووە شار و وەزیری بەرگری هەواڵی دابوویە، کە سەدوپەنجا کەسی عەشیرەتەکەی مەلا مستەفای بارزانی کەوتونەتە رێ و مەترسیی بۆ سەر بنکەکانی سوپا و پۆلیس لە ئاکرێدا دروستکردووەو بەو پێیە دەبێ ئەم دەسبەجێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و ئاگاداری بارودۆخ بێت مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەگەرەکاندا بکات. داغستانی بۆ وەزیری بەرگریی روونکردبۆوە کە بنکە سەربازییەکانی ئاکرێ لە دوو فەوج پێکهاتووە و هەریەکەیان هەشت سەد کەس لەخۆ دەگرێت و بەتەواوی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەر پێشهاتێکدا بکات سەبارەت بە بوونی ئەم خێڵەکیانە لە ناوچەی ئاکرێدا و زیاد لەوەش وای لە قەڵەم دا کە پێدەچێت ئەو راپۆرتەی لە بارەی ئەو خێڵەکیانەوە گوایە"هەڕەشە" لە پیاوەکانی ئەم دەکەن زیادەڕۆیی تێدا کرابێت.

بەهەرحاڵ، فەرمان درا بە داغستانی بگەڕێتەوە بۆ ئاکرێ و بە گەیشتنی بۆ ئەوێ تەماشای کرد لە راستیدا دوانزە کەس لە پیاوەکانی مەلا مستەفا لە لایەن سەرۆکەکانیانەوە نێردراون بۆ پرسیارکردن لە بارەی هێستری دزراوەوە. دوانزە کەسی چیانشین ئابڵوقەی هێزێکی هەشت سەد سەرباز و هەشت سەد پۆلیسیان داوە. ئەمە بوو ئەو مەترسییەی کە ناچاری کرد بگەڕێتەوە بۆ بنکە و شوێنەکەی. بە پێی قسەی داغستانی، ئەم رووداوە بوو بە هۆی سەرنج و قسە و باسێکی بەرچاو لە نێو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا.

گەلێ لە ناسیۆنالیستە کوردەکان، لە ناویاندا ئەندام پەرلەمانێك و دوو ئەفسەر، کە یەکێکیان تازە لە سوپای عێراق خانەنشین کراوە، چونکە گومانی چالاکیی نەتەوەیی کوردی لە سەرە، بە نهێنی هەواڵیکیان گەیاندووەتە یەکێك لە ئەندامانی کۆمیسیۆنەکەمان کە زانیاریی متمانە پێکراویان دەستکەوتووە کەوا سوپای عێراق پلانێکی بەدەستەوەیە لە کۆتایی مانگی نیساندا بۆ ئەوەی جموجوڵی دژ بە مەلا مستەفا دەست پێبکات و لە رووداوێکی لەم چەشنەدا زۆربەی ئاغا کوردەکان لە ژێر سەرکردایەتیی مەلادا یەکدەگرن، کە وەك جەختی لە سەر دەکەنەوە چەك و جبەخانەیەکی دەست کەوتووە کە ساڵی پار دزراوە یان دەستی بە سەردا گیراوە.

جگە لەوەش مەلا مستەفا خۆی بۆ هێرشێکی لەو چەشنە ئامادە کردووە و پیاوەکانی لە شوێنە ستراتیجیەکاندا دامەزراندووە.

بە پێی سەرچاوەیەکی هەواڵگریی بریتانی، هەردوو کاربەدەستانی بریتانی و عێراقی حاڵی حازر سەرکردە کوردەکانیان دڵنیا کردووە کە حکومەتی عێراق بە نیازی هیچ جموجووڵێکی دوژمنکارانە نین دژ بە کوردەکان و ئەو جموجووڵەی هێزەکانی عێراق و پۆلیس لە باکووردا تەنها بەشێکە لە مانۆڕی بەهارە و نابێ لە لایەن مەلا مستەفا یان سەرۆک عەشیرەتەکانی ترەوە وا لێکبدرێتەوە کە هیچ مانایەکی خراپی هەبێت لە بەرانبەریاندا. هەمان سەرچاوە باس لەوەش دەکات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا حکومەتی عێراق لێبووردنێکی گشتی بۆ مەلا مستەفا و هەموو ئەو کەسانە دەردەکات کە ساڵی پار لە یاخیبوونی چەکداریدا بەشداربوون دژ بە حکومەتی عێراق. بێجگە لەوەش ئەمە جموجووڵێکی سازش و ڕێککەوتن دەگەیەنێت کە حکومەت کاری یاسایی بۆ کردووە بۆ ئەوەی ئەندازەیەکی بەرچاو ئۆتۆنۆمیی بەڕێوەبردن و دارایی بداتە ناوچە کوردییەکان کاتێك کە ڕێکخستنی مەسەلە یاسایی و تەشریعییەکان دەکەونە بواری کارپێکردنەوە و پێدەچێت ئەمەش کەمتر لە ساڵێك نەخایەنێت.

دڵسۆزتان

ویلیەم د. مۆرلاند

کاربەدەستی بەرپرس

هەواڵنامەی کتێب

فایلی ژمارە: ٨٠٠

WWB: agr

هاوپێچ:

١ـ وەرگێڕانی نامەیەك کە بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق نێردراوە.

٢ـ کۆپییەك لەو یاداشتە مۆرنەکراوەی باس لە مێژووی گەلی کورد دەکات.

وێنەیەکی بۆ:

ـ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەنکەرە،

ـ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران،

ـ بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوە.

# پاشکۆی ژمارە (١) بۆ نامەی ژمارە: ٦٧٤
## لە ٢٢ / مارت/ ١٩٤٥
## لە کۆمیسیۆنی ئەمریکییەوە لە بەغدا.

**(وەرگـێـڕان)**

**بۆ بەڕێز سەرۆك وەزیران**

بـە نـاوی دادپـەروەریی مرۆڤایـەتی و دیموکراتییـەوە کـە ئامـانجی هـەموو کەسێکی ویژدان زیندووە و بە تایبەتی گەلانی لاوازی وەك گەلی کوردی بەشەرەف، کە بە پێچەوانەی میللەتانی تری جیهانـەوە، تـا ئێستا نکوولّی لـە مافـە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دەکرێت. بەم پێیە ئێمە بـە پاڵپشتی دەستووری عێـراق داواکـارین لـە ئێوە و کابینەکەتان سەرەڕای تۆمەتبارکردنتان بۆ ئێمە لە ئـەنجامی سیاسـەتی کابینـە یـەك لـە دوای یەکـەکانتان، کـە ناحـەز و زیانبـەخش بـووە بـە ئـاوات و ئامانجـە نەتەوەییەکانمان. بۆ نموونـە، کاتـێ حکومـەتی رەشـید عـالی جاڕی جـەنگی دا دژ بـە بریتانیا، هەموو کوردێکی نەتەوەپەروەر لە لایەن حکومەتەوە بـە سـیخوڕی بریتانیـا و ئەڵقە لە گوێ لە قەڵـەم درا. دواتـر کـە شـتەکان گەڕانـەوە دۆخـی خۆیـان کـورد بـەوە تۆمەتبار دەکرا کەوا چوونەتە سەر ئایدیۆلۆجیای نازی و بنەچەی خۆیان بە ئـەڵمان لـە قەڵەم دەدەن و بەم جۆرە گەلـێ واتەوات و دەنگۆی دژ بە ئێمە بڵاوبـووەوە. کـاتێکیش کە هەڕەشەی نازی لە رۆژهـەڵات دوورکەوتـەوە، ئێمـە تەنانـەت لـە لایـەن رژێمەکـەی ئێوەشەوە بە کۆمۆنیستی پلە یەك لە قەڵەم دەدراین. ئێوە و حکومەتەکەتان دەڵێن کە ئەمانە هەمووی بڕوای ئێوە لاواز ناکات و کاری ئەوانە لەکەدار ناکات کـە پاشـەڕۆژی جیهان رەنگڕێژ دەکەن و سیستەمێکی نوێ بۆ جیهـان دادەنـێن و نیـشتمان بـۆ ئەوانـە دروست دەکەن کە نییانە. مەسـەلەیەکی حاشا هەڵنـەگرە کـەوا کـوردی سـتەملێکراو دەبێ بگاتە هیوا و ئاواتی خۆی لـەم چەرخەدا کـە بـە چـەرخی روونـاکی ناودەبرێـت و درەنگ بێت یان زوو دەبێ ئاواتەکانمان بەدەستبێنین. ئێمـە ئاگادارتـان دەکەینـەوە کـە دەبێ ئەو سیاسەتە چەوت و ناڕەوایـە بگۆڕن کـە حکومەتەکـەتان لـە شـەش مـانگی

رابـردوودا دژ بـە کـورد گرتوویەتیـە بـەر، بـێ ئـەوەی گـوێ بـە راسـتییەکان بـدات و مەسەلەکان ساغ بکاتەوە و پابەنـدی یاسا بێـت و ئـەمیش هـەروەك کابینـەی پێشوو دەکات کە لـە پێنـاوی پـشتگیری کردنـی جکومـەتی عـەرەبیی عێراقـدا خیانـەتی لـە مەسەلەی کورد کرد ـ "حکومەتی عەرەبیی عێراق" وەك رۆژنامەنووسان و راگەیانـدن ناوی دێنن، دید و بۆچوونی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەگوازێتەوە.

ئەو ناعەدالەتییەی کە ئیدارەی ئێستاتان دژ بە کوردەکان بەرپای دەکـات لـە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقەوە پێشینەی نـەبووە. ئێـوە خـەڵکی کوردتـان لـە کـەمپی کۆکردنەوەدا راگرتووە و بەند کـردووە و دوورتـان خستوونەتەوە و سـەدانی کارمەنـدی کوردتان لەوپەڕی باکوورەوە گواستووەتەوە بۆ ئەوپەڕی باشوور. ئـەم رەفتـارە تەنانـەت ئەو سەربازە سـادە و ساکارانەشـی گرتووەتـەوە کـە هـیچ شـتێك نـازانن لـە ملکەچـی بەولاوە و تاقە هۆکـاری بـژێویی مـاڵ و خێزانیـان ئـەو چـەردە مووچـە کەمەیانـە لـەم رۆژگـارە سـەخت و قورسـەی بـارودۆخی ئابووریـدا. باشـە کـێ بەرپرسـە لـە دەرد و مەینەتیی ئەم خەڵکە بێتاوانە. با جەنابتان و دوژمنانی مەسەلەی کورد باش بزانن کە کوردە چەکدارەکان، کەوا بە جوولەکە ناویان دەبرێت، وانەیەك لە برا بێ چەکەکانیانەوە فێربوون بە تۆڵەکردنەوە لەوانەی مامەڵەی خراپ دەکەن و نکووڵی لە مافەکان دەکـەن. سەرباری ئەوەش حکومـەت هـەر بـە گـۆترە ناوچـە کوردنـشینەکانی وەك قـەراج، کـە دەکەوێتە ناوجەرگەی کوردستانەوە بۆ خۆی قـۆرخ دەکـات. هەڵبـەتـە ئـەم ناوچـانە بـۆ چەندین پشتە جێنشینی کوردن و ئەم دەیانخاتە سەر لیوای مووسـڵ کـە عـەرەبـە. ئایـا ئەمە نموونەی نادادپەروەرییەکی ئاشکرا نیە کە پێچەوانەی هەموو یاسـا و ویـژدانێکی مرۆڤایەتیە؟ باشـە ئـەمـە جیاکارییـەکی ئاشـکرا و دزێـو نیـە لـە نێـوان بەرژەوەنـدیی هـەردوو میللـەتی کـورد و عـەرەبـدا کـە هـەردوکیان هـەمان مافیـان هەیـە بـە پێـی دەستوور؟ ئایا ویژدانی کابینەکەی ئەوە قبووڵ دەکات کە کورد لە خاك و وڵاتی خۆیـدا مامەڵەی خراپ بکرێت و خاکی خۆی لـێ زەوت بکرێت بە مەبەستی پشتگیری کردنـی ئامانجی وەزیرەکان و خزمەکانی مستەفا عومەریی وەزیری ناوخۆ؟ ئایا دەکرێـت کـورد لەم پێگە و دۆخەدا بمێنێتەوە؟ باشە بە سـەرهاتی مێـژوو هـیچ پەنـدێکی پـێ نیـە بـۆ خۆتان و کابینەکەتان؟ هەڵبەتە نابێ کورد هەرگیز ئەو رەفتارە ناشیرینانەی بیربچێتەوە کە کابینەکەی پاچەچی دەیکات و هەرگیز کورد پێشتر کـاری لـەو چەشـنەیان نـەدیوە،

تەنانەت لـە رۆژگـاری رەشـی رژێمـی عوسمانیـشدا. هـەموو ئـەو کوردانـەی لـە لیـوای هەولێردا دەژین، لە دەمی باوباپیرانەوە تـا ئێـستا دەبـێ شـەرەف و کەرامـەتی خۆیـان بپارێزین و تا دوا هەناسە بە جەستە و بە گیان بەرگری لە ناوچەی قەراج بکەن، چونکە شوێنەکە کەوتووەتە دەست ئەو ئاژاوەگێڕانەی کە رێزی یاسا ناگرن.

ئیمزا

پیاوماقووڵ و ئاغاکانی هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی ژمارە (٢) بۆ نامەی ژمارە: ٦٧٤

لە ٢٢/ مارت/١٩٤٥

**لە کۆمیسیۆنی ئەمریکییەوە، بەغدا**

## یاداشتێك لەبارەی مەسەلەی کوردەوە

**لە لایەن ئەفسەرێکی گەنجی کوردەوە لە سوپای عێراقدا هێنراوە بۆ کۆمیسیۆنی ئەمریکی.**

### کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کوردستان بڕبڕە پشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنێت و گەورەترین بەشی کەژ و چیاکانە کە لە دەریای رەشی نزیك قەوقازەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کەنداوی فارس و دەشتە بەپیتەکان لە رۆژئاوایەوە. کوردستان یەك گەلی تێدا نیشتەجێیە کە کوردن. کورد کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی هەشت ملیۆن، رەگەزێکی بوێر و کاران و لە نێو جوانترین نەریتیاندا دڵسۆزی و لێبووردەیی و خۆشویستنی ئازادییە و هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بوونی نەتەوەیی خۆیان لە وڵاتەکەیاندا پاراستووە.

کوردەکان بە رەگەز لە دراوسێکانیان جیاوازن و ئەوان بە شێوەیەکی جیاواز و لێکتر دابڕاو دەکەونە نێوان تورك (لە رۆژئاواوە)، رووسەکان (لە باکووری رۆژهەڵاتەوە)، فارسەکان (لە رۆژهەڵاتەوە) و عەرەب (لە باشوورەوە). گومانی تێدا نیە کوردستان کە بە ئاشکرا قەوارەیەکی جوگرافی، ئابووری و نیشتمانییە، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاشەڕۆژدا، لەبەرئەوەی لە پێگەیەکی ستراتیجیی بایەخداری نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدایە، بۆیە دەبێ رێگەی پێ بدرێت کە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و فاکتەرێکی سیاسیی جێگیر بێت، لە بری ئەوەی ببێتە مۆڵگەی ململانێ و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان وەك ئێستا.

لە تورکیا و ئێران و عێراقدا، کە کورد کەمینەی بەهێز و بەرچاویان تێدا پێکدەهێنێت، کاردانەوەیان بۆ ئەو ئیجرائاتانەی دەخوازن بە زۆر کورد بتوێننەوە ئەوە دەردەبڕن کە هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد

بەم ئاڕاستەیە چارەنووسی هەر شکست بووە. بەدەر لە ئەگەری لەدەستدانی شکۆ، تورك و ئێرانیەکان و عەرەب هەموویان وەك یەك سوودمەند بوون لە رووبەڕوو بوونەوەی ئەو راستییەی کە ناتوانن گەلی کورد بتوێننەوە و بە ملکەچبوون بەو هەنگاوانەی پەیڕەوی دەکرێن بۆ گۆڕانی کەمینەیەکی مایەی سەرئێشە بۆ دراوسێیەکی دۆست.

## سنووره ئیتنۆگرافییەکان

**لای رۆژئاواوە:** هێڵێك کە لە کورداغی (سوریاوە) دەست پێدەکات و بەلای باکووردا دەڕوات بەناو هەرێمەکانی کیلی، مەرەش، ئەلبیستان و دیڤریکدا بۆ رووباری کەلکیت. لای رۆژئاوای ئەم هێڵەشەوە لێرەو لەوێ تا کەنداوی ئەسکەندەرونە نیشتەجێی کورد هەن.

**لای باکوورەوە:** هێڵێك بە لای رووباری کەلکیتدا بەرەو رۆژهەڵات بە شارەکانی بایبێرت و ئۆڵتیدا بەرەو قارس. لە باکووری ئەم هێڵەوە لێرە و لەوێ نیشتەجێی کورد هەن تا دەگاتە دەریای رەش لە نزیك تەرابزوون.

**لای رۆژهەڵاتەوە:** هێڵێك لە قارسەوە بە ئاڕاستەی رۆژهەڵاتدا و پاشان بە کەناری رۆژئاوای گۆلی ورمێ و لوڕستان و وڵاتی بەختیاریدا دەڕوات بۆ سەحنە و کرماشان.

**لای باشوورەوە:** لە خوارووی لوڕستانەوە هێڵێك بە باکووری رۆژئاوادا دەڕوات بە خانەقین و کفریدا بۆ جەبەل حەمرین و لەوێوە بەرەو رۆژئاوا بەرەو باشووری چیای سنجار بۆ فورات لە لای جەرابلس.

## سنووره سیاسییەکان

لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کوردستان لە نێوان تورکیا و ئێراندا دابەش بووبوو، لەگەڵ کۆمیونیتییەکی بچووکی کورد لە رووسیادا. کۆنفرانسی ئاشتی و رێککەوتننامەی جۆراوجۆر لەگەڵ تورکیا ئەنجامی ئەوەیان لێکەوتەوە کە کوردستان لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و رووسیادا دابەش ببێت. لە رووسیادا تەنیا سەد و شەست هەزار کورد هەن کە ئازادیی فەرهەنگیی تەواویان هەیە لەگەڵ پشتگیرییەکی کارای حکومەتدا.

تیلماسکێکی باشووری کوردستانی تورکیا لە رۆژئاواوە خراوەتە سەر سوریای ژێر ئینتیدابی فەرەنسا.

سنووری نێوان تورکیا و عێراق "ناوجەرگەی مێژوویی کوردستان دەکاتە دوو بەشەوە و دەرفەتی گەشەکردن و پەرەسەندنی بۆ خێڵە کوردەکان نەهێشتووەتەوە بۆ نیشتمانێکی نەوەکانی داهاتوو". (ئینسکلۆپیدیای بریتانی، بەشی ١٤، ART، مووسڵ)

## جیۆگرافیای سروشتی و سەرچاوە سروشتییەکان

کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی شاخاوییە، بەڵام دۆڵ و پێدەشتی گەورە لەخۆ دەگرێت. لەوانە دەشتەکانی دیاربەکر، پاسن، موش، خەرپووت، جزیرە و دۆڵەکانی دیجلە و فورات و لق و زێکانیان. هەروەها کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی وڵاتێکی کشتوکاڵییە و هەموو جۆرە دانەوێڵە و کەتان و توتن و کونجی و بەرهەمی سەوزەواتی جۆراوجۆر و بادەم و هەنجیر و هەنار و گوێز و زەیتون و سێو و هەرمێ و قەیسی و قۆخ و هەڵوژە و گێلاس و ترێ و توو..تاد بەرهەم دێنێت. هەروەها وڵاتەکەش دەوڵەمەندە بە سامانی ئاژەڵ و لەوەڕگا و پاوانی باشی تێدایە.

سەرچاوە کانزاییەکان بە کەمی سوودیان لێوەرگیراوە، بێجگە لە مس لە نزیك دیاربەکر و پیترۆڵ لە باشووری کوردستان، ئاسن و تۆتیا و قیر و سولفەر و قورقوشم و زیویش بە بڕی زۆر لە کوردستاندا هەن. هەروەها گەلێ کارگەی چنین لە سەنتەرە گەورەکاندا هەن و پیشەسازیی ماڵان زۆر بەربڵاوە وەك: چنین (خوری، لۆکە، کەتان و ئاوریشم)، فەرش و قاڵی، کاری چەرم و پێستە، کاری زیوگەری، ئامرازەکانی (ئاسن و پۆڵا و مس).

## شارەکان

نزیکەی بیست شار کە تێکڕا دانیشتوانی هەر یەکەیان ٣٠ ـ ٥٠ هەزار دەبێت و گرنگترینی ئەمانە لە تورکیا: دیاربەکر، ماردین، خەرپووت، مەلاتیە، ئەرزڕووم، ئەرزنجان، مووش، ڤان، بەتلیس، خۆزات، مادن، جەزیرەی ئیبن عومەر. لە ئێران: سابڵاغ، سەقز، سنە، کرماشان. لە عێراق: سلێمانی، کەرکووك، زاخۆ، رەواندز، کۆیسنجاق.. تاد.

## دانیشتوان

هیچ هەوڵێکی راستگۆیانە نەدراوە، نە لە لایەن حکومەتەکانی تورکیا و نە لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەوەی ئامارێکی تەواوی کوردەکانی وڵاتی خۆیان بە دەستبێنین و هیچ زانیارییەکی بڵاوکراوەیان نیە لەم رووەوە و ئەمەش رەنگدانەوەی مەیلی بە کەمگرتنی کێشەی کوردە. ئەم ژمارانەی لە خوارەوە هاتووە بە نزیکین و بەڵام بە دڵنیاییەوە مەزەندەی زیادەڕۆ نین:

| | |
|---|---|
| لە تورکیا | ٣,٨٠٠,٠٠٠ کورد |
| لە ئێران | ٣,٠٠٠,٠٠٠ کورد |
| لە عێراق | ١,٠٠٠,٠٠٠ کورد |
| لە سوریا | ٢٥٠,٠٠٠ کورد |
| لە رووسیا | ١٦٠,٠٠٠ کورد |
| **کۆی گشتی لە کوردستان** | **٨,٢١٠,٠٠٠ کورد** |

هەواڵنامەی کتێب

بەدەر لەو گرووپە بچووکانەی لە پشتی سنوورە جۆراوجۆرەکانەوەن، دانیشتووان هەمەچەشنەن و کەمینەکان بە ژمارە کەمن و بەم شێوەیەی خوارەوە مەزەندە دەکرێن:

| | | |
|---|---|---|
| ئاشوورییەکان | | ٣٥,٠٠٠ |
| سریان | | ١٠,٠٠٠ |
| کلدان | | ٥,٠٠٠ |
| جوولەکە | | ٣,٢٠٠ |
| ئەرمەن | | ٢,٥٠٠ |
| چەرکەس | | ١,٨٠٠ |
| یۆنانی | | ١,٥٠٠ |
| **کۆی گشتی** | | ٥٩,٠٠٠ کەس |

هەواڵنامەی کتێب

دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە بە درێژایی سەدەکان کورد پەیوەندیی باشیان هەبووە لەگەڵ دراوسێ کریستیانەکانیان و لە نزیکەوە هەماهەنگییان لەگەڵ کردوون لە بەرگریکردنی چەوسێنەرەکاندا.

وەك ئەنجامێك بۆ راگواستنی بەرفراوان لە لایەن تورك و ئێرانیەکانەوە، گرووپ و کۆلۆنیی گەورەی کورد هەن لە دەرەوەی کوردستاندا، لە ناوجەرگەی تورکیاو ئێرانداو ئەمانە ناکەونە ناو مەزەندەکانی ئێمەوە.

## رەگەز و زمان

کورد بە رەگەز و زمان دەچنەوە سەر رەگی هیندۆ ـ ئەورووپی. لە ئێستادا گەلێ هەوڵ و تەقەلا لە لایەن تورك و ئێرانی و عەرەبەکانەوە دەدرێت بۆ سەپاندنی زمانەکانی خۆیان بە سەر کورددا، بەڵام شکستی هێناوە. تەنانەت لە شارەکانیشدا کوردەکان بەردەوامن لە سەر بەکارهێنانی زمانی خۆیان لە ماڵدا، بێجگە لە شار و

سەنتەرە بەرچاوەکانی تورکیا کە بە زەبری توندوتیژی ناچاریان کردوون زمانی تورکی بەکاربێنن، چونکە بە یاسا زمانی کوردییان قەدەغە کردووە. هەروەها بێجگە لە چەند قوتابخانەیەکی کەم لە زمانی کوردی لە تاقە ناوچەیەك لە عێراقدا، قوتابخانە بە زمانی کوردی لەو ولاتە و لە سوریادا بە زمانی عەرەبین و بەو پێیە تەنها کەسی عەرەبی زمان لە گونددا مامۆستایە.

لە چوار ولاتی جیاوازدا مندالانی کورد ناچار دەکرێن بەو زمانە بخوێنن کە هەرگیز دواتر لە ژیاندا بەکاریان ناهێنن. لە عێراق و لە سوریا، بەهۆی هێزەکانی ئینتیدابەوە چالاکیی فەرهەنگی و رۆشنبیری تایبەتی کورد قەدەغە نەکراون. لەم ولاتانە و لە رووسیادا گەلێ چاپەمەنیی کوردی هەن کە لە نێوانیاندا گۆڤاری وەرزیی هاوار و رۆژنامەی رێیا تازە لە رووسیا دەردەچن و نزیکەی سەدوپەنجا بەرگ لەم ژمارانە لە بیست سالی ئەم دواییەدا دەرچوون و هەموویان بە ئەلفوبێی لاتینی بلاوکراونەوە.

## ئاین

بێجگە لە ژمارەیەکی کەم کە لە سەر لقێکی ئاینی زەردەشتی کۆن ماونەتەوە (کە ئەوانیش ئێزیدییەکانن)، کوردەکان مووسلمانی موحەممەدین و زۆرینەیان سوننە مەزهبن. ئەمان تا ئێستا بنەما مرۆڤدۆستییە کۆنەکەی باوەڕی جارانی زەردەشتییان تێدا ماوەتەوە و گەلێ شوێنەواری لێ ماوەتەوە. ئەوان لەم رووەوە لێبوردەن و زۆر جیاوازن لە دراوسێ موحەممەدییەکانی تریان.

تورك و ئێرانی و عەرەبەکان دەیانەوێت لە سەر بنەمای هاوئاینی کوردەکان بتوێننەوە. بەلام هێزی راستەقینەی کاریگەر لەم ولاتانەدا ناسیۆنالیزمی یەکتر قبوول نەکردووە و هەوڵ و کۆششی ئەوەیانە کە بە زەبری هێز کورد بتوێننەوە و ئەمەش تا بێت پەرەدەسێنێت لەگەڵ گەشەکردنی مەیل و ئاڕاستەی شۆڤێنیستانەیاندا.

## مێژوو

لە تۆمارە سۆمەرییەکاندا بەلگەی ئەوە هەیە کە لە نزیکەی سالانی دوو هەزاری پێش زایندا خێلە کوردەکان ناوجەرگەی کوردستانیان داگیرکردووە. ئەمانە بە شەڕکردنی بەردەوام لەگەڵ دراوسێ بەهێزەکانیان ـ وەك: بابلییەکان، حیتییەکان و ئاشوورییەکان ـ هەرگیز بۆ ماوەی دوورودرێژ ملیان نەداوە بە داگیرکەرانیان. ئەوان

یارمەتیی کۆرشیان داوە لە داگیرکردنی نەینەواو بابلدا. لە ماوەی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشیی ئێراندا ئیمتیاز و بایەخی خۆیانیان هەبووە و پاسەوانی باوەڕپێکراوی پەرستگا زەردەشتییەکان بوون. زینۆفۆن لە کشانەوەیدا بەرەوڕووی بەرهەڵستکاریی کوردەکان بووەتەوە. هەڵبەتە سلوقیەکان بە سەرکەوتوویی بەرگرییان کردووە و کوردەکانیش دەسەڵاتدار بوون لە ژێر رکێفی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا. دواتر سەردەمی داگیرکردنی عەرەب و خێڵە تورکەکان هاتووەتە پێشەوە و وڵاتەکەیان سەرلەبەر کاول و خاپوور کردووە. سەڵاحەدینی مەزن کە سوارچاکی بەرهەڵستکاری ریچاردی شێردڵ بووە، کوردێك بووە کە زۆربەی خێڵە کوردەکانی لە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا یەکخستووە.

مێژووی نوێ لە سەر ئەوە کۆکە کە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە بووە، کە یەکەم خەلیفەی عوسمانی بووە بە سیاسەتی پان ئیسلامی ناوی دەرکردووە. سەلیم بە یارمەتیی مێژوونووسی کورد ئیدریسی بەدلیسی هاوکاریی میرنشینە کوردەکانی بە دەستهێناوە لە جەنگی سەرکەوتوویدا دژ بە ئێرانییەکان. ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە پاشان بنەمای رێککەوتنێکی لە سەر دارێژرا کە تێیدا میرە کوردەکان لە ژێر سایەی سوڵتاندا مافی سەربەخۆیی خۆیان لە هەرێم و خاکی خۆیاندا بەدەستبێنن. لێرە بەدواوە کوردەکان لە تەواوی جەنگەکانی سوڵتانەکاندا بەشدارییەکی دڵسۆزانەیان دەکرد، بەڵام پەرەسەندنی تورکیا لە کۆنفیدراسیۆنێکی ویلایەتە فیوداڵەکانی ژێر رکێفی عوسمانییەوە بۆ دەوڵەتێکی نیشتمانیی ــ نەتەوەیی کاریگەرییەکی کوشندەی هەبوو بە سەر پەیوەندییەکانی تورك و کوردەوە. دواتر عوسمانییەکان وردە وردە پاشگەز بوونەوە لە مافەکانی کورد لە یەکەم ئاراستەیاندا دژ بە میرە کوردەکان و دواتر، بە پێوەرێکی گەورەتر، دژ بە گەلی کورد بە گشتی و بەرەو ئەو خەباتەی برد کە تا رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامە.

یەکەم قۆناخ، تێکشکاندنی سەربەخۆیی میرنشینە کوردەکان، کە تا ساڵی ١٨٤٧ ی خایاند و ئەو ساڵە بوو بە مۆرکی کۆتایی دوا میرنشینی کورد کە بۆ ماوەی پانزە ساڵ بەرگریی لەشکر و سوپای تورکی کرد. لە ساڵانی ١٨٧٩و١٨٨٦ یاخیبوونی توند بەرپاکراو (لە لایەن هەردوك تورکیا و ئێرانەوە سەرکوتکران و لەناوبران)، بە هەمان شێوەش لە ساڵانی ١٨٨٩و١٩١٣دا. لە پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان و بە

شێوەیەکی زیاتر لە سەردەمی ڕژێمی کەمالیستەوە، تورکەکان هەوڵ و کۆششی خۆیان زیاتر وەگەڕخستووە بۆ تواندنەوە و تێکشکاندنی میللەتی کورد. زیاد لەوەش، لە ساڵی ١٩٢٥ وە هەماهەنگی و هاوکاریی نزیك هەیە لە نێوان هەردوو حکومەتی تورکیا و ئێران لە سیاسەتیاندا سەبارەت بە کورد. لەو ساڵەدا سەرکردە کوردەکان لە لایەن تورکەکانەوە کۆمەڵکوژ کران و لە لایەن ئێرانیشەوە زیندانیی کران. هەروەها عێراقیش دایە پاڵ پەیماننامەی سەعدابادی نێوان تورکیاو ئێران.

سیاسەتی نوێ خۆی لە دەربڕینی ئیجرائاتی تا ئەمڕۆ نادیاردا دەبینێتەوە. لە تورکیادا قەدەغەکردنی تەواوی زمانی کوردی و ئەو ئاستە گەورەیەی ڕاگوێزان سێ یاخیبوونی چەکدارانەی لێکەوتەوە لە ساڵانی ١٩٢٥ـ ١٩٢٨ و ١٩٣٠ و ١٩٣٧ـ ١٩٣٨دا، کە هێندە گەورە و کاریگەر بوون کەوا تورکەکانی ناچار کرد تەواوی فەیلەقەکانی سوپا و هێزی ئاسمانییان بۆ بخەنە کار. لە عێراقیشدا هەوڵی سەرکوتکەرانەی عەرەبەکان لەم ساڵانەدا یاخیبوونی لێکەوتەوە.

## هەڵوێستی نێودەوڵەتی

جەنگی گەورەی ساڵانی ١٩١٤ـ ١٩١٨ سەردەمێکی بەتایبەتی سەخت و دژوار بوو لە تورکیادا، نەك تەنها بۆ کوردەکان کە بەکۆمەڵ لەناوبران لە میانەی ڕاگواستنیاندا، بەڵکو بۆ کەمینەکانی تریش کە لە ڕووی پراکتیکییەوە قڕکراون.

هێزە هاوپەیمانەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بە تەواوی درکیان بەوە دەکرد کە چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد پێویست بوو، هەروەها وەفدێکیش نوێنەرایەتیی میللەتی کوردی دەکرد بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ شەریف پاشا.

## پەیماننامەی سیڤەر

لە پەیماننامەی سیڤەردا، کە ١٠/ ئاب/١٩٢٠ مۆرکرا، هێزە گەورەکان و تورکیا دانیان بە مافە بنەڕەتییەکانی میللەتی کورددا نا (پەیماننامەی سیڤەر، بڕگەی٣، کوردستان، بەندەکانی٦٢، ٦٣، ٦٤). بەندی٦٤ دانی بە مافەکانی کورددا ناوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و مافیشیان بۆ یەکخستنی بەشە جیاوازەکانی کوردستان. بەڵام مەرجەکانی پەیماننامەی سیڤەر هەرگیز جێبەجێ نەکران.



هەولێرمەی کتێب

هەڵگەڕانـەوەی کەمالیـستەکان لـە پەیماننامـەی لۆزانـدا لـە لایـەن هێـزە گەورەکانەوە سەلمێنراو جیهانێکی بێباك هەروا لێگەڕا کوردستانێکی بەشکراو ببێتە نێچیری خولیاو مەرامەکانی ناسیۆنالیستی تورك و فارس و عەرەبەکان.

## باری ئێستا و داهاتوو

فشاری زیاد و بەردەوام لە سەر کورد لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا بۆ سەرکوت کردنیان وەك میللەت بە تەواوی شکستی هێنا. تاقە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی لەگەڵ یەکێك لە کۆنترین گەلانی دنیادا درا مەینەتی و وێرانکاری و خوێنڕشتنی بێ کۆتایی لێکەوتەوە.

لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی ئێستا هیچکام لە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان بە بێباکی نامێنێتەوە لـە ئاست دامەزرانـدنی ئاشتیی بەردەوام لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام ئاشتییەکی لەو چەشنە بەرقەرار نابێت تا میللەتێکی بەهێز و کۆڵنەدەر، لـە یـەکێك لـە بایەخدارترین شوێنی ستراتیجیی جیهاندا مابێتەوە وەك نێچیری هێزە رووخێنەرەکان و وەك بەهانەیەك بۆ هەڵگیرسانی ئاگرێکی گەورەی پاشەڕۆژ دەمێنێتەوە.

شتێکی ئاسان نیە پێشبینیی وێنەی تەواوی ئەو فۆرمە کۆتاییە بکەیت کە سەرلەنوێ بووژانەوەی میللەتی کورد بەرەو کوێ دەڕوات. بەڵام یەکەم قۆناخی ئەو بووژانەوەیە لەوە کەمتر ناداتە خەڵکی کورد کە جەختکردنەوە بێت لە سەر ئەو مافانەی بیست ساڵ لەمەوپێش لە پەیماننامەی سیڤەردا نەخشەیان بۆ کێشرابوو. گەورە هێزەکانی دیموکراتی لە پاش جەنگی ئەم دواییە شکستیان هێنا لە هەوڵ و کۆششیاندا بۆ گێڕانەوەی مافەکانی کوردو ڕێگرتن لە قڕکردنیان لە ڕێگەی پیلانگێڕیی سیاسییەوە.

هەمان شکست بەرەوڕووی هاوپەیمانان بووەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر پەنا ببەنەوە بەر چەك لە پێناوی دادپەروەریدا. ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی شکست نەخواردوو ببێتە هۆی چارەسەرێکی چەسپاو بۆ یەکێك لەو دزێوترین هەڵانەی مێژوو شایەتحاڵێتی، بەوەی پێگەیەك بدرێتە کورد لە نێوان گەلانی ئازاددا شیاوی بێت.

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
# کۆمیسیۆنی ئەمریکی

بەغدا، ١١/ نیسان/ ١٩٤٥

(نهێنی)

ژمارە: ٦٩٨

**بابەت: سەرکردە ئاشوورییەکان داوای مافی ئەوە دەکەن کە بە رەسمی کێشەی میللەتی ئاشووری بدرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن**

**گەورەم:**

خۆم بە شەرەفمەند دەزانم کە ئەم یاداشتەتان لەبارەی"کێشەی ئاشوورییەوە" بۆ بەرزبکەمەوە. یاداشتەکە دراوە بە هاوڵاتییەکی ئەمریکی کە بە شێوەیەکی کاتی نیشتەجێی بەغدایەو لە لایەن گرووپێك لە سەرکردەی ئاشوورییەکانەوە بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەیەنرێتە مستەر هەندرسن چەند رۆژێك لە پێش رۆیشتنەوەی جەنابی وەزیر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. کۆمیسیۆنەکەمان بە متمانەوە رایدەگەیەنێت کە "ئەم راگەیاندنەی کێشەی ئاشوورییەکان بەرهەمی راوێژکارییەکی دووردرێژ و رێککەوتنی کۆتایی زۆرینەی ئاشوورییەکانی عێراقە کە زۆر نابات و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە سەرکردەی میللەتەکەیان".

یاداشتەکە بە دووردرێژی باس لەو خزمەتگوزارییانەی رابردوو دەکات کە ئاشوورییەکان لە هەردوو جەنگی جیهانیدا پێشکەشی بریتانیایان کردووەو داوای ئەوە دەکەن کە ئاشوورییەکان بە گەلێکی جیاکار و جیاواز دابنرێت و تکاکاری ئەوەن کە

ڕێگەیان پێبدرێت نوێنەرانی کۆمیونیتیی ئاشوورییەکان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکان دابمەزرێنن بۆ خستنەڕووی کێشەکانیان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

بە پێی بنەمای راستییە مێژووییەکان و زانیاریی لەم چەشنە کە بۆ ئەم کۆمیسیۆنە دەرەخسێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ چاودێرانی راهێنراودا و لەگەڵ سەرکردە ئاشوورییەکان و عێراقیەکاندا، ئەوە دەکرێت کێشەی ئاشووری لە عێراقدا بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

١. رق و کینەیەکی قووڵ و بێمتمانەیی هەیە لە نێوان خەڵکی ئاشووری و موسڵمانە عەرەبە عێراقییەکاندا.
٢. لەبەرئەوەی ئەم رق و کینە دوولایەنە بە هۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤١وە چڕبووەتەوە، ئاشوورییەکان ئێستا زیاتر لە ساڵانی پێشوو یەکگرتووترن.
٣. ئاشوورییەکان لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا کە خزمەتی گەورەیان بە بریتانیا کردووە، هەستێکی بەهێزیان لا دروستبووە کە دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان پێزانینی خۆیان بۆ ئاشوورییەکان دەرببڕن بە گەڵاڵە کردنی هەندێ چارەسەر بۆ کێشەی ئاشووری کە سەلامەتی و یەکگرتنی ئەو گەلە مسۆگەر بکات.
٤. زۆرینەی ئاشوورییەکانی عێراق دەخوازن کۆچ بکەن بۆ وڵاتە مەسیحییەکان.

کەم نین هۆکارەکانی رق و کینەی نێوان ئاشووری و عەرەبە موسڵمانەکانی عێراق و بەرچاوترینیان ئەو چالاکییانە بوو کە ئاشوورییەکان لە هەردوو جەنگی جیهانیدا ئەنجامیاندابوو بێجگە لە پشتگیریی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٤دا دژ بە تورکەکان و غەیرە نیزامییە عێراقییەکانی سوپای تورك، لە ساڵی ١٩٢٣شدا دژ بە کوردەکان (راستتر ساڵی ١٩٣٣بوو ــ وەرگێڕ). لە ساڵی١٩٤١یشدا دژ بە سوپای نیزامی عێراق، کە لیڤییە ئاشوورییەکان، کە ژمارەیان نزیکەی ٨٠٠ کەسێك دەبوو، زیانی قورسیان بە سوپای عێراق گەیاند کاتێ ئەم سوپایە هێرشی کردە سەر فڕۆکەخانەی بریتانی لە حەببانیە لە مایسی١٩٤١دا و بێجگە لەوەش لیڤییەکان گەلێ لە زیندانیە عێراقیەکانیان کوشت، لەوانەی کەوتبوونە دەستیان لە ماوەی یاخیبوونی ساڵی١٩٤١دا. خێزانی ئەو سەربازە عێراقیانە کە لەم ڕووداوەدا کوژراون



هەولێرنامەی کتێب

دەڵێن کە هەست بە رق و کینەی شەخسی دەکەن لە بەرانبەر ئاشوورییەکانداو بڕیاریانداوە هەر هەل و دەرفەتێکیان بۆ هەڵبکەوێت تۆڵەیان لێبکەنەوە.

هەروەك ئەم دەزگایە ئاگادارە کە نەستوورییە ئاشوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی مار شەمعون، دەسبەجێ پاش ئەوەی عێراق بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ، داوای شێوە ئۆتۆنۆمییەکیان کرد بۆ گەلی ئاشووری لە عێراقدا. لە یاخیبوونی ئاشوورییەکاندا بەدوای ئەوەی کە حکومەتی عێراق رازی نەبوو حاڵەتێکی تایبەت ببەخشێتە ئاشوورییەکان و هەوڵدانی حکومەت بۆ چەککردنیان، گەلێ کارو کردەوەی ترسناك لە هەردوولاوە بەرپاکرا. بەو رەنگە رق و کینەی دوولایەنەی ئێستا کە زیادی کردووە و چڕبووەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. لێڤییەکان پۆشتەو پەرداختر بوون و مووچەیان لە سەربازە عێراقییەکان زیاتر بوو، بۆیە ئەمانیش زۆر رقیان لێیان دەبووەوە. لێڤییەکان بە کەشوفش و لەخۆباییبوونەوە لە شەقامەکانی بەغدادا خۆیان دەنواندو پەڕیان کردبوو بە شەپقە رازاوەکانیانەوە و لەولاشەوە هێزەکانی عێراق کە لە بەراورددا هەژارتر بوون و بە شێوەیەکی سروشتی هەستیان بە ئێرەیی دەکرد و لەو بارودۆخە تووڕە بوون.

بە هەڵکشان بۆ ساڵی ١٩٤١، گەلی ئاشووری لە عێراقدا یەکگرتوو نەبوون و جیاوازیی بەرچاو هەبوو لە بیروڕادا لە نێوان نەستوورییەکان، کە ناسیۆنالیستی ئاشووری بوون و باوەڕی قووڵ و تەواویان بە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی هەبوو بۆ ئاشوورییەکان و پرۆتستانەکان (کە نەستووری نەبوون)و کەمتر حەزیان بە تێکۆشان دەکرد بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی ئاشووری و بەگشتی باوەڕیان وابوو کە بۆ ئاشوورییەکان گونجاوترە بە هاووڵاتیی دڵسۆزی عێراق بمێننەوە. بەهەرحاڵ، بەدوای راپەڕینی عێراقیەکان لە ساڵی١٩٤١دا و کاتێ کە لێڤییە ئاشوورییەکان، وەك لە سەرەوە باسکرا، ئەو رۆڵە گرنگەیان بینی لە پاراستنی بنکە و بارەگاکانی بریتانییەکان لەم وڵاتەداو شکستهێنانی نەخشە و پلانی حکومەت و سوپای عێراق، هەردوو تایفە ئاینیەکەی ئاشوورییەکان زیاتر لە یەك نزیکبوونەوە لەبەرانبەر گەورەبوون و تەشەنەسەندنی رقئەستووریی مووسڵمانە عەرەبەکان لە دژیان، سەرباری هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ تێکدانی یەکێتیی ئاشووری بە هۆی یارمەتیدانی مادديی چەند سەرکردەیەکی غەیرە نەستووری. لە حاڵی حازردا دەگونجێت بڵێین کە زۆربەی زۆری

گەلی ئاشووری لە عێراقدا وا هەست دەکەن کە دەبێ جیاوازی و ناکۆکییەکانیان بخەنەلاوە و پێکەوە کار بکەن تاوەکو عێراقییەکان بەگشتی و سوپای عێراق بە تایبەتی نەتوانن ناکۆکی بخەنە نێوان نەستووری و پرۆتستانتە ئاشوورییەکانەوە و دەبێ ئەوان وەك گەلێکی یەکگرتوو داواکارییەکانیان بدەنە بریتانیاو زلهێزەکانی تر بۆ پاراستن و مسۆگەرکردنی سەلامەتی و ئاسایشی پاشەڕۆژیان.

ئاشوورییەکان بێ هیچ مەرجێك لە ساڵی ١٩١٤وە خزمەتی گەورەی بریتانییەکان و هاوپەیمانەکانیان کردووەو بەگشتی ئەوە سەلمێنراوە کە لێڤییە ئاشوورییەکان بوون قورسایی هێرشی سوپای عێراقیان لەئەستۆ بوو بۆ سەر فڕۆکەخانەی حەببانیە لە ساڵی١٩٤١دا و چالاکانە ئەو بنکە بایەخدارە ستراتیجییەی بەرگریی بریتانیایان پاراست و پێدەچێت بەو کارە گەورەترین شکست و سەرشۆڕییان لە پێگەی بریتانیا لادابێت لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە کاتێکدا کە بەختی ئەڵمانەکان لەوپەڕی هەڵکشاندابوو. پێدەچێت یاداشتی هاوپێچ زۆر زیادەڕۆیی کردبێت لەو یارمەتیانەی کە ئاشوورییەکان داویانە بە بریتانییەکان و هاوپەیمانانیان لە سی ساڵی رابردوودا، بەڵام ئەو راستییە هەروەکو خۆی ماوەتەوە کە ئاشووریەکان وا هەست دەکەن ناعەدالەتییان بەرانبەر دەکرێت و لەبەرانبەر ئەو دڵسۆزییەی بۆ ئینگلیزیان نواند لە رۆژە سەخت و ناخۆشەکاندا بە رەوای دەزانن و وا چاوەڕوان دەکەن کە بریتانیاو ئەندامانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ گوێ لە کێشەی ئاشووری بگرن و جۆرە چارەسەرێکیان پێبێت کە یەکێتی و سەلامەتیی گەلی ئاشووری مسۆگەر بکات.

کۆدەنگییەکی گشتی هەیە لە ناو ئاشوورییەکاندا کەوا ئەگەر بریتانییەکان هێزەکانیان لە عێراق بکشێننەوە بێئەوەی شتێکی کاریگەر بکەن بۆ سەلامەتیی هاوپەیمانە ئاشورییەکانیان، کە زیاتر بێت لەوەی لە ساڵی١٩٣٢دا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە کرا، ئەوە عێراقییەکان بە هەر رەنگێك بووە تۆڵەی خۆیان لە ئاشوورییەکان دەکەنەوەو هەوڵدەدەن ئەو خەڵکەی کە ماوەتەوە وەك گرووپێکی نیشتمانی لەم وڵاتەدا لەناویان ببەن.

گەلێك لەو ئاشوورییانەی موڵك و سامانی بەرچاویان هەیە لە عێراقدا زۆر قورسە لەلایان ئەم وڵاتە بەجێبێڵن و هەندێکیان گوزارش لەو رایە دەکەن کە پێیان خۆشە بمێننەوە ئەگەر دڵنیا بکرێنەوە کە لە لایەن بریتانییەکانەوە دەپارێزرێن.

بەهەرحاڵ، ئەم گرووپە تەنها کەمینەیەکی بچووکن، چونکە زۆربەی سەرکردە ئاشوورییەکان بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەن کە ناتوانن پشت بە پارێزگاریی بریتانییەکان ببەستن.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی کە کوردەکان لە ئێستادا کار بۆ حاڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن، هەندێك قسە لە سەر ئەوە دەکەن کە ئاشوورییە عێراقییەکان بخرێنە سەر دەوڵەتێکی نوێی کوردیی سەربەخۆ (بڕوانە نامەی هاوپێچی کۆمیسیۆن بە ژمارە(٦٩٧) لە ١٠/ نیسان/١٩٤٥دا). هەڵبەتە لەو سۆنگەیەوە کە کورد و ئاشوورییەکان هەرگیز هەستی گەرموگوڕی دۆستایەتیی یەکتریان پیشان نەداوە لە رابردوودا ــ چونکە لە راستیدا ئەوە لێڤییە ئاشوورییەکان بوون کە لە ساڵی١٩٢٣دا شێخ مەحموودی کوردیان بەزاندو بەو پێیە بۆ ماوەی چەندین ساڵ هیواو ئاواتی سەربەخۆیی کوردیان تێکشکاندو کوردستانیان بۆ عێراق هێشتەوەو ــ بەم چەشنە ئەوپەڕی کۆسپ و گرفت دروست دەبێت بۆ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و ئەم چارەسەرە بۆ کێشەی ئاشووری پێدەچێت تەنها تیۆری بێت.

زۆربەی چاودێران لێرە کە ئاگاداری مەسەلەی ئاشوورین، دەڵێن: باشترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە گواستنەوەی تەواوی ئاشوورییەکانی عێراقە بۆ وڵاتێکی تر کە لانی کەم زۆرینەی دانیشتووانی مەسیحی بن. تا ئێستا قسە و باس لە سەر ئەوەیە کە ئاشوورییەکان لە سوریا نیشتەجێ بکرێن، بەڵام لەوکاتەوە کە دان بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا نراوە گەلێك لە ئاشوورییەکان ئەو بیروبۆچوونە دەردەبڕن کە ئەگەر بچنە سوریا گۆڕانێکی بنەڕەتییان بە سەردا نایەت. لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی کە هەر بە کەمینەیەکی مەسیحی دەمێننەوە لە وڵاتێکدا کە مووسڵمان تێیدا باڵادەستە. تەنانەت هەندێ لە ئاشوورییەکان لەوانەی کە پێشتر چووبوون بۆ سوریا گەڕاونەتەوە بۆ عێراق.

رووداوە مێژووییەکان لەم سەدەیەدا هەندێك بارودۆخی وای دروستکردووە کەوا گەلی ئاشوورییان کردووەتە ئامرازی نموونەیی بۆ سیاسەتی ئیمپراتۆرێتی بریتانیا. عێراقییەکان کە رقیان لە "ئیمپریالیزمی بریتانی" و پێگەی تایبەتی بریتانیایە لە عێراقدا، بە شێوەیەکی سروشتی بەشێك لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بریتانیا دەخەنە ئەستۆی ئاشوورییەکان. لەبەرانبەردا ئاشوورییەکانیش هەست بەوە دەکەن کە

کۆچکردن لە عێراق یان هەر وڵاتێك کە ئیسلام تێیدا باڵادەست بێت مەسەلەیەکی پێویستە.

ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

کاربەدەستی بەرپرس
والّتەر دەبلیو. بیرگ
سکرتێری سێیەمی کۆمیسیۆن

فایلی ژمارە: ٨٠٠
WWB: agr

هاوپێچ:
یاداشتێك بە ناونیشانی "کێشەی ئاشووری".

هەواڵنامەی کتێب

**پاشکۆی ژمارە (١) بۆ نامەی ژمارە: ٦٩٨**
**لە ١١/ نیسان/ ١٩٤٥**
**لە کۆمیسیۆنی ئەمریکییەوە لە بەغدا**

**(کۆپی)**

# کێشەی ئاشوورییەکان

لە هەموو ئەو وتارە گشتییانە و راگەیاندنە فەرمییانەی لە وتەبێژانی هاوپەیمانانەوە دراون، لە سەرەتای ئەم جەنگەی ئێستاوە سیاسەتی ئاشکرای حکومەتەکانی هەموو نەتەوە یەکگرتووەکان وای تێدەگەین کە هاوکاریی بێت بۆ دامەزراندن و بەردەوامی پێدانی ئاشتی و ئاسایشی جیهان. هێزە هاوپەیمانەکان بیروبۆچوونی خۆیان ئاشکرا کردووە لەمەڕ زەرووەرەتی دامەزراندنی دامودەزگای بەتواناو گونجاوی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری لەبار بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی دنیا بە جۆرێك کە لە داهاتوودا هەموو هۆکارەکانی جەنگ نەهێڵرێت. بەم ئامانجە تایبەتە هێزە هاوپەیمانەکان خزمەتگوزارییەکانی تەواوی پسپۆڕان بەکاردەهێنن لە پێناوی ئامادەکردنی نەخشە و پلانی بەرفراوان بۆ جێبەجێکردنی چەکداماڵین و تێکشکاندنی تەواوی میلیتاریزمی دەستدرێژیکاری ئەو دەوڵەتانەی کە هێزە چەکدارەکانیان پشتگیریی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتەکانیان دەکەن کە نیازیان قڕکردن و کۆیلەکردن و زاڵبوونە بە سەر وڵاتان و میللەتانی لاواز و بێ دیفاعدا. هەروەها مەبەستیش رزگاربوونە لە فاشیزم و نازیزم و هەموو رژێمە هاوشێوەکانیان پێکەوە لەگەڵ هەواخواکانیان و شوێنکەوتووانیان و هاوکارانیان کە پاڵپشتی تەوەری سیاسەتیانن و جێگرتنەوەیان بە حکومەتەکانی دیموکراتی و ئاشتیخواز. هەروەها بەنیازیشن پێوەرێکی ورد دابنێین بۆ

قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی جەنگ کە دەوڵەتە دەسدرێژکارەکان بەرپایان کردووە. هەڵبەتە ئارەزووی ئەوەش هەیە کە بەدەم فریاگوزاریی خەڵکە ستەملێکراو و بەشخوراوەکەوە بچن دەسبەجێ دوای رزگارکردنیان بۆ رێکخستنی گەڕانەوەی مڵك و سامانیان و گێڕانەوەی خزمەتگوزاریی بنەڕەتیان و یارمەتیدانیان بۆ دابینکردنی بەپەلەی پێداویستییان لە بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی. لە سەرووی هەموویشیانەوە بەرفراوانکردنی دانپیانانە بە مافەکانی هەردوك وڵاتان و میللەتانی گەورە و بچووکەوە و پێکهێنانی قەوارەی نوێ بۆ ئەو گەلانەی دڵسۆزی و ژیری و بایەخی مەعنەوی خۆیان سەلماندووە بۆئەوەی مافەکانی سەربەخۆیی و یەکسانی بەدەستبێنن و بەم چەشنە نموونەی بەهای بەرز بخەنە بواری پراکتیکەوە کە لە لائیحەی ئەتلەسی و جاڕنامەی دواتری هاوپەیمانانەدا بەرجەستە بووە. لێرەدا ئێمە بە تەوازوعەوە مەسەلەی گەلێك دەخەینە روو کە بوێر و دڵسۆز و شیاوە و زۆرترین بەشخوراویی بەرکەوتووە و رۆژگارێك میللەتێکی گەورە و پێکەوتوو بووە و ژمارەی نزیکەی چل ملیۆن بووە و ئیمبراتۆرێتێکی مەزن و بەهێز بووە و بەشداری لە زانست و فەرهەنگدا هێجگار زۆر بووە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەیدا بۆ مەسیحییەت و خوێندن و خوێندن و خزمەتی رۆحی و رۆشنبیری لە سەرانسەری کیشوەری ئاسیادا بە شێوەیەك کە کەس نەگەیشتووەتە ئاستی. بەڵام لە ئەنجامی بیست و شەش سەدەی ستەم و چەوساندنەوە ئێستا ئەم گەلە هاتووەتە سەر ژمارەی چەند سەد هەزار کەسێك. ئەوان لەپێناوی کۆتایی پێهێنانی دەرد و مەینەتییاندا پێشنیازی هاوپەیمانانیان قوبووڵ کرد کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بدەنە پاڵیان و لەهەمان کاتدا دەیانزانی چ قوربانییەکی قورس دەدەن بە شەڕکردنیان لەگەڵ هێزەکانی میحوەر و دەست و پێوەندەکانیاندا. ئەوان چوونە پاڵ هاوپەیمانان و شەرەفمەندانە جەنگان و هەموو چەشنە قوربانییەکیان دا و کە بەشێوەیەکی رێژەیی گەورەتر لە هەر میللەتانێکی هاوپەیمانی تر. هەڵبەتە لەبەر ئەو رۆڵەی کە گێڕایان و وەك ئەنجامێك بارودۆخی ئۆتۆنۆمیی سیاسییان لەدەستداوە لەناو ئیمبراتۆرێتی عوسمانیداو پێگەشیان وەك میللەت لە وڵاتی ئێرانداو "نیشتمانمان بوو بە قوربانی و تەواوی ملوك و سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و زیاد لە نیوەی پیاو و ژن و منداڵمان لە دەستداوە کە یان لە مەیدانەکانی شەڕدا کوژراون یان بە خوێنساردی سەریانبڕیوون. بەم چەشنە گەورەترین

باجمان دا له جەنگدا و رۆڵی خۆمان له ململانێی پڕ بایەخ و ترسناکدا نواند له پێناوی دوا سەرکەوتنی هاوپەیمانانداا".

لەپاش ئاگربەس و کاتێ کە ئاشوورییەکان لەبەردەم دادگا و تریبیۆنی هاوپەیاناندا دەرکەوتن و داوای چارەسەرێکیان دەکرد بۆ ئیددیعاکانیان بەپێی بەڵێن و پەیمانەکانی هاوپەیمانان، بەداخەوە ئەو دەمە گوێمان لێ نەگیراو بڕیاردرا کە وڵاتی دێرینی باوباپیرانمان (وڵاتی ئاشوور) کە بە زۆر لە دەست ئیمبراتۆریتی عوسمانی دەرهێنراو بێئەوەی بایەخ بۆ خوێنی رۆڵەکانمان دابنرێت ناوی عێراقی بە سەردا ببڕن و بیدەنە دەست دوژمنانی هاوپەیمانان لە کاتی جەنگدا ـ کە عەرەبەکانی میزۆپۆتامیان ـ ئەوانەی وەك رەعییەتی سوڵتان بە سەختی لە دژی سوپای هاوپەیمانان شەڕیان کرد چ وەك سەربازی نیزامی یان خێڵە عەرەبە خۆبەخشەکان و چ وەك مووسڵمانیش. هەڵبەتە بە پێچەوانەی هەموو بنەما دانپیانراوەکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتییەوە ئەم دوژمنانە وەك دۆست مامەڵە کران و وڵات و حکومەتی دەستووری و سەربەخۆییان پێدرا، بەڵام ئێمە، ئێمەی ئاشووری، نوێنەرایەتیی راستەوخۆمان رەتکرایەوە و وەك دوژمن مامەڵە کراین و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان پێ نەهێشتین لەوە بەولاوە کە برسی بکرێین و ببینە کۆیلەی دوژمنەکانی پێشوومان. ئەوجا سەرباری تکاکاری و نارەزایی بەردەوامان سەبارەت بە مامەڵەکردنی دوارۆژ و ئەوەی ئێمە چاوەڕێی دەکەین لە رەفتاری ئاغا تازەکییە نادۆستەکانمان، هیچ بایەخێکمان پێنەدراو لایان لێنەکردینەوە. دواتر ئیجرائاتی ستەمکارانەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئیداری و سیاسی بەپەلەیان لە دژمان گرتەبەر، بە نیازی بەرپاکردنی پلە بە پلە و تەواوی لەناوبردنی ئەم گەلە دڵسۆزە کە تەواوی هەواداریی خۆیان خستە تای تەرازووی هێزەکانی هاوپەیمانەوە. ئێمە ئێستا ژیانمان بووە بە مەحاڵ لە ئەنجامی ئەو ئیجرائاتەی لە دژمان دەکرێت و وەك پێشبینیمان دەکرد کاریان گەیاندە کوشتوبڕەکەی ساڵی١٩٣٣ دەرهەق بە جووتیارە زەویبەندە ئاشوورییە دڵسۆز و بێدیفاعەکان، ئەوانی کە لە گوندەکانی ئاغا نوێیەکانیاندا دەژیان. ئەم کارە لە لایەن هێزە چەکدارە نیزامییەکانی عێراقەوە بەرپاکرا و بە فەرمان و رێنمایی حکومەتی ناوەندی.

پاش ئەوەی مەسەلەکەمان بردە بەردەمی کۆمەڵەی گەلان تاقە بەهانە و پاساو بۆ ئەم کاری بەربەرییەتەی دژ بە ئاشوورییە هەژار و برسی و بێکارانە کە

چوونەتە سوریا و گەڕاون بە دوای کار و خۆراك و زەویدا بۆ نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ کردن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاشتی بژین و دڵنیابن کە دوورن لە دەسدرێژی و لە دەست کۆیلەیی و داماوی و ستەم رزگاریان ببێت، تاقە پاساو لە لایەن نوێنەرانی عێراقەوە کە زیادەڕۆییەکی چاوەڕوان نەکراو بووە وەك ئەنجامێك بۆ ئیجرائاتی سەقامگیری لە لایەن حکومەتەکەیانەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ. کاتێ کۆمەڵە لە بارودۆخی راستەقینەی ئاشوورییەکان گەیشت جارێکی تر بە کێشەی ئاشوورییەکاندا چووەوە و بڕیاریدا کە پێویستە چارەسەرێکی مرۆڤانە و بەجێ بۆ کێشەی ئاشووری بدۆزرێتەوە. بۆ بەدبەختی پێش ئەوەی هیچ شتێکی پراکتیکی ئەنجام بدرێت هێزەکانی میحوەر کێشەی نوێ و ئاڵۆزتریان خستە بەردەمی کۆمەڵەی گەلان. کاتێ ئەم شەڕە لە ساڵی١٩٣٣دا هەڵگیرسا هیچ چارەسەرێکی بەجێ و هەمیشەیی نەدۆزرایەوە. ئەو هەنگاوە رێخۆشکەرانەی لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە وەرگیران بوون بە هۆی دابەشبوونی ئاشوورییەکان لە نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و سوریادا. لەهەمان کاتدا برا ستەملێکراوەکانی تریان لە ئێران و ئەوانەش کە لە رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان داڵدە دران و کۆمیونیتیە بچووکترە هاوشێوەکانی تریان لە سەرانسەری جیهاندا چاوەڕێی چارەسەرێکی پراکتیکی بوون بۆ ئەوەی بچنە لای براکانیان و بە ئاشتی و ئەمان بژین لە هەر نارەحەتی و سەغڵەت کردنێك.

لە میانەی ساڵی١٩٤١دا کە بوون و مانەوەی ئیمبراتۆرێتی بریتانیا و تەواوی جیهانی شارستانی بەر مەترسی کەوتن لە لایەن لەشکر و سوپای بێ ئامان و دەسدرێژکاری هێزەکانی میحوەرەوە کە سوپاکانی هاوپەیمانانیان لە ئەورووپای رۆژئاوا و باشووردا شکاند و کرێتیان داگیرکرد و کاتێ ئەڵمانیا و لەشکری فاشیست دایان بە سەر میسردا و بوونە مایەی هەڕەشە بۆ لەشکر و سوپای هاوپەیمانان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا لەناکاو حکومەتی عێراق و دوژمنی هاوپەیمانان کە لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و دۆستانی رووکەشی بریتانیا لە ماوەی نێوان دوو جەنگەکەدا دەستیان خستە ناو دەستی هێزەکانی میحوەرەوە و لە پشتەوە خەنجەریان لە بریتانییەکان دەدا و هێزی ئاسمانیی فاشیست و نازییەکانیان بانگهێشت دەکرد کە بێن هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی بریتانییەکان لە عێراق وەدەرنێن بۆ ئەوەی هەموو سەرچاوە و توانایەکیان بخەنە ژێر رکێفی هێزەکانی میحوەرەوە بە ئیمداداتی خۆراك و

فرۆکەخانەی گرنگ و هەموو هێڵ و ئامرازێکی پەیوەندی کردنەوە و لە سەروو هەمووشیانەوە کێڵگە نەوتییەکان بایەخێکی گەورەیان هەبوو بۆ سوپا و هێزەکانی دەریاوانی و ئاسمانیی هاوپەیمانان. لەم ساتەوەختە مێژووییەدا ـ ئاشوورییە هاوپەیمانەکانی جەنگی ئەوسا وەك دوژمن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکەدا ـ ئەم کارەی پشت تێکردنەیان بینی خۆیان ساغکردەوە بەلای بریتانیای مەزن و هاوپەیمانانیدا و بوون و مانەوەی خۆیان خستە مەترسییەوە لەکاتێکدا کە تەنانەت ئەگەری سەرکەوتنی هاوپەیمانانیش جێی گومان بوو، کەچی ئەمان سەربەرزانە و گیان لە سەردەستانە شەڕیان دەکرد و بەو چەشنە یەکەم سەرکەوتنی هاوپەیمانانیان بەدەستهێنا لەم جەنگەدا بە سەر فاشیست و هێزی ئاسمانی میحوەرو سوپای عێراق و بەکرێگیراوە عێراقییەکانیان لە حەبانیە و فەلووجە لە مایسی١٩٤١دا و چۆن هێزی ئاسمانییان ناچارکردووە عێراق چۆڵ بکەن و لە هەمان کاتدا سوپای عێراق و چەکدارانی عەشیرەتە عەرەبەکان بشکێنن و ئاگربەس بەرپا بکەن و بەم چەشنە تەواوی سەرچاوەکانی عێراق مسۆگەر بکەن بۆ پاشەڕۆژی هاوپەیمانان. ئاخۆ کام میللەت بڕیاری ئاوها شەرەفمەندانە و مێژوویی داوە و لە ژێر ئاوها باروزرووفێکدا، چونکە "میللەت هەر میللەتە گەورە بێت یان بچووك".

باشە ئەگەر ئاشوورییەکان بە پێچەوانەوە کاریان بکردایە وەك ئەوەی زۆرێك لە گەلان کردیان و ئەگەر بەپێی ئەو باروزروفە کاریان بکردایە ئەوە بە دڵنیاییەوە هاوپەیمانان بێبەش دەبوون لە بەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازی سەرەکیی جەنگ و ئەو کاتە چەندی دەخایاند و خەرج و باجی چی دەبوو ئەوە کاری پسپۆڕانە بڕیاری لە سەر بدەن. بێجگە لەوەش ئاشوورییەکان بە درێژایی ماوەی جەنگ هەموو سوود و قازانجێکیان خستبووە لاوە لە سەر داوای دەسەڵاتدارانی بریتانی و بە هەزارانیان وەك خۆبەخش چوونە ریزی سەربازە زەمینیەکانی هێزی ئاسمانیی مەلەکییەوە بە مووچە و مزێکی زۆر کەم (سێ پاوەند لە مانگێکدا) و لە سەختترین و بایەخدارترین ئەرکدا خزمەتیان کردووە، وەك پاسەوان فڕۆکەخانە و چەك و جبەخانە و کەرەستەی بایەخداری تری جەنگ و هەموو هێڵەکانی پەیوەندیکردن لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا و لەنێو خەڵکی ناوخۆی ناحەز و دوژمنی عێراق، ئێران، فەلەستین و قوبرسدا. ئەوان لەو دەمەوە کە رۆڵی چالاکیان لە سەر شانۆکانی جەنگی دەریای ناوەڕاست و

ئەویش بە خەڵاتکردنیان بە نیشتمانێك کە تێیدا جێگیربن و بە ئاشتی و ئەمان بژین و ئازادی قسەکردن و پەرستنیان هەبێت و لە دەست هەژاری و برسێتی رزگاربن و لە ژێر سایەی حکومەتێکدا کە متمانەیان پێی هەبێت وەك لە بەڵێننامەی لائیحەی ئەتڵەسیدا هاتووە.

لەولاشەوە ئاشوورییەکانی ئێران بڕێکی زۆر ئامرازی گواستنەوەیان خستە بەردەستی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ گواستنەوەی بایەخدارترین کەرەستەی جەنگ لە کەنداوی فارسەوە. هەروەها خۆیان خستە خزمەتی جۆراوجۆری کۆششی جەنگیی هاوپەیمانانەوە. کارێکی بێ سوودیشە باس لەوە بکەین کاتێ ئەڵمانەکان قەوقازیان داگیرکرد هەزاران کەسی ئاشووری بە خۆبەخشی چوونە ریزی سوپای سوورەوە و رۆڵی خۆیان بینیوە لە راوەستاندنی پێشڕەوی ئەڵمانەکاندا. ئاشورییەکان لە رووسیاو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا چوونەتە ریزی هێزە چەکدارەکانەوە لە وڵاتەکانیاندا و وازیان لە خزمەتگوزاریی بایەخدار هێناوە.

لە زانیارییەکانی بەردەستەوە دەردەکەوێت کە کارگوزاریی بایەخدار و ئەو قوربانیانەی لەم جەنگەدا لە لایەن ئاشوورییەکانەوە دراوە لەم جەنگەی ئێستادا هاوشێوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوە بزانرێت کە نهێنی نیە بۆمان کە رای گشتی عێراقییەکان هێشتا ئەو بڕیارەی ئاشوورییەکان سەبارەت بە شەڕکردن لە بەرەی هاوپەیماناندا لە کاتێکدا کە ئەوان (واتە عێراقیەکان) بڕیاریانداوە بچنە پاڵ هێزەکانی میحوەر، بە کارێکی ناپاکی دەزانن لە لایەن ئاشوورییەکانەوە و بەو پێیە بە دوای هەلێکی گونجاودا دەگەڕێن بۆ تۆڵەکردنەوە و ئەم هەلەش بە تەواوبوونی جەنگ دەرەخسێت و هێزە هاوپەیمانەکانی جێگەی خۆیان لەم وڵاتەدا کردووەتەوە بگەڕێنەوە ئەگەر هیچ پێدراوێك نەبێت بۆ پاراستنی ئاشوورییەکان لە چەوسێنەران.

تا ئەوکاتەی کە هێزە سەرەکییەکانی هاوپەیمانان و حکومەتە بەڕێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە لە ئەستۆ نەگرن کە بەناوی دادپەروەری و مرۆڤایەتییەوە بێنە مەسەلەکەوە و داوا بکەن ئاشوورییەکان مافی ئەوەیان بدرێتێ کە نوێنەرایەتیی راستەوخۆیان هەبێت و هەر ئیددیعایەکی خەڵکی تر رەتبکەنەوە لەبەر کارگوزاری و قوربانیدانی بە نرخ لە ماوەی ئامادەکاریدا بۆ جەنگی ئێستا و ئەمەش لەپێناوی سوود وەرگرتن لە بارودۆخ و خۆپاراستن لەو ئیددیعایانە و لەوەش زیاتر نەهێشتنی

دووبارەبوونەوەی ئەو نادادپەروەرییە گەورەیەی دەرهەق بە ئاشوورییەکان ئەنجامدرا لە کۆتایی جەنگی ئەم دواییەدا کە تووشی ماڵوێرانی و هەژاری و چەوساندنەوەی کردن.

بێجگە لەوەش ئێمە دەخوازین ئەوانە ئاگادار بکەینەوە کە نامۆن بە ئەقلییەتی عەرەبەکانی عێراق نەکەونە هەڵەوە و وابزانن کە گۆڕانی کابینەیەك لە عێراقدا وەك ئەمەی ئێستا هیچ گۆڕانکارییەك لەگەڵ خۆی دەهێنێت بە سەر رای گشتی و ئەم ئەقلییەتە ئیداری و سیاسی و قەزایی و دیبلۆماسییەی ماشێنی سەربازی و پۆلیس لەم دەولەتەدا نۆ لە سەدی ئەمانە دڵگەرمانە پشتگیریی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان کرد. کاتێ ئەو حکومەتە جاڕی شەڕی دا بە پشتیوانیی هێزەکانی میحوەر هیچ گۆڕانکارییەك لەو دەمەوە جێی دڵخۆشی نەبووە. مەسەلەکە هەمان پاڵپشتی گشتییە بە رابەرایەتیی هەمان میکانیزمی دەوڵەت ئاشوورییەکان بە بەرپرس و ئامراز دەزانن لە هۆکاری شکستی سوپایان و تێکشکاندنی ئامانجە جەنگییەکانیان و داتاشینیان بەلای میحوەردا. هەڵبەتە ئەوانیش (واتە ئاشوورییەکان) بە هۆکاری زەرەر و زیانی بەشەری و ماددییان دەزانن و بەو پێیە بە ئەرکی سەرەکیی دەزانن تۆڵەیان لێبکەنەوە.

ئێمەی ئاشووری داوای بنەماکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی دەکەین لە حکومەتەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان کە:

(أ) ئێمە بە گەل و وڵاتێکی جیا دابنرێین کە لە هەردوو جەنگەکەدا داومانەتە پاڵ هاوپەیمانان و قوربانیی گەورەمان داوە بە لەدەستدانی حاڵەتی ئۆتۆنۆمی سیاسی و ماڵ و سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوە و دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینییەکانمان و تەواوی سەروەت و سامانی دارایی و زیاتر لە نیوەی گەلی ئاشووری کە یان لە شەڕگەکاندا کوژران یان بە خوێن ساردی کۆمەڵکوژ کران.

(ب) دەکرێ نوێنەرایەتیی راستەقینەمان بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانین مەسەلەکەمان بخەینە چوارچێوەی راستەقینەی خۆیەوە لەبەردەمی دەزگا گونجاوەکانی هاوپەیماناناو بۆ خۆ دوورگرتن لەو بڕیارەی کە لە سەر بنەمای نوێنەرایەتی وەردەگیرێت لە لایەن بەرژەوەندیدارەکانەوە کە لە رابردوودا نوێنەرایەتییەکی

خراپیان کردووە و وەك ئەنجامیش لەم جەنگی دواییەوە گەلێك دەرد و سزامان چەشتووە.

(ت) بۆ رەخساندنی نوێنەرایەتییەکی راستەوخۆ داواکارین پێدراوەکان لە رێگەی حکومەتەکانی هاوپەیمانانەوە جێبەجێ بکرێت بە داواکاری لە هەموو ئەو ولاتانەی کە ئاشوورییان تێدا نیشتەجێ بووە کە رێگەیان بدەن نوێنەرانی خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییەکی هەموو ئاشوورییەکان پێکبێنن و کێشەکەیان بەرز بکەنەوە و نوێنەرایەتیی گەلەکەیان بکەن لە دەزگا تایبەتییەکانی هاوپەیمانانداندا کە دواتر پێکدێت بۆ رێکخستنی کاروباری جیهان لەدوای جەنگدا.

(پ) داواکاریمان بۆ دابینکردنی ئاسایشی ولات کە ئارامیی تێدا نارێکە و ستەم و چەوساندنەوە تێیدا لە برەودایە و دەبێ خەلکی بێ خاك و بێ نیشتمان بایەخێکی جیددییان بدرێتێ.

(ج) دەبێ ئاشوورییەکان بخرێنە ئەجێندای هەموو دەزگاو دامەزراوە بەتواناو گونجاوەکانەوە کە دواتر پێکدێن بۆ رەچاوکردن و جێبەجێکردنی قەرەبووی پێویست بۆ تەواوی ئەو زەرەر و زیانە مەعنەوی و سیاسی و ماددییانەی بەهۆی هەردوو جەنگە بەدوای یەکدا هاتووەکە و ئامادەباشی وەربگیرێت بۆ پاراستنی ئاشوورییە دلسۆزەکان تاوەکو نەبنە قوربانیی پشتیوانی کردنیان بۆ هاوپەیمانان و لە سەرێکی تریشەوە بۆ ئەوەی هەر کارێکی فریاگوزاریی بەرچاو بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیان و چارەسەرێکی گونجاوی ئاساییکردنەوە و گێرانەوەی خزمەتگوزاری بەپەلەی پێویست و ئەو بەرهەمە کشتوکالی و پیشەسازییانەی گەرەکیانە بۆ ژیانی ئاسایی رۆژانە.

## کاروباری دەرەوەی
## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ٦/ نیسان/١٩٤٥

(نهێنی و تایبەت)

ژمارە: ٨٩٢

**بابەت: ناردنی ئەو بەڵگەنامە وەرگێڕدراوانەی لەبارەی بارودۆخی کوردەوەن.**

هەواڵنامەی کتێب

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە (٣٣٤) ی کۆمیسیۆنەکەمان لە کاتژمێر ٨ ی ئێوارەی رۆژی ٤/ سێپتەمبەردا و پەیوەندییەکانی پێشتر سەبارەت یاخیبوونی ئێستا لە کوردستاندا، شەرەفی ئەوەم پێ بڕاوە ئەو دەقە وەرگێڕدراوانەتان بۆ بنێرم کە لە لایەن کۆمەڵەی میللیی کوردی ئێران و سەرۆکەکانی پێنج عەشیرەتی کوردی ئێرانەوە پێمان گەیشتووە. هەروەها یاداشتێکیش هاوپێچە کە لە لایەن کۆمەڵەی هیوای کوردییەوە نێردراوە.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە نامەکەی کۆمەڵەی میلليی کوردی نیگەرانییە بنەڕەتییەکان و نارەزایی ئێستای کورد جێگیر دەکات لە سەر سەرۆك وەزیرانی عێراق حەمدی پاچەچی و وەزیرانی ناوخۆ و دارایی مستەفا عومەری و ساڵح جەبر. نامەکە ئیشارەت بەوە دەکات کە ئەم وەزیرانە بەتەمای سوود و قازانجی باشن لە ڕێگەی کڕینی چەك و جبەخانەوە بۆ کوشتنی خەڵکی ناوچەی بارزان.

نامەیەکی تری هاوشێوەش کە لە سەرۆکە کوردەکانی ئێرانەوە هاتووە و ڕاستەوخۆ ناردوویانە بۆ باڵوێزخانەمان لە تاران لەگەڵ داواکاریی ئەوەدا کە نوێنەرێکی ئەمریکی بنێردرێت بۆ بینینی کوڵۆڵیی کورد لە ژێر ڕکێفی حوکمی ئێراندا. ئەم کوردانە دەرد و نارەحەتیەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەوان کەمینەیەکن و نەریت و فەرهەنگیان لە ئێرانیەکان جیایە و بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە بە خوێن ساردی دەخوازن لەناویان ببەن.

یاداشتەکەی کۆمەڵەی هیوای کوردیش جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە یەك لە هەڵەکانی کۆنگرەی ڤێرسای دابەشکردنی کورد بووە بە سەر تورکیا و عێراق و ئێران و سوریادا. بەڵام کوردەکان بەتەمان ببنە خاوەن دەوڵەتێکی کوردی بەپێی هەلومەرجی لائیحەی ئەتلەسی، کەچی حکومەتی عێراق، کە لە لایەن بریتانییەکانەوە یارمەتی و هاوکاریی دەکرێن، لە هەوڵی نەهێشتنی هەموو ئەگەرێکدایە بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد. ئەنجامگیریی ئەمەش ئەوە بەدەستەوە دەدات کە هێزە چەکدارەکانی عێراق بێ هیچ ئاگادارییەك هێرشیان کردووەتە سەر گوندە کوردەکان لە ٦ ی ئابدا و بێ ئەملاو ئەولا دەستدرێژکارن لە ناکۆکی و ململانێی ئێستاداو ئومێدی لالێکردنەوەیەکی ئەمریکی دەکرێت بۆ مەسەلەی کورد.

لەگەڵ ڕێزدا

ویلیەم دی. مۆرێلاند

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هاوپێچ:

١ـ کۆمەڵکوژیی کورد لە ڕۆژی سەرکەوتنی هاوپەیمانادا.

٢ـ بەڵگەنامەیەك لە سەرۆکەکانی عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانەوە.

٣ـ یاداشتێك لە کۆمەڵەی هیوای کوردییەوە.

فایلی ژمارە: ٨٠٠

RBM/HD

هەواڵنامەی کتێب

**پاشكۆی نامەی ژمارە: ٨٩٢**
**لە رۆژی ٦/ سێپتەمبەر/١٩٤٥**
**بابەت: ناردنی بەڵگەنامە وەرگێڕدراوەكان لەبارەی بارودۆخی كوردەوە.**
**(وەرگـێـڕان)**

## كۆمەڵكوژیی كورد لە رۆژی سەركەوتنی هاوپەیماناندا

چارەنووس وایهێناوەتە پێشەوە كە میللەتی كوردی ستەملێكراو ببێتە قوربانیی حكومەتەكانی توركیا و ئێران و عێراق و ئەم حكومەتانەش وەك چۆن خۆیان دەخوازن ئاوها یاریی بە قەدەر و چارەنووسیەوە بكەن. ئەم سێ حكومەتە بۆ سەدان ساڵ دەچێت پیاوانی بێتاوانی ئەم میللەتە هەژار و داماوەیان گرفتاری دەرد و مەینەتی و كوشتوبڕ كردووە. ئەم مەینەتییانە زۆر بە كاڵی دێنە بەرچاو بە بەراورد لەگەڵ ئەو ناسۆرە كۆمەڵایەتیانەدا كە خەڵكی كورد تووشیان هاتوون چەشنی هەژاری و فەرامۆش كردن و بەرگرتن لە رووناكیی پێشكەوتن و شارستانیەت. پێش ئەوەی خوێنی پیر و لاوی ئەم میللەتە لە كوردستانی توركیادا وشك بێتەوە، لە عێراقدا خوێنیان كەوتە چۆڕەو بەهەمان شێوەش لە ئێراندا. سەرباری هەموو ئەمانە، كوردەكان بەرگەی گشت ئەم ستەم و چەوساندنەوانەیان گرت و بە پشوودرێژییەوە ئەوە سەدان ساڵە بەرگەی ئەم ناعەدالەتیانەیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، میللەتی كورد بوون و نەریت و فەرهەنگی خۆی هەر پاراستووە و بەردەوام دەبێت لە سەر خەبات و كۆششی خۆی. ئەم گەلە تا دوا دڵۆپە خوێنی رۆڵەكانی بەخت دەكات تاوەكو كۆت و پێوەندی سەرشۆڕی و كۆیلەیی دەپسێنێت لە رێگەیدا بەرەو سەربەخۆیی.

سیاسەتی هێز و ملبادان گیراوەتە بەر بەرانبەر بە كوردەكان لە سێ وڵاتدا بە گۆڕانی میزاجی ئەوانەی كە دەسەڵاتیان بە دەستە. لە كاتێكدا كە ستەم دەگاتە بەرزترین پلەی لە یەكێك لەم وڵاتانەدا، لەوی تریاندا سووك دەبێت و نەرمیی جێگەی هێز دەگرێتەوە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەكی كاتیش بێت.

لە عێراقدا، ستەم و چەوساندنەوەی كوردەكان لەوكاتەوە دەستی پێكرد كە كابینەی خاوەن شكۆ حەمدی پاچەچی لە كاردایە و زوڵم و ستەم بڵاوەی كردووە بۆ هەموو كایە ئیداری و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان. حكومەت دوو سیاسەتی گرتووەتەبەر بەرانبەر بە كوردەكان "سیاسەتی ناكۆكی بەرپاكردن و لەناوبردن" و بەڵگەی ئەم سیاسەتە

دامەزراندنی (مەعروف چیاوکە) بە موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی. ئەم پیاوە کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بۆ برا عەرەبەکانی باشتر زانراوە وەك لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی خۆی، سیاسەتی (ناکۆکی و دابەشکردنی) بۆ دانیشتووانی لیوای سلێمانی پەیڕەوی کردووە و تۆڕێك سیخوڕی خستووەتە خزمەتی خۆیەوە و کاریگەریی ئاغا و دەرەبەگەکانی بەهێزتر کردووە و هانی جەردە و ڕێگر دەدات یاخی بن و لەملاو لەولا ڕاووڕووت بکەن. بەم جۆرە ئیدارە هێند لاواز بووە کە هیچ دەسەڵاتێکی حکومەت لەم لیوایەدا نەماوەتەوە. جڵەو شلکردنی ئەم کابرایە بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکانی وایلێکردووە هیچ شتێك لە پێداویستییەکانی لیوا جێبەجێ نەکات. بێگومان ئەم بارودۆخە لە لایەن پیاوەکانی ئیدارەی ئێستاوە دروستکراوە و ئێمە بە تایبەتی ناوی مستەفا عومەری و سالح جەبر دێنین کە سەرسەختترین دوژمنی کوردن. ئەمە سیاسەتی "دابەشکردنە" و سیاسەتی "لەناوبردن" بە فیعلی لە لایەن حکومەتەوە لە بارزاندا دەستیپێکردووە بێ هیچ بەهانە و پاساوێك. مەسەلەکە بە تەواوی ئەوەیە کە ئەم وەزیرانە دەیانەوێت بڕێك لە زەخیرە و جبەخانەی سوپا بەکاربێنن و بەم ڕەنگە دەتوانن مامەڵەیەکی بازرگانیی تر لەگەڵ یەك لە هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجام بدەن کە چەك و فیشەکی زیادەی بۆ ماوەتەوە لە ئەنجامی وەستانی دوژمنکاریی جیهانیدا و مامەڵەیەکی لەم چەشنە سوودبەخش دەبێت بۆیان. بێگومان فرەی پێناچێت و هەموو گوێ بیستی ئەوە دەبین کە سەدان کەس لە پیر و ژن و منداڵی بارزانی و ژمارەیەکی زۆری سەرباز و پۆلیس کوژراون و هەزاران دینار خەرج کراوە تەنها بۆ دابینکردنی خواستی شەخسیی ئەم دوو وەزیرە. با برا عەرەبەکانمان بزانن، هەروەها کوردەکان خۆیشیان کە ئەم هەولەمان بەدەنگەوە چوونێکی داواکاریی مەلا مستەفای بارزانییە بۆ ڕزگارکردنی خۆی و خەڵکەکەی لە چنگی برسێتی و سەرمای سەختی زستان. هەروەها با ئەوەش بزانن کە بەرپرسیارێتیی ئەو هەڵە و تاوانانەی حکومەت بەرپایان دەکات، بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئەو وەزیرانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە و بەتایبەتی مستەفا عومەری و سالح جەبر. با ئەم دوو وەزیرە هەردوکیان باش بزانن کە ڕۆژ و سەعاتی حیساب کردن لەگەڵیاندا نزیکبووەتەوە و دەبێ باجی ملهوڕییان بە سەر ئەم گەلە داماوەوە بدەن.

کۆمەڵەی میللیی کوردی

## پاشکۆی نامەی ژمارە: ٨٩٢

ڕۆژی ٦/سێپتەمبەر/١٩٤٥،

**بابەت: ناردنی بەڵگەنامە وەرگێڕدراوەکان لەبارەی بارودۆخی کوردەوە.**

## داواکاریی خێڵە کوردەکانی ئێران

**خاوەن شکۆیان:**

**. باڵیۆزی ئەمریکا**

**. باڵیۆزی بریتانیا**

**. نوێنەرە دیپلۆماتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.**

**ئەم داواکارییە لە لایەن سەرۆکەکانی هۆز و عەشیرەتە ستەملێکراوەکانی کوردەوە بەرزکراوەتەوە، کە هاووڵاتیانی مەریوان و هەورامانن (دوو ناوچەی کوردنشینی ئێرانن).** چەند ڕۆژێك لەمەوبەر داواکارییەکمان پێشکەشی خاوەن شکۆ باڵیۆزی ئەمریکا کرد لە تاران و تێیدا باسمان لەوە کردبوو کە پەنجا هەزار ژن و منداڵ گرفتاری دەستی چەك و جبەخانەی نازییە ئێرانییەکان و ڕەشاش و تانك و بۆمبی فڕۆکە بوون. ئێمە هیوا و چاوەڕوانیمان خستووەتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان کە ماوەی شەش ساڵ شەڕیان کرد و خوێنی ملیۆنان گەنجی خۆیان ڕشت لە پێناوی نەهێشتنی زوڵم و ستەمی نازییەکان لە خەڵکی ژێردەستە.

ڕاستیەکەی، ئێمە ئێستا کۆمەڵگەیەکی کوردی بێزلێکراو و هەژارو ستەمدیدەین و لە ژێر دەسەڵاتێکی ملهوڕی سامناکدا دەژین بێ ئەوەی هیچ وڵاتێك بمانپارێزێت لە زوڵم و دڵڕەقیی ئێرانییەکان کە نە لە ڕووی ڕەگەز و خوێن و مەزەب و زمان و نەریتەوە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە. ئەوان دوژمنایەتیی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕیوە لە گەڵ لەو جیاوازییانەی لە سەرەوە باسکراون و هەموو دەرگاکان لە سەر ئێمە داخراون و هیچ دەروویەك شك نابەین لەم گرفت و ستەمە ڕزگارمان بکات.

ئێستا نرکەو ناڵەی چەك و جبەخانەی نازی لە هەموو شەڕگەیەکدا کپ و بێدەنگ بووە، لە ئێراندا نەبێت کە تا ئێستاش بەردەوامە و ئێرانییەکان هێشتا هەر ئەم چەکانە بەکاردەهێنن بۆ کوشتنی ژن و منداڵی بێتاوان بە بێ هۆ.

کورد کە ژمارەیان چەندین ملیۆن زیرۆحە ئەوە چەندین ساڵە چاوەڕێی سۆز و بەزەیی ئێوەن و تکاکارن لە ئێوە چاو بخەنە سەر کێشەی کورد و منداڵ و ژنیان لە ستەم و ملهوڕیی تورك و ئێرانیەکان دەرباز بکەن.

هۆکاری ئەم بزوتنەوەیەی قڕکردن و لەناوبردنی کورد ئەمانەی خوارەوەن:

١. لەبەرئەوەی ئێمە کوردین.
٢. نەریت و فەرهەنگمان جیاوازە.
٣. کورد بە نامۆ و بێگانە لەقەڵەم دەدرێن و وەك هیتلەر لە پەخشێکی رادیۆدا وتوویەتی کە نیازی قڕکردنی کوردە هەرکاتێ گەیشتە ئێران.
٤. بەهانەی ئەوان ئەوەیە کە ئێمە چەکی بچووکمان لایەو حەز ناکەین رادەستیان بکەین و ئەوانیش داوای گێڕانەوەی ئەو چەکانە دەکەن.

وەڵامی ئێمەش بۆ ئەم خاڵانە:

١. تاوانی ئێمە چیە کە کوردین؟
٢. ئاخۆ کۆمەڵگای تر نین کە لە فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتدا جیاواز بن و بە ئازادی و سەربەخۆیی بژین لە ژێر رکێفی حوکمێکی بەبەزەیی و میانڕەودا؟
٣. ئاخۆ هیچ وڵاتێك هەیە نەیەوێت مافی یەکسانی بداتە گەل و خەڵکەکەی؟
٤. ئەو چەکە بچووکانەی داوامان لێدەکەن رادەستیان بکەینەوە تەنها بۆ مەبەستی خۆپارێزی لە لامانە دژ بە خراپەکاریی ئێرانیەکان و ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان گەرەنتیی پاراستنمان دەداتێ لە جەور و ستەمی ئێرانیەکان ئەوە ئێمە ئامادەین چەکەکانمان رادەستیان بکەینەوە لە هەر شوێنێك ئەوان دایدەنێن ئێران بێت، سلێمانی یان بەغدا.

بەڵام ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان پشتمان تێبکات، ئەوە مانای گەڕانەوەی ئێرانە بۆ سەردەمی پەهلەوی کە تێیدا سەدان کورد راپێچی زیندان دەکران و دەبرانە بەر پەتی قەنارە بێ هیچ دادگاییەك و حکومەت دەستی بە سەر ماڵ و سامانیاندا دەگرت و دەدرا بە پەیڕەوانی پەهلەوی. ئێمە لەو دەرد و مەینەتییە ناترسین بەڵام هەرکەسێك

هەواڵنامەی کیژی

ڕێز و شەرەفی بێت نایەوێت بێ هیچ هۆیەك بچێتە بەر پەتی قەنارە. ئەگەر چەكی نازییەكان لە دەستی ئێرانیەكاندا مایەوە و ئەوانیش بەردەوام بوون لە سەر قڕكردنی كورد، ئەمە مانای مانەوە و بەردەوامبوونی بیروباوەڕی نازییە لە كاتێكدا كە ئەو بیروباوەڕە لە سەرانسەری دنیادا نەماوە و لەناوچووە.

منداڵە گریاوەكانی ئێمەو ئافرەتانمان چاوەڕێی نەتەوە یەكگرتووەكانن ئەم بارە سەخت و پڕ ستەمەیان لە سەر لابەن. ئەگەر ئێوە بفەرموون و نوێنەرێك بنێرن سەردانی ئەم ناوچانە بكات ئەو دەم ڕاستی و دروستیی ئیددیعا و بۆچوونەكانی ئێمەتان بۆ دەردەكەوێت.

لە كۆتاییدا بەهیواین بەڕێزتان بە دڵگەورەیی خۆتان وەڵامی ئەم تكاكارییە و ئەوی پێشتر بدەنەوە كە بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە تاران نێردرابوو.

١. مەحمود كانی سانانی (سەرۆك عەشیرەتی كول)
٢. حەسەن زارابی
٣. عەزیز خان زادە مەحمود دەرلی (ڕەنگە دزلی بێت ـ وەرگێڕ)
٤. ئەسعەد و مەحمود شەریف حەسەن سوڵتان
٥. عەلی وەلە ژێری
٦. محەمەد ڕەزایی

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی نامەی ژمارە: ٨٩٢

لە رۆژی ٦/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٥

**بابەت: ناردنی بەڵگەنامە وەرگێڕدراوەکان لەبارەی بارودۆخی کوردەوە**

## کۆمەڵەی هیوای کورد (ک. هـ. ک)

بەغدا

ژمارە: ٥٢

٢٥ / ئاب

**خاوەن شکۆ: کاربەدەستی بەرپرسی کاروباری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەغدا.**

**خاوەن رێز:**

بەوپەڕی رێزەوە شەرەفی ئەوەمان پێبڕاوە کە ئاگاداری خاوەن شکۆتان بکەم لەبارەی ئەو هۆکارانەی شۆڕشی نەتەوەی کوردەوە کە ئێستا لە باکووری عێراقدا هەڵگیرساوە.

یەکێك لە هەڵەکانی کۆنگرەی ئاشتیی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەوەبوو کە شارە کوردەکان بە زەبری هێز لە نێوان چوار حکومەتدا دابەشکران: تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا. لەو رۆژە بەدواوە تا ئێستا شۆڕشی خوێناوی نەوەستاوە لە نێوان میللەتی کورد و ئەو حکومەتانەی پەیڕەویی رێگەی راستیان نەکرد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەڵکو بە نادادپەروەری و ملهوڕی فەرمانڕەواییان کرد و میللەت و وڵاتیان کەرت و پەرت و سەرشۆڕ کرد و هەر کارێك لەدەستیان هاتبێت کردوویانە بۆ خەفەکردن و دەمکوتکردنی کوردی بێچارە کە داوای ماف و ئازادیی دزراویان دەکەن. زۆر جێی داخە کە هەندێك لە دەوڵەتان بەرژەوەندییان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بۆیە پشتگیری ئەو چوار حکومەتەیان دەکرد، لەکاتێکدا کە دەبوو یارمەتیی میللەتە

لاوازەکان بدەن پاش ئەوەی حوکمی دیموکراتیی خۆیانیان ئاشکرا کرد و وەك داکۆکیکار لێی جاڕیان لەخۆیان دا.

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، هیوا و ئاواتی میللەتانی بێچارە بووژایەوە بۆ رزگاربوون لەدەست ستەم و ملهوڕی، بەتایبەتی کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێنی سەربەخۆییان دا بە گەلان لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسین و لائیحەی ئەتلەسی بوو بەو رووگەیەی زۆربەی گەلان هیوای خۆیانیان لە سەر هەڵچنی.

مەسەلەیەکی سروشتییە کە میللەتی کوردیش هەوڵی خۆی بدات بۆ رزگاربوون لە بارودۆخی ناهەمواری ئێستای و ئەو هەوڵ و تەقەلایەش زۆربەی کات ئاشتیانە بووە بێ بەکارهێنانی هۆکاری توندوتیژی یان ترس و بیم، بەڵام ئەمە جێی پەسەندیی ئەو حکومەتانە نەبوو کە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکانیان لە ئەستۆ گرتووە و گشت هەوڵێکیان تاقیکردەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەر بزووتنەوەیەك کە ئەگەری ئەوەی هەبوو ببێتە مایەی بیستنی دەنگی کورد لای جیهانی دەرەوە و بەو پێیە رێگەی ئەوەیان لێگرتن کە مافە سروشتییەکانیان بەدەستبێنن.

کاتێك کە حکومەتی عێراق هەستی بە خواستی کوردەکان کرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی تاقیکردەوە بۆ تێکشکاندنی هەر خواست و ئارەزوییەکی لەو چەشنە و هەر بزووتنەوەیەك و بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، لە ساڵی١٩٤٤دا هێرشێکی سەربازیی کردە سەر ناوچەی بارزان (لە باکووری عێراق) بۆ سزادانی کوردەکان، بەڵام بەتەواوی شکستی هێنا لەم ئەرکەیداو لە بەرانبەردا کوردەکانی ئاگادار کردەوە کە دەبێ هێمن و ئارام بن بەو بیانووەی حکومەتی عێراق دەوڵەتێکی هاوپەیمانەو هەر جموجوولێك کۆششی جەنگی پەکدەخات. هەڵبەتە ئێمەش بە پێیە ئەو ئاگادارییەمان قبووڵ کرد لە دیدی بەرپرسیارێتی ئەو کاتەوە و هەوڵمان دا پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی عێراق باش بکەین تا کۆنگرەی داهاتووی ئاشتی و بەم رەنگە نیازپاکیی خۆمان بۆ هەموو کەس سەلماند. بەهەرحاڵ، دەستێوەردانی حکومەتی بریتانیا هانی حکومەتی عێراقی دا، کە دەستی کردبوو بە تەگەرە دروستکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی لە راپەڕاندنی پێشکەوتن و چاککاریی ناوچەکانی فەرامۆشکراوی باکوور و لەهەمان کاتیشدا کەوتە دروستکردنی قەڵا و قەڵابەند و رێکخستنی سوپا و ئامادەکردنی چەك.

کاتێك کە ئامادەکاریی حکومەتی عێراق تەواو بوو و پاش بڕیارەکەی بۆ هێرشکردنە سەر گوندە کوردییەکان بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەخت لە ٦/ ئاب/١٩٤٥دا و ئەنجام ئەو شۆڕشەی لێکەوتەوە کە ئەم باسەی لە سەرە.

ئێمە تکا لە بەڕێزتان دەکەین ئاگاداربن کە حکومەتی عێراق دەسدرێژکارە و ئەویشە کە دەسپێشخەری هێرش بووە و ئێمە دەخوازین ئەم شۆڕشە بە شۆڕشێکی نیشتمانی دابنرێت کە ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و سەربەخۆییەتی. لە ئەنجامدا داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم یاداشتە قبووڵ بفەرموون و ئاوڕێکی بەزەیی لە مەسەلەی کورد بدەنەوە و ئێمە سوپاسگوزار و مننەتبارتان دەبین ئەگەر لوتف بفەرموون و بیگەیەننە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکومەتە شکۆدارەکەتان.

خزمەتکاری ملکەچتان

(ئیمزا)

خەسرەو

لەبری سکرتارییەتی کۆمەڵە

<u>وێنەیەك بۆ:</u>

ئۆفیسی زانیاریی جەنگی ئەمریکا ـ بەغدا

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک
## وەزارەتی دەرەوە
## یاداشتی گفتوگۆ

٧/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

**بابەت: شاڵاوێکی دژ بە کورد لە عێراقدا**

**بەشداران: مستەر ئەی. ئێچ. تاندی، سکرتێری یەکەم، باڵیۆزخانەی بریتانیا، مستەر میریام**

**وێنەیەکی بۆ هەر یەك لە:**

**لەندەن، مۆسکۆ، بەغدا، تاران، ئەنکەرە.**

هەواڵنامەی کتێب

(نهێنی)

ئاماژە بە برووسکەی ژمارە (٣٢٠) ی ٢٣/ئاب، کاتژمێر١١، سەرلەبەیانی و بروسکەکانی تر لە بەغداوە سەبارەت بە هێرش و پەلاماری ئێستای دژ بە کوردەکان، من داوام لە مستەر تاندی کرد سەرێکم لێبدات کاتێ هاتە بەشەکە. ئەویش لە ٧ ی سێپتەمبەر هات و پێم وت زانیاریمان بە دەست گەیشتووە کە شاڵاوێکی حکومەتی عێراق لە ئارادایە بە مەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستانی عێراقدا، وادیارە هێڵە سەرەکییەکانی شاڵاوەکە لە لایەن بریتانیاوە نەخشەی بۆ کێشرابێت و ئەگەری ئەوەش هەیە لە سەر پێشنیازی بریتانیا بەرێوەبچێت.

من بە مستەر تاندیم وت کە هەر هۆکارێك هەبێت بۆ بەشداریی بریتانیا لەو شاڵاوەدا، لای ئێمە وادەکەوێتەوە کە پێمان خۆش نەبێت رووسەکان وایدابنێن شاڵاوەکە بە راسپاردە و سەرپەرشتیی بریتانیا بێت. هەڵبەتە لەبەر رۆشنایی ئەو بیروبۆچوونەدا، ئێمە سەرمان لەوە سوڕدەمێنێ ئاخۆ بریتانیەکان ئەوەیان رەچاو کردووە کە رووسەکان

یارمەتیی کوردە عێراقیەکان نەدەن لەودیوی سنوورەوە و ئاخۆ خەبات و تێکۆشانێکی نهێنی دەبێتە هۆی ئەوەی رووسەکان ناچار بن هێزەکانیان لە ئێران بگێڕنەوە و ئارەزووی رووسیای سۆڤییێتی بەهێز بێت بۆ گێڕانەوەی قارس و ئەردەهان لە تورکیا، کە راستەوخۆ دەکەونە باکووری کوردستانی عێراقەوە. من جەخت لەوە دەکەمەوە بەڵام ئەم بیروبۆچوونانە هاتووەتە پێشەوە بۆ ئێمە. بێگومان وایان بیر لەمەسەلەکە کردووەتەوە کە پێدەچێت ئێمە دەمانەوێ بزانین چۆن شتەکان لە بیر و هزری ئەواندا کاریان کردووە.

مستەر تاندی هیچ وەڵامێکی نەبوو بێجگە لەوەی بڵێ کە رووسەکان چالاك بوون لە کارکردنیاندا لەگەڵ گرووپە کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو دەڵێت: باڵیۆزخانە زۆر کەمی لە بەغدا وەرگرتووە و لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە دەکات.

چەند رۆژێك دواترمستەر تاندی هاتە لام و وتی مەسەلەکەی لەگەڵ فیلد مارشاڵ ویلسن باسکردووەو هێرشەکە "بەتەواوی نمایشێکی عێراقی بووە" و بریتانیەکان نیگەرانی پشتگیریی رووسیا نەبوون لەودیوی سنوورەوە لە ئێران، چونکە پشتێنەیەك لە نێوان کوردەکانی عێراق و ئێراندا هەبوو کە کۆنترۆڵ دەکرا و بەو پێیە یارمەتی لە گرووپێکەوە بۆ ئەویتر نەدەچوو.

هەواڵنامەی کتێب

NE: GP MERRIAM: GC

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ١٣/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

(نهێنی)

ژمارە:٨٩٧

**بابەت: گەیاندنی یاداشتی گفتوگۆ لەگەڵ جی. ئێج. تۆمپسن، کاربەدەستی بەرپرسی بریتانی لە بەغدا**
**"دید و بۆچوونی راوێژکاری بریتانی لە سەر مەسەلەی کورد"**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**
**گەورەم:**

ئاماژە بە بروسکەکانی کۆمیسیۆن، ژمارە (٣٥٣) ی ١٢/ سێپتەمبەر، کاتژمێر ٦ ی دوانیوەڕۆ و ژمارە(٣٥٤)ی ١٣/ سێپتەمبەر، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ، شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە کە یاداشتێکی گفتوگۆ لەگەڵ مستەر جی. ئێج. تومپسنی کاربەدەستی باڵای بریتانیا لە بەغدا، کە لە لایەن رۆبەرت بی. مێمینگەرەوە ئامادەکراوە.

لەبەر رۆشنایی بابەتی ئەم یاداشتە بارودۆخی کورد شلۆقی و حاڵەتی حکومەتی عێراق، پەیماننامەی ئینگلۆ ـ عێراقی و بەپێی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە مستەر تۆمپسن لەم وڵاتەدا هەیەتی، وادەزانرێت کە ئەو دیدو بۆچوونەی بەو راستەخۆییە دەریدەبڕێت پێدەچێت لە بەرژەوەندیی بەشەکەدا بێت.

رەنگە بەشەکە ئارەزووی لەوە بێت بەتایبەتی سەرنجی ئەوە بدات کە مستەر تۆمپسن باوەڕی وایە کەوا هێرشەکەی عێراق لە کوردستاندا، هەرچەندە

دەستپێکردنێکی خراپیشە، بەڵام هێشتا هەر سەرکەوتوو دەبێت لە ئێستادا و وادیارە زۆر لە نزیکەوە پەیڕەوی ئامۆژگاریی جەنەراڵ رێنتن کراوە، کە بریتانیای مەزن هیچ دەست لەپشتدان و پارێزگارییەك دابین ناکات بۆ کەمینەکان لەم وڵاتەداو پێی خۆشە هەموو ببنە عێراقییەکی باش، چونکە ئامانجە ناوخۆییەکانی بریتانیا لێرە یارمەتیدانی عێراقە لە دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسوودەیی و پێشکەوتندا. هەڵبەتە باڵوێزخانەی بریتانی نیگەرانە لە هەڵوێست و کردەوەی حوکم لە عێراقداو پێدەچێت پەیمانی ئەنگلۆ ـ عێراقی چاوی پێدا بخشێنرێتەوە تا ئەو ئەندازەیەی بوار بەم وڵاتە بدرێت کە بەپێی بنەمایەکی یەکسان باڵوێز بگۆڕێتەوە لەگەڵ دەوڵەتە دۆستەکاندا.

لەگەڵ رێزی دڵسۆزتان

لەبری کاربەدەستی بەرپرس
رۆبەرت ب. مێمینگەر
سکرتێری دووەمی کۆمیسیۆن

هەواڵنامەی کیبر

# پاشکۆی ژمارە: ١

# نامەی ژمارە: ٨٩٧

١٣/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

(نهێنی)

## یاداشتی گفتوگۆ لەگەڵ مستەر جی. ئێج. تۆمپسن، کاربەدەستی بەرپرسی بریتانی.

## (رۆڵی بریتانیا لە هەوڵەکانی عێراقدا بۆ چارەسەری کێشەی کورد)

## بارودۆخی کورد

ئـەمڕۆ جـی. ئـێج. تۆمپـسنم بـانگکرد، سـەبارەت بـە پێـشنیازەکەی بـۆ باسکردنی بارودۆخی کورد لەگەڵیدا دوام. ئەو پێی وتم بەو هۆیەوە کە گەلـێ واتـەواتی دژ بەیەك و راپۆرتی درۆ دەگەنە بەغدا لە حاڵی حازردا و دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە نوێنەری ئەمریکی وێنەیەکی تەواوی رووداوەکانی کوردستانی لابێت. هەروەها دڵنیـای کردمەوە کە لە هەرکاتێکدا من پێویستم بە بـچووکترین زانیـاری هـەبوو کـە لای ئـەو بێت بتوانێ بمداتێ، نابێ دوودڵ بم لە داواکردنی.

تۆمپسن بە هێماکردنەوە بۆ ئەو شوێنەی ئێستا هێزەکانی عێراق تێیدا شەڕی مەلا مستەفا دەکەن، بە روونی باسی لەوە دەکرد کە ئەو رەتڵە عێراقییەی لە ئـاکرێوە بەرەو باکوور پێشڕەویی کردووە لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێت دینارتـە لـە رۆژهـەڵاتی ئاکرێوە لە لایەن کوردەکانەوە رێی پێگیراوە و دەڵێ لەم شەڕەدا عێراقییـەکان نزیکـەی سەد کەسـێکیان پێکـراوە و زیـانێکی بەرچـاویان لێکـەوتووە لـە چـەك و تەقەمـەنی و لەوانەش سێ رەشاشی هویتزەر کە یەکێکیان لـە لایـەن کوردەکانـەوە بـەکارهاتووە بـۆ ناچارکردنی خۆبەدەستەوەدانی بنکەیەکی پۆلیس لـە بلێ. هەوڵدان بـۆ فریاخستنی

زەخیرە و تەقەمەنی بۆ ئەم دوو فەوج و نیوە بە فڕۆکە کارێکی سەرکەوتوو نەبوو چونکە کوردەکان لە رووی پراکتیکەوە هەموو ئەو فریاگوزاریانەی لە ئاسمانەوە بەردەدرایەوە بۆ خۆیان دەیانگرتەوە. بەهەرحاڵ، ئەوەشی وت کە دوێنێ بە سەرسوڕمانەوە عێراقییەکان توانییان کاروانێك بارهەڵگر بنێرن و فریای هێزەکانیان بکەون. تۆمپسن گەیشتنی ئەم کاروانە بۆ شوێنی خۆی وا لێکدەداتەوە کە بەڵگە بێت بۆ ئەوەی هێزەکانی مەلا مستەفا زۆر لە ژمارەی ئەو دوو هەزار پیاوە کەمتربێت کە سوپای عێراق ئاماژەی بۆ دەکات.

ڕەتڵی دووەم کە لە رەواندزەوە پێشڕەویی کردووە گەیشتووەتە پردە ئاسنەکەی لای مەزنە، کە نیوەی رێیە بۆ مێرگەسوور و لەوێ وەستاوە و رەنگە نەتوانێت چیتر بچێتە پێشەوە چونکە کوردەکان پردەکەیان رووخاندووە و پێدەچێت بەمە نەخشە و پلانی هێرشەکەی عێراق تێکبشکێت.

ڕەتڵی سێیەم، کە لە پۆلیسی عێراق پێکدێت لە ئامێدییەوە پێشڕەویی کردووە و گەیشتووەتە سەر زێی گەورە لە رووی پراکتیکەوە بەرهەڵستکارییەکی ئەوتۆی نەهاتووەتە بەردەم. بەهەرحاڵ، ئەم رەتڵە هیچ پاڵپشتێکی لای راستەوە نیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئامێدی. تۆمپسن دەڵێ کەوا زۆر درەنگە لەم ساڵەدا هێرشێکی بەرفراوانی تر بکرێت و ئێستا جەنەراڵ رێنتن پلان دادەنێت بۆ:

١. مانەوە لە سەر خەتێك کە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا بچێت بە ناو کوردستانی باشووردا، بۆ نموونە، لە مەزنەوە بە سەر ئاکرێدا بۆ ئامێدی.

٢. بێزارکردنی کوردەکان بە تۆپبارانی خەست بە درێژایی زستان.

٣. ئەنجامدانی هێرشێکی گەورە لە بەهاری داهاتوودا. من لە مستەر تۆمپسنم پرسی ئاخۆ باوەڕی وایە کە عێراقییەکان توانای ئەوەیان هەیە بە درێژایی زستان لە کوردستاندا بمێننەوە؟ ئەویش لە وەڵامدا بە دڵنیاییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم سوپایە زستانی ساڵی پار لەم ناوچەیەدا مانۆڕی کردووە.

تۆمپسن تەلەگرافێکی پیشاندام کە لە ٢٩/ ئابدا ناردوویەتی بۆ لەندەن و ئیشارەت بەوە دەدات کە بۆ هەردوك رێنتن و پاچەچیی سەرۆك وەزیرانی روونکردووەتەوە کە کاتێك جەنەراڵ رێنتن لێرە تەنها لە پێگەی راوێژپێکردندا بووە و نە چاوەڕوان و نە داوای کردووە ئامۆژگاری و راوێژی پەیڕەوی بکرێت و دەستەی

ئەرکانی گشتیی عێراقی هەڵەیەکی گەورە و کوشندەی کردووە کە بە تەواوی پابەند نەبووە بە پێشنیاز و بۆچوونەکانی جەنەراڵ رێنتنەوە. من وای بۆ دەچم کە پاچەچی لەگەڵ تۆمپسن رێککەوتووە بۆ ئەوەی کاریگەریی خۆی بەکاربێنێ لە سەر ئەرکانی گشتی لەپێناوی کەمکردنەوەی کێشە و ئاستەنگی داهاتوودا. بەهەرحاڵ، وادیارە سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی تۆمپسن و نارەزاییەکانی رێنتن و کاریگەری پاچەچی، سوپای عێراق لە هێرشەکەی ٤/ سێپتەمبەردا تووشی ئەنجامێکی خراپ هات. لەم رووەوە تۆمپسن باس لەوە دەکات کە سوپای عێراق بەتەواوی فەوج و لیواکانیەوە تەنیا سێ لە سەر چواری هێزی شەڕکردنی هەیە و"ئەمەش زۆر مایەی نیگەرانیی رێنتنە". پاشان لە تۆمپسنم پرسی ئاخۆ ئەوە راستە یان نە کە جەنەراڵ رێنتن لە ١٠/ سێپتەمبەردا گەڕابێتەوە بۆ بەغدا بۆ نارەزایی دەربڕینی زیاتر لە سەر کەمتوانایی هەندێك لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی دەستەی ئەرکانی عێراق؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی بەڵێ ئەوە راستە و رێنتن بەتایبەتی ئارەزووی لەوەبوو دوو جەنەراڵ، کە ناوەکانیانی لەبیر نەماوە، لاببرێن لەبەر ناکارامەییان."یەك لەمانە بەپێی زانیاریی CICI جەنەراڵ مستەفا راغیب بووە کە فەرماندەی فیرقە و بەرپرسی ئۆپەراسیۆن بووە". بێجگە لەوەش ئەوەی باسکرد کە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی١٠/ سێپتەمبەر لێرە، ئێستا پێدەچێت رێبازەکەی رێنتن ئاسانتر بێت و لە ئێستا بە دواوە بەشێوەیەکی باشتر ئامۆژگارییەکانی پەیڕەوی دەکرێت. وادیارە تۆمپسن باوەڕی وایە عێراقییەکان لە سەر ئەو قەناعەتەن کە فەرماندەیەکی بەرپرس دەبێت شتێکی هەبێت کە لە وابەستەگیی سیاسیی زیاتر بێت و لە دیدی ئەوانەوە بە ڕێ و جێترە و لێرە بەدواوەش پەلامار و هێرش بۆ سەر کورد بە پلان دادەڕێژرێت.

## باکگراوند

تۆمپسن دەڵێت کە ئەو بەتایبەتی نیگەران بووە لەوەی کە من لە باکگراوندی بارودۆخی کوردی عێراق تێگەیشتووم. ئەو باسی لەوە دەکرد کە لە هاوینی ساڵی١٩٤١دا کاتێ کە داوا لە بریتانییەکان کرا ئەرکێکی سەربازی راپەڕێنن لەم وڵاتەدا، ئەوان دەیانزانی کە نە کەرەستە و پێداویستیان هەیە و نە ئەو توانا و

لێهاتووییەشیان هەیەو هێزە چەکدارەکانی عێراق بە شێوەیەکی گونجاو مەشق پێبکەن. بەو پێیە سوپای بریتانی مێجەر جەنەراڵ د. ج. براونلۆی وەك سەرۆك نوێنەری سوپایی بۆ عێراق دانا، کە ئەفسەرێکی سوارەی جەربەزەی قوتابخانەی کۆن بوو. جەنەراڵ براونلۆ راسپێردرابوو کە بە چاکترین شێوە عێراقییەکان مەشق پێبکات و وایان لێبکات تا لە توانایاندا بێت فێری رمبازی و جریتبازی بن. براونلۆ کارەکەی بە شێوەیەکی بەجێ و سەرسامکەر بەجێهێنا، لێرە تا ساڵی١٩٤٣ کاتێك کە مەلا مستەفا و بارزانییەکانی لە حکومەت یاخیبوون. سوپای عێراق نائامادە و بێ تفاق دەسبەجێ بەرەوڕووی مەسەلەکە کرایەوە و ملهوڕانە بەنێو چیاکانی کورددا کەوتەڕێ و لەوێ تفەنگچییە کارامەکانی مەلا مستەفا رێیان پێگرتن.

پاشان باڵیۆزخانەی بریتانی ئامۆژگاریی حکومەتی عێراقی کرد کە پاساوی زۆریان هەیە بۆ سکاڵاکردن و بەو پێیە دەبێت هەنگاوی بەپەلە بنرێت بۆ ئەوەی شتێکیان بۆ بکرێت. بەپێی قسەی تۆمپسن بێت حکومەتی عێراق ئەم ئامۆژگارییەی بە هەند وەرگرتووە و یارمەتیی باشی خەڵکی کوردی کردووە لە پۆشاك و خۆراك و شتی لەم جۆرەدا و لەهەمان کاتیشدا کەوتە پلاندانان بۆ دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە لە ناوچە کوردنشینە جۆراوجۆرەکاندا. هەڵبەتە ئەم کارە پڕبوو لە ناتەواوی و کەموکووڕیی و نیازپاکیی لەگەڵدا نەبوو، بۆیە خۆی رانەگرت و نەچووەسەر.

بۆ بەهاری ساڵی١٩٤٤بریتانییەکان پێگەیەکی وایان پەیداکرد کە بتوانن یارمەتیی بەرچاو و زیاتر بە سوپای عێراق بکەن، کە بە تەواوی ئارەزوویان لێبوو (وەك ئێستاش وان) بیکەنە هێزێکی شەڕکەری بەتوانا بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی ئەم وڵاتە لە هەموو کاتێکدا. لەبەرئەوە کەرەستە و تفاقی سەربازییان بۆ ناردن و جەنەراڵ ج. م. ل. رێنتن کرا بە بەرپرسی نوێنەری سەربازی لێرە، کە ئەفسەرێك بوو ساڵانێکی زۆری ئەزموونی هەبوو و فەرماندەیی فیرقەی سەربازیی هەشتی کردبوو لە هێرشی دژی رۆمەڵدا. جەنەراڵ رێنتن، کە کەسێکی جیددی و کارامە بوو، بەرپرسە عێراقییەکانی فێری ئەزموون و دڵگەرمیی کرد و بێگومان بەشێوەیەکی سەرسامکەر پەرەی پێدان.

بۆ تەموزی ساڵی١٩٤٥ حکومەتی عێراق بە رادەیەکی باش بارودۆخی ژیانی لە کوردستان پێشخست و بڕیاریدا تا سەر بڕوات و لێبووردن بۆ مەلا مستەفا و

شوێنکەوتووانی دەربکات. بەهەرحاڵ، بۆ بەدبەختی، وەك تۆمپسن ئیشارەتی پێدەدا، بۆ گاڵتەجاڕی دەوران هێشتا مرەکەبی لێبووردنەکە وشك نەبووبووەوە مەلا مستەفا بەشێوەیەکی ملهوڕانە و بە مۆدێلێکی دیکتاتۆریانە ڕەفتاری کرد و بە ئاشکرا بەرەنگاری دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بووەوە. باڵیۆزخانەی بریتانیا ئاگاداری کردەوە کە بەتەمای پیشتگیری بریتانیا نەبێت و دەسەڵاتدرانی عێراق هەموو هەوڵێکی گونجاویان دا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکەن کە هەرچیەك بووە و دەبێت ئەو هاوولاتییەکی عێراقییە. بەهەرحاڵ، مەلا گوێی بۆ لۆجیکی ئەقڵ نەگرت و مستەفا عومەریی وەزیری ناوخۆی عێراق تۆمپسنی ئاگادار کردەوە کە بڕیاریداوە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەیەکجاری چاری دەردی مەلا مستەفا بکات. تۆمپسن دەڵێت "من بەم بڕیارە ڕازی بووم و ئێستا جاربەجار بیری لێدەکەمەوە ئاخۆ ڕاست بووم یان نە. بەهەرحاڵ، من وای بۆ دەچم کە ڕاست بووبێتم". تۆمپسن هۆشداریی دەداتە عومەری کە ناوچە کوردییەکان سەختە و کوردیش گەریلای جەنگاوەری بەدەستوبردن و هەرچەندە بێگومان سوپای عێراق پەرەیسەندووە، بەلام تا ئێستا شەڕی تاقی نەکردووەتەوە. بەو پێیە، ئەو پێشنیاری کرد کە حکومەتی عێراق هەموو هەوڵێك بدات کار بکرێتە سەر دەستەی ئەرکانی گشتی کە پێویستە بە وردی پابەندی ئامۆژگاریی جەنەراڵ ڕێنتن و یاریدەدەرە بریتانییەکانی بن. پێدەچێت تۆمپسن قەناعەتی بەوە کردبێت کە ئەگەر بە وردی پەیڕەوی ئامۆژگاریی جەنەراڵ بکرێت ئەوە لەوانەیە لەمساڵدا مەلا مستەفا خۆ بداتە دەستەوە.

تۆمپسن دەڵێت کەوا ناتوانێ لەوە ڕابمێنێ ئاخۆ لە کوێ ڕیچارد ویندهام، زانیاریی بەدەستهێناوە لە چیرۆکەکەی جیرۆسەلیمدا لە سەر هێرشی کورد و ئەو دڵنیا بووە لەوەی کە باڵیۆزخانە لە بەغدا هیچ زانیارییەکی لە سەر ئەم مەسەلەیە نەداوەتە جیرۆسەلیم. من دڵنیام کردەوە کە تەنها کۆمێنت لە سەر بارودۆخی کورد لە لایەن کۆمیسیۆنەکەمانەوە کە بۆ جیرۆسەلیم دووپات کرابێتەوە لە کورتە ڕاپۆرتی سیاسیی مانگانەی مندا بووە بۆ مانگی ئاب و پاش بلاوبوونەوەی چیرۆکەکەی ویندهان نێردراوە بۆ جیروسەلیم.

دواجار تۆمپسن ئەوەشی بۆ ئیزافە کرد کەوا ئەو نکوولی کردنە گاڵتەئامێزەی یاخیبوون لە کوردستاندا کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەرچووە

راستەوخۆ لە دوای بڵاوبوونەوەی برووسکەکەی ویندهان بە هیچ شێوەیەك باش نیە و ڕەنگە کاریگەریی خراپیشی هەبێت لە سەر بارودۆخی گشتی.

بە گەڕانەوە سەر واتەواتی دەست لە پشتدانی رووسیا بۆ کوردەکان، تۆمپسن جەخت لەوە دەکاتەوە بەڵگەیەکی وای نەبینیوە بیسەلمێنێ کە رووسەکان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بەو مەسەلەیەوە هەبووبێت. بەهەرحاڵ، ئەو باسی لەوەش کرد کە هەندێك ئەندامی ستافی نوێنەری سۆڤێتی لێرە کەوتبوونە گفتوگۆیەکی بەرچاوی کراوەوە بە رەچاکردنی پێگەی بریتانیا لەم مەسەلەیەدا. (تۆمپسن بە ئاشکرا ئاماژە بۆ سەفەرۆڤی مولحەقی سۆڤییەتی دەکات کە لێم بیستووەتەوە بە خەڵکی جۆراوجۆری عێراقی وتووە گوایە بریتانیەکان وازیان لە هێرشی کورد هێناوە لە پێناوی پاراستنی پێگەی خۆیان لێرە).

لە ئەنجامی گفتوگۆکەماندا لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، تۆمپسن بەبایەخەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە تەواوی هێرش و پەلامارەکە لە هەموو روویەکیەوە عێراقییە و باس لەوە دەکات کە بریتانیەکان حەزیان کردووە ئەم وڵاتە ببێتە وڵاتێکی یەکگرتووی گەشەکردوو کە ئاشتیی تێیدا بەرقەرار بێت و سیاسەتی بریتانیا لێرە تەرخانە بۆ ئەم ئامانجانە. هەروەها ئەو بیروبۆچوونەی کوردستانێکی سەربەخۆی وا لێکدایەوە کە کاری کردە نیە و جێی گاڵتە و پێکەنینە و گرووپە کەمینەکان لێرە دەبێت لەو راستییە بگەن کە ئەوان عێراقین و ناتوانن پشت بە بریتانیا ببەستن لە پشتگیری یان پاراستنیاندا.

## جێنشینی تەختی پاشایی (وەسی)

جارێکیان تەلەفۆن کردنێك قسەکانی پێ بڕین و پێدەچێت تۆمپسنی بە تەواوی تووڕە کردبێت. پاشان پێی وتم کە پەیوەندیی بە داواکاریی وەسییەوە هەبوو، یان رێك و رەوانتر بیڵێین داواکارییە بۆ فڕۆکەیەك جێی هەشت کەسی تێدا بێتەوە لەگەڵ تەواوی جل و جانتایاندا، بنێردرێت بۆ ئەنکەرە و وەسی و هاوڕێکانی بگێڕێتەوە بۆ بەغدا. تۆمپسن بە دەم تووڕەیی و گاڵتە پێکردنەوە دەیوت: "تۆ بیری لێبکەرەوە ئەو تاقمە چەندیان جل و جانتا پێیە!". پاشان پێی وتم کە وەسی زۆر بە سادەیی داوای لە بریتانیەکان کردووە کەشتییەکی جەنگی و دوو کەشتیی تێکشکێن (مدمرە) بنێرن بۆ نابلس بۆی تاوەکو لەوێوە بە شێوازێکی شازادانە گەشتی ئەستەمبووڵ بکات وەك

راهاتبوو لە سەری. لە راستیدا تۆمپسن وتی وەسی بەردەوام بە شێوەیەکی نابەجێ گەشە دەکات و بەتەواوی چاوپۆشیی لەو راستییە دەکات کە رۆژگاری شازادە ملهوڕەکان بەسەرچووە. ئەو دەڵێت کە وەسی هیچ شتێك لە مانای "دەستگرۆیی خانەدانان" نازانێت و لە ژیانی خەڵك تێناگات. هەروەها دەڵێت، بۆ بەدبەختی کۆمەڵە خەڵکێکی نەفام و نەزان لە دەوروپشتی ئەون و تەنها بەڵێی بۆ دەکەن و کاریگەری و بەهایان نەهێشتووە. هەڵبەتە دەبێ میر زەید قەناعەت پێبکرێت کە وەك راوێژکاری وەسی لە دەربارەدا بمێنێتەوە، چونکە ئەو تاقە پیاوە کە ئەزموون و رۆشنبیرییەکی باشی هەیە و عەبدولئیلاە گوێ لە راوێژ و ئامۆژگاریی دەگرێت.

تۆمپسن وتی کە ئەو بە شێوەیەکی تایبەتی لە داواکاریی وەسی نیگەران بووە بۆ گۆڕینەوەی دۆلارێکی زۆر بۆ ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خەرجی بکات و ئاماژە بەوە دەکات کە بڕی سەد هەزار دۆلار دراوە بە وەسی لە پێش گەشتەکەیدا بۆ ئەمریکا، کە هەر ئەو وڵاتە تەواوی خەرج و مەسرەفی لەئەستۆ گرتووە و داواکاریشی بۆ بڕی دووسەدهەزار دۆلاری ئیراقی پێچەوانەی ئەقڵ و لۆجیکە. تۆمپسن دەڵێت وا هەست دەکەم وەسی لێم تووڕەیە چونکە ئەم بڕە پارە ئیزافییەم رەتکردووەتەوە، کە لە هەموو حاڵەتێکدا هەر دەبوو وای بکردایە. ئەوجا ئەوەشی وت کە حاڵەتەکەی بۆ دوکتۆر سندەرسن باسکردووە پێش ئەوەی بچێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وەسیدا و هانیداوە بۆ ئەوەی مەسەلە بنەڕەتییەکان بخاتە مێشکی عەبدولئیلاهی کەللەڕەقەوە. تۆمپسن بە تەواوی ئاگادار بوو لە کڕینی ئەو خشڵ و زێڕەی نرخی ٢٢٥ هەزار دۆلار بوو لە لایەن وەسییەوە لە بازاڕی کارتیر لە نیویۆرك و دایبەزاندووە بۆ ئەو سەد هەزار دۆلارەی قەرزی کردبوو. پێناچێت ئەو زانیبێتی کە ئەم پارەیە لە مارسیل واگنەرەوە بەدەستهاتووە و منیش پێم نەوتووە. ئەو وایدادەنێت کە وەسی ئەم خشڵ و زێڕە بە سەد لە سەدی قازانج دەفرۆشێتەوە. پێدەچوو تۆمپسن زۆری بایەخ دابێت بە هەڵوێستی گشتیی وەسی و ترسی ئەوەی کە لە گەڕانەوەیدا مامەڵەیەکی باش لەگەڵ کێشەکاندا بکرێت. ئەوجا رێکوڕەوان وتی وەسی کلیلی تەواوی مەسەلەکان بووە لەم وڵاتەدا و بە ئاسانی دەبوو لە سەر خەت بمێنێتەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێستا مەحاڵە هیچ شتێك لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بکرێت چونکە هەموو ئەندامێکی کابینەکە چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە وەسی لە گەڕانەوەیدا لە سەر کار لایبات.

تۆمپسن واتێدەگات کە وەسی حەز دەکات نوری پاشا و خۆی، وەك ژمارەیەك لەوانیتر کە من تازە قسەم لەگەڵ کردوون، ئەم کارە بە مەحاڵ دەزانن لە روانگەی ئەو شکۆ دابەزینەوە کە نوری پاشا لەم چەند مانگەدا تووشی هات. تۆمپسن وای لێکدەداتەوە کە دەبێت گفتوگۆیەکی زۆر گەرموگوڕ لەگەڵ وەسی بکات لە گەڕانەوەیدا.

## حکومەتی ئێستا

تۆمپسن وای لەقەڵەم دەدا کە حکومەتی ئێستای عێراق یەکێکە لە باشترین ئەو حکومەتانە لەم وڵاتەدا هاتوونەتە سەرکار چونکە لەڕووی پراکتیکەوە هەموو ئەندامانی تا رادەیەك بەتوانا و کارامەن. من پێم وتن کە بەگشتی شتی زۆر باشم لە ئەندامانی حکومەتەکەی پاچەچی بیستووە، بەڵام ئەو رەخنە بەرچاوە پێدەچێت ناوبەناو لە دژی مستەفا عومەری قوت بکرێتەوە. تۆمپسن لە وەڵامدا وتی ئەم نیگەرانییە رەنگە پەیوەندیی بە پەرۆشیی وەزیری ناوخۆوە بێت بۆ پارە، بەڵام من دەبێت تێبگەم کە هەڵوێستی عێراقییەك و بەتایبەتی سیاسەتمەدارێکی عێراقی لە بەرانبەر کاری قورس و بەرتیل خواردندا بەئاشکرا جیاوازترە لە کەسێکی ئەنگلۆسەکسۆن.

## دامەزراندنی باڵیۆز

لەبارەی دەنگۆی ئەوەوە لە تۆمپسنم پرسی ئاخۆ میر زەید وەك یەکەم باڵیۆزی عێراق دەچێت بۆ لەندەن. ئەویش لە وەڵامدا وتی نازانێت بەڵام ناخوازێت ئەو هەواڵە راست بێت چونکە لێرە زۆریان پێویستە. پاشان لێم پرسی ئاخۆ دەرفەتی ئەوە هەیە پەیماننامەی ئەنگلۆ ـ عێراقی بە جۆرێکی وا دەسکاری بکرێت کە بوار بە گۆڕینەوەی باڵیۆز بدات لەگەڵ وڵاتانی تردا و ئەمیش لە وەڵامدا زۆر بە دیاریکراوی وتی "بەڵێ" و ئەوەشی بەدوادا وت کە بریتانیەکان حاڵی حازر ستۆنهیوەر ـ بێرد یان وەك باڵیۆز بۆ عێراق داناوە و بێگومان بۆ ماوەی پێنج یان شەشساڵی داهاتوو لێرە دەیهێڵنەوە. بێجگە لەوەش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆرێك لە کێشە و زەحمەتی بریتانییەکان لەم وڵاتەدا لە میانەی ساڵەکانی١٩٣٠کاندا بەدوای یەکدا هاتنی ماوە کورتی کەسانی گەوج و نەفام بووە وەك سەرۆك و دەمڕاستی ئەرك و کارەکان لێرە. تۆمپسن پێی وایە کە لەندەن دامەزراندنی باڵیۆزێکی ئەمریکیی پێخۆشە لە بەغدا،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە بوونی پێشتری باڵیۆزی بریتانی ڕەنگە بۆ ماوەیەك پەیوەندییە ئەنگلۆ ـ ئەمەریکییەکان لێرە بەهێز بکات و ورەی عێراقییەکانیش بەرز بکاتەوە. تۆمپسن بە شێوەیەکی شەخسی وتی ئەو پەیوەندیی دیبلۆماسیی کەمی بەکارهێناوە و باوەڕی وایە ئەگەر پێگەی بریتانیا پشت بەوە ببەستێ کە نوێنەرەکەی چووبێتە دەرگایەکەوە بۆ یەکەمجار یان دووەمجار، ئەوە مانای وایە کە بریتانیا بە تەواوەتی لە سەر ڕێگەیەکی خراپە. بەهەرحاڵ، ئەوەشی خستە سەر کە ئەسبەقیەت شتێکی تایبەتی دەگەیەنێت بۆ کڵاو برۆنزییەکانی وایتهۆڵ بێت و بەو پێیەش ئەم خاڵە وا دەردەکەوێت کە چارەسەر بووبێت. پاشان بە بایەخ پێدانەوە ئەوەشی باسکرد گوایە "گوێ بیست" بووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەدا بووە باڵیۆزێك لە قاهیرە دامەزرێنێت و ئەمریکییەکان لەم ڕووەوە ڕاوێژیان بە بریتانیەکان نەکردووە. تۆمپسن دەڵێت، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوە ڕەنگە دۆخەکە بە بارێکی باشدا بگۆڕێت. منیش لە وەڵامدا وتم لەکاتێکدا کە گوێم لە هیچ پلانێك نەبووە بۆ دامەزراندنی باڵیۆزێك لە میسر، بەڵام وا تێگەیشتووم کە لە دواجاردا ئومێدەوارین باڵیۆزمان لە هەموو وڵاتەکاندا هەبێت. تۆمپسن کۆك بوو لە سەر ئەوەی کە بیروبۆچونێکی تۆکمە هەیە و بەهیوایە بریتانیای گەورەش پەیڕەویی بکات. پاشان بەبایەخەوە ئەوەی دووپاتکردەوە کە مەسەلەیەکی گران نیە ئەنجامگیریی ئەوە بکەیت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەنیاز نیە وەزیرێکی تر بۆ عێراق دابمەزرێنێت. من هیچم نەوت ئاماژە بێت بۆ ئەو باوەڕەی کە ئەم ئەنجامگیرییە هەڵەیە.

ڕۆبەرت ب. مێمینگەر

سکرتێری دووەمی کۆمیسیۆن

RBM / HD

# کۆمیسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا

١٨/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

(نهێنی)

**گۆردن پ. میریام**
**سەرۆکی بەشی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک،**
**وەزارەتی دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**بەڕێز گۆردن**

ج. هـ. تۆمپسنی بەرپرسی بریتانی لێرە، دوێنێ بانگهێشتی کردووم بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی راپۆرتێکی باڵیۆزخانەوە لە واشنتۆن لە سەر ئەوەی کە سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوە بە شێوەیەکی نارەسمی "هەندێ شتی" دەربڕیوە سەبارەت بە ئەگەری مەترسییەکانی دۆخی کورد و ئەو "پشتگیرییەی لە سوپای عێراق دەکرێت لە لایەن هێزە چەکدارەکانی بریتانیاوە". وەك دەزانن هێرشکردنە سەر کورد بەزۆری بە دەستخۆشی و دەست لەپشتدانی بریتانیا بەڕێوەدەچێت وەك لە یاداشتی ١٢/ سێپەمبەر/١٩٤٥مدا هاتووە کە لەگەڵ نامەی ژمارە (٨٩٧)ی ١٣/ سێپتەمبەر/١٩٤٥دا، کە تێیدا تۆمپسن ئیددیعای ئەوە دەکات گوایە تەنها ئەو کاتە رەزامەندیی لە سەر هێرشەکە دەربڕیوە کە لە لایەن وەزیری ناوخۆوە پێشنیاز کراوە. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەمە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر بریتانیەکان نمایشەکەیان دەست پێنەکرد و ئەگەر تووشی زەحمەتی هاتن لەگەڵ ئاڕاستەی ئەو هێرشەدا، ئەو دەمە دەگونجێ هەر لە سەرەتاوە خەفە و سەرکوتی بکەن. هێرشەکە بە هیچ شێوەیەك بە پێی پلان بەڕێوەناچێت و بەو پێیە تەنانەت هێند ساردوسڕە کە وای لە دیپلۆماتێکی وەك تۆمپسن کردووە بە تایبەتی هەستیار بێت بۆ هەر رەخنەیەك. بۆ خۆشبەختی من توانیم پەیوەندییەکی زۆر نزیك و دۆستانە لەگەڵ

تۆمپسن دابمەزرێنم و قسە و گفتوگۆی لەگەڵ مندا پێدەچوو زیاتر هەوڵ و کۆشش بێت بۆ تێگەیشتن لە زیادەڕۆیی راپۆرتکاری لە لایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە.

من بۆ تۆمپسنم روونکردەوە کە دەستەواژەی "بە هەندێك بایەخەوە تێبینی کراوە" زۆر کورت دەهێنێت لەگەڵ تێبینی کردن و نیگەرانیی لەوەی کە بە دڵنیاییەوە بە پرۆتێستێك لە سەر سیاسەتی بریتانیا لە بەرانبەر کورددا لەقەڵەم نادرێت. ئەوجا من پێم وت کەوا کۆکردنەوەی چواردە هەزار سەرباز لە ناوچەیەکدا شتێك نەبوو کە هەموو دوای نیوەڕۆیەك رووبدات و بە رای من خۆی لە خۆیدا ئەوە نەبوو ببێتە هۆکارێکی "بە هەند وەرگرتن" نەك بۆ کورد و عێراقی و بریتانییەکان بەڵکو بۆ هەر وڵاتێك بیەوێت دنیا ئاسوودە و پێشکەوتوو بێت. پاشان من پێم لەوەنا کە دەستەواژەی "لە لایەن هێزە چەکدارەکانی بریتانیاوە پشتگیری دەکرێت" بێگومان زیادەڕۆییە چونکە جەنەراڵ و یاریدەدەرە بریتانیەکانی لە ژێر رکێفی حکومەتی عێراقدا بوون و تەنها بواری پێشنیازکردنیان هەبوو نەك فەرمانکردن. بەهەرحاڵ، من لێم پرسی ئاخۆ رازی نابێت ئەگەر جەنەراڵ رێنتن سەرکەوتوو نەبوو لە راگرتنی هێرشی سوپای عێراقدا لە ناوەڕاستی ئابەوە تا چواردەی سێپتەمبەر چونکە بارودۆخ بۆ عێراقییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو خراپ دەبێت. ئەو لە سەر ئەم رایە کۆك نەبوو و ئەوەشی وت کە ئەگەر سوپای عێراق ئێستا هێرش بکات ئەوە کاردانەوەی لە نزیك ئاکرێدا کارەساتاوی دەبێت.

تۆمپسن وەڵامەکەی خۆی پیشاندام کە بۆ لەندەنی ناردبوو، وەك بیرم بێتەوە، کورتەیەك بوو سەبارەت بەوەی کە مەلا مستەفا بووە بە فەرماندەی باندێکی جەردە و هێرشەکە سەد لە سەد کارێکی عێراقییە و ئەرکی سەربازیی بریتانیا تەنها راوێژ پێکردنە و فرە جاریش پەیڕەویی پرس و رای ناکرێت. هەروەها چووە سەر هەڵسەنگاندنی ترسە دەربڕاوەکانمان کە بارودۆخی کورد رەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك "شتێکی بێمانا". من بە ئازادانە پێم لەوەنا کە ئەمەم بە ئەنجامێکی خوازراو دانەناوە و بۆم روونکردەوە کە ئەم ئەرکە تەواو رێگرە لە ئارەزووی سروشتی، چونکە ژمارەیەکی کەمی ئەفسەرە هەواڵگرییەکانی، ناوبەناو مەترسی رووسیایان دەهێنایە ئاراوە. هەروەها پێیشم لەوەنا کە دەرنەکەوتووە هیچ کەسێك بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگیی بە شەڕی کورد و فارس بدات لە ئێراندا کە

پێدەچێت ماوەی چەند مانگێك بێ گرێ و گرفت بەڕێوەچوبێت. بەهەرحاڵ من وا هەست دەکەم کە هەر جەنگێك، چەند بچووکیش بووبێت، مەترسیدار بووە و تیۆری ناکۆکیی ناوخۆیی زیانێکی گەورەی بەرپاکردووە بۆ چەندین گەورە پیاوی بەدناو تەنانەت لە مێژووی نوێشدا.

ئەنجام من بە تۆمپسنم وت کە تۆ بە شێوەیەکی بەرچاو ئارام و لە سەرخۆ و زیرەکانە بایەخت بە شتەکان داوە و ئەو وای هەست دەکرد زیادەڕۆییەکی لەو چەشنە کە روویداوە پێدەچێت بە هۆی خراپ تێگەیشتنێکەوە بووبێت لە لایەن ئەندامێکی ستافی باڵیۆزخانەی واشنتۆنەوە کە دەڵێت گوایە قسەی لەگەڵ کراوە.

ئەمە وایکرد ئەو تارادەیەك ببێتە بەرگریکار و وتی کەوا "ئەو راپۆرتانەی پێدەچوو واشنتۆن نیگەران بکەن" بە ئاشکرا لە ئێرانەوە دەهاتن. من مەسەلەکەم بەو بارەدا برد کە وەك تۆ سوپاسگوزاری ئەوەی کە لە کاتێکدا ئێمە بە دڵنیاییەوە هەموو کارێکی گونجاو دەکەین بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانمان، زۆر گرنگە و بەشێوەیەکی تایبەتیش پێویستە تەبا و گونجاو بین لەگەڵ بریتانییەکاندا. بەهەرحاڵ وا پێدەچوو بە تەواوەتی قەناعەتی بە هەموو شتێك کردبێت و وتی بە دڵنیاییەوە هیچ نیازێکی نەبووە کە من ئیحراج بکات، یان شتی لەو بابەتە، بەڵام ئەوەشی وت کەوا هەستی کردووە کەوا دەبێت سەرنجم بۆ مەسەلەکە رابکێشێت. منیش لای خۆمەوە، وام هەست دەکرد کە لە کاتێکدا هیچم دەست نەکەوت هیچیشم نەدۆڕاند. وا تێدەگەم کە کارێکی ئاقڵانەیە ئەم چیرۆکەت بە نامەیەکی شەخسی پێڕابگەیەنم و هیوادارم تۆش هەمان بۆچوونت هەبێت.

لەگەڵ رێزی زۆرم

دڵسۆزتان

رۆبەرت ب. مێمینگەر

هەواڵنامەی کتێب

٤/ ئۆکتۆبەر/١٩٤٥
**رۆبەرت ب. مێمینگەر، ئێسکوایەر،**
**سکرتێری دووەم**
**کۆمیسیۆنی ئەمریکی**
**بەغدا.**

هەواڵنامەی کتێب

**بەڕێز بۆب**

زۆر سوپاس بۆ نامەکەی ١٨/ سێپتەمبەرت، کە ئاگادارت کردمەوە لەبارەی گفتوگۆی ڕۆژی پێشترتەوە لەگەڵ بەرپرسی بریتانیدا سەبارەت بەو گفتوگۆیەی کە من لەگەڵ تاندیی باڵیۆزخانەی بریتانیا کردم لە ٧/ سێپتەمبەردا.

پێموایە لە یاداشتی گفتوگۆکەدا دەردەکەوێت، کە لەوانەیە ئێستا پێتگەیشتبێت، کەوا زیاد لە قەبارەی خۆیت داوەتە تاندی. لە ڕاستیدا ئەو لەم مەسەلەیەدا میشێل ڕایتی هەڵناوە کە بە عادەت ئێمە ئەم شتانەی لەگەڵ باسدەکەین بەڵام ئەزموونی لەگەڵ کاری دیپلۆماتیدا نیە و حاڵی حازر لە شاری ئیندیاناپۆلیسەوە هاتووە بۆ واشینتۆن، کە کونسوڵی بریتانی بوو تێیدا. لای خۆشمانەوە من ئەوپەڕی توانام بەکارهێنا بۆ ئەوەی گفتوگۆکە هێدی بکەمەوە. هەستی بنەڕەتیی ئێمە ئەوە بوو کە لەکاتێکدا ئەنجامەکان دیار نەبوون، بەڵام هێشتا شتەکان لە دەوری ئەوە دەسووڕانەوە تەمومژاوی بن و ئەگەر بە هەر هۆیەك بێت بریتانیەکان تووشی کێشە و گرفتی جیددی بوونەوە پێدەچێت داوای یارمەتیمان لێبکەن بە هەر ڕێگەیەك بێت.

مەبەستی ئێمەش ئەوە بوو بریتانیەکان وریا بکەینەوە کە ئێمە بەئاگاین لەم مەسەلەیە و ئومێدمان وابوو کە بە هەر شێوەیەك بووە وایان بیر نەکردایەتەوە ئەگەری جۆراوجۆر پیادە بکەن و لێکدانەوەی وردیان بۆ بکردایە و رێکخستنی بەرژەوەندیی ئێمە رەنگە هۆکار بوو‌بێت بۆ ئەوەی وابکەن.

ئەمە بۆ من وا دەگەیەنێت کە تۆ مەسەلەکەت بەوپەڕی باشی وەرگرتووە و من رێك دەمەوێت ئەوە ئیزافە بکەم کە بەتەواوی ئاگادارم لە پەیامەکانی کۆمیسیۆن سەبارەت بەوەی کە هێزە چەکدارەکانی بریتانیا پشتگیریی عێراقیەکانیان نەکردووە. لە راستیدا من بیرم دێتەوە کە تاندی لێی پرسیم ئاخۆ لەوە گەیشتووم کە بریتانیا پشتگیریی لەو چەشنەیان ئامادە کردووە و منیش بە نەگەتیڤ وەڵامم دایەوە.

هەڵبەتە ئەگەر ئێمە بە راستی لە سەر ئەم مەسەلەیە گەروگوڕ بین ئەوە نزیکبوونەوە و مامەڵەمان لەگەڵ بریتانیەکان دەکەوێتە ئاستێکی زۆر بەرزترەوە. لە روانگەیەکی ترەوە مشتومڕەکە لە سەر ئەوە بوو ئەگەر بە هەر شێوەیەك بووە شتەکان گەرم بوون، ئەوکاتە ناتوانرێت بوترێت ئێمە لە ئاست گۆڕانکارییەکاندا بێ ئاگاین.

رێز و سڵاوی گەرمم بۆت هەیە و بەهیوام بەغدا فێنکی کردبێت و ئەم بەیانییە پلەی گەرما لێرە ٣٤ بوو (فەهرنهایت ـ و)، ئەوەش زۆر زووە بۆ واشنتۆن لەم کاتەی ساڵدا.

دڵسۆزتان

گۆردن پ. میریام

# کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ٢٧/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

(نهێنی)

ژمارە: ٩٠٩

**بابەت: ناردنی وەرگێڕانی بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیست کە بە کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

ئاماژە بە نوسراوی ژمارە (٧٨٣)ی کۆمیسیۆن لە ٢١/ حوزێران/١٩٤٥دا، شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە وەرگێڕانی بڵاوکراوەیەکتان بۆ بنێرم کە لە لایەن کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە. بە پێی بارەگای ناوخۆی دەزگای هەواڵگریی بریتانیا کە ئەم وەرگێڕانە هاوپێچەی ناردووە بۆ کۆمیسیۆن، سەدان کۆپی لەم بڵاوکراوەیە بە شێوەیەکی رووخێنەرانە لێرە بڵاوکراوەتەوە.

سەرنج دەدرێت کە بڵاوکراوەکە سکاڵای ئەوە دەکات ئەرکی باڵوێزخانە و سوپای بریتانی هاندانی پەلاماردانی کورد بووە لە پێناوی بەهێزکردنی کاریگەریی بریتانیا لەم ناوچەیەدا لە ڕێگەی بەرپاکردنی ناکۆکی لە نێوان عەرەب و کورددا و ئیدانەی ئەو دەنگۆ و واتەواتەی بریتانیا دەکات کە دەڵێت گوایە مەلا مستەفای یاخیبوو لە لایەن سۆڤییێتەوە هاوکاریی دەکرێت و بەیانەکە ئەم شەش داواکارییەی خوارەوەی تێدایە:

(أ) دەسبەجێ ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا.

(ب) بەرەڵاکردنی تەواوی گیراوەکان کە بە هۆی ئەم هێرش و پەلامارەوە دەسگیر کراون.
(ت) هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی عورفی و سەربازی لە ناوچەی بارزاندا و گێڕانەوەی هێزەکانی عێراق بۆ سەربازگەکانی خۆیان.
(پ) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی بارزان و دادگایی کردنێکی ئاشکرای هاندەرانی.
(ج) هەڵگرتنی یاساکانی کوتوپڕی.
(ح) سزادانی ئەوانەی برەو بە واتەواتی درۆ دەدەن.

ژمارە کەمەکانی ئەم دواییەی ڕۆژنامەی (ئەلقاعیدە)، کە بڵاوکراوەیەکی نهێنیی حیزبی کۆمۆنیستە و لێرە مانگی دوو جار دەردەکەوێت، زۆر بەگەرمی پشتی کورد دەگرێت و بەعادەت زۆر بەتوندیش دژی بریتانیایە. بەهەرحاڵ، ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام پێ لە سەر مافی زیاتری کرێکارانی عێراق دادەگرێت و بەردەوام بریتانیا خەتابار دەکات لەمەڕ کێشەی کوردستان کە تەنها هۆکاری خراپە و ناعەدالەتیی ئیمپریالیزمی بەرهێناوە.

لەکاتێکدا ئەم هێرشانەی کۆمۆنیستەکان بۆ سەر بریتانیا و حکومەتی عێراق سەبارەت بە هێرش و پەلاماری دژ بە کورد هەندێك بایەخی خۆیان هەیە، تا ئەو ئاستەی هەوادارانی ناوخۆی حیزبەکە دەگرێتەوە و هێشتا هەر بەڵگە نیە لە سەر هاندان و پشتگیریی سۆڤییێت بۆ بارزانییەکان.

لەگەڵ ڕێزی دڵسۆزتان

ویلیەم د. مۆرلاند
کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هاوپێچ:
ـ وەرگێڕانی بڵاوکراوەی پارتی کۆمۆنیست کە بە کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.
ـ فایلی ژمارە: ٨٠٠
WDM / HD

هەواڵنامەی کیبڕ

## پاشکۆی نامەی ژمارە: ٩٠٩

ڕۆژی ٢٧/ سێپتەمبەر/١٩٤٥

**بابەت: ناردنی وەرگێڕانی بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیست کە بە کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.**

٢٨/ سێپتەمبەر /١٩٤٥

## مەسەلەی بارزان

میللەتانی ئازادی جیهان جەنگی سامناکیان تاقیکردووەتەوە و ملیۆنان ڕۆڵەی خۆیان کردووەتە قوربانی و پارەیەکی هێجگار زۆریان خەرجکردووە بۆ ڕامالینی ترس و تیرۆری نازی و دابینکردنی نان و ئازادی بۆ گەلان. گەلی عێراق ـ بە عەرەب و کوردەوە ـ کۆششی زۆر گەورەیان کردووە لەم ڕووەوە و هەموو سەرچاوەکانی ولاتیان خستووەتە خزمەتی کۆششی جەنگەوە. گەلی عێراق ئەم کارەیان تەنها بۆ تێکشکاندنی دڕندەی فاشی و ڕەفتارەکانی نەکردووە لە ئەوروپادا بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی ولاتەکەمان بوو لە دەست کارو کردەوەکانی تیرۆریستیی فاشی و پیلانەکانی ئیمپریالیزم بووە کە وای لە میللەتی ئێمە کردووە دژ بە یەکتر بوەستنەوە. هەروەها ئەمەشی بۆیە کردووە کە ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی نیشتمانی و ئاینی نەدات و هەروەها بۆ ڕزگاربوون لەو ئەرکە سەربازیانەی کە حکومەتەکەمان ڕێکیدەخات کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پشتگیری دەکرێت و بەهەمان شێوەش یاساکانی ئەحکامی عورفی کە لە ماوەی دە ساڵی پێشووەوە بەردەوامە.

دەستدرێژیی دیکتاتۆرەکان بۆسەر گەلانی ئەوروپا زۆر بە دڕندانە و بەربەریانە وەسفکراوە و لەهەمان کاتدا هێرشە ترسناکەکان بۆ سەر عەشیرەتە کورد و عەرەبەکانمان وەك ئەرکێکی سزادانی دیموکراتی لەقەڵەم دەدرێت. ئەم هێرش و پەلامارانەی کە ئێستا دەستیان پێکردووە هەڕەشەن بۆ سەر بوون و مانی وڵات و گەلی عێراق بەرەو تێکشکان دەبات و بگرە دەبێتە هۆکاری شەڕێکی ناوخۆ.

لە هەر کاتێکدا جموجوولێکی سەربازی لە رابردوودا لە دژی عەشیرەتە کورد یان عەرەبەکان کرابێت واتەواتی ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە ئەوە بریتانیا بووە هانی یاخیبوونی داوە. سەبارەت بە مەسەلەی بارزانیش ئەوە حکومەت بووە کە دەستپێشخەر بووە و هێزەکانی ناردووەتە سەریان و ئەم هێزانە تەیار و تونودتۆڵ بوون و بە دوا چەك و تفاقی بریتانی پڕچەك کراون. بە پێی ئەو بەڵگە و زانیاریانەی کە لە لایەن گەلێك کەسەوە کۆکراوەتەوە دەرکەوتووە ئیمپریالیستە بریتانییەکان بوون کە فەرمانی هێرشکردنە سەر بارزانییەکانیان داوە.

حکومەتی عێراق لە سەر فەرمانی باڵوێزخانەی بریتانیا و کۆمیسیۆنی سەربازیی بریتانی ئەم یاخیبوونەیان دروستکردووە. بەکرێگیراوانی کوردیش، چەشنی تۆفیق وەهبی و مەعرووف چیاوك و نوری باویل و کەسانی تر یارمەتیی ئەم هێرش و پەلامارە دەدەن و داوا لە کوردەکان دەکەن شەڕی بارزانییەکان بکەن. حاڵی حازر ئەڵقە لەگوێ عەرەب و کوردەکانی ئیمپریالیزم دەیانەوێت ئەم رووداوە بە هەل وەربگرن بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی کورد دژ بە عەرەبەکان و هی عەرەبیش دژ بە کوردەکان و باس لەوەش دەکرێ کە کار بۆ هەڵگیرسانی شەڕ دەکەن لە نێوان هەردوو گەلە سەرەکیەکەی عێراقدا.

ئیمپریالیستەکان و حکومەتی ناوخۆ وایدەگەیەنن کە مەلا مستەفا چەك و تەقەمەنی لە سۆڤییێت وەردەگرێت لە سنوورەوە. ئەوان سیخوڕەکانی خۆیان بەملاو بەولادا بڵاوکردووەتەوە بۆ دەستاودەست پێکردن و برەودان ئەم واتەواتانە لە ناو خەڵکی ئاساییدا بۆ ئەوەی ئامادەی قبووڵکردنی هێرش و پەلاماریان بکەن بۆ سەر بارزانییەکان. ئەم چەشنە کارانە بە شێوەیەکی سروشتی نوشوستی دێنن چونکە پیاوانی هۆشیاری گەلی کورد و عەرەب هەرگیز باوەڕ بەم درۆ و دەلەسانە ناکەن. بریتانییەکان هانی حکومەتی ئێران دەدەن دژ بە کوردەکانی ئێران وەك چۆن لە عێراقدا

کردیان و لەمەدا نیاز و مەبەستیان زۆر روونە. ئەوان دەیانەوێت کاریگەرییان لەم ناوچەیەی جیهاندا بەهێز بکەن بە کوشتنی گیانی ئازادی و رزگاری لەناو کوردەکاندا و بەرپاکردنی هۆکاری رق و ناکۆکی لە ریزی کوردەکان و ئێرانییەکان لە ئێراندا و لە ریزی کورد و عەرەبیش لە عێراقدا.

حیزبی ئێمە، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نارەزایی خۆی رادەگەیەنێت سەبارەت بە هێرش و پەلاماری حکومەت بۆ سەر عەشیرەتی بارزانییەکان و گوندە کوردنشینەکانی تری دراوسێیان، هەروەها ئیدانەی گرتنی کەسایەتییە کوردە دیارەکان دەکات و بەهەمان شێوەش ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لە لایەن سوپای عێراقەوە جێبەجێدەکرێت ـ ئەو سوپایەی کە بۆ بەرگریی نیشتمانی دامەزراوە.

حیزب پێ لە سەر ئەم داواکارییانەی خوارەوە دادەگرێت:

(أ) دەسبەجێ وەستاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە بارزانییەکان.

(ب) بەردانی هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی رووداوەکانەوە دەستگیرکراون.

(ت) هەڵوەشاندنەوەی یاسا سەربازییەکان لەم ناوچەیەدا و گێرانەوەی هێزەکان بۆ سەربازگەکانی خۆیان.

(پ) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم رووداوە و دادگایی کردنی هاندەران بەئاشکرا لە لایەن دادگای مەدەنییەوە بۆ ئەوەی خەڵك ئەم ئاژاوەگێرانەی بۆ دەربکەوێت.

(ج) هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی کوتوپڕی.

(ح) سزادانی ئەوانەی واتەواتی درۆ بڵاودەکەنەوە.

حیزبی شیوعیمان داوا لە تەواوی عێراقییەکان دەکات بە عەرەب و کورد و ئەوانی ترەوە هەوڵ بدەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم داواکارییانە و بەگژ هەموو ئەو پڕوپاگەندە و چالاکیانەدا بچنەوە کە رەنگە لە دواجاردا میللەتی عێراق بهاوێژنە نێو ئاگری ئیمپریالیزمەوە.

کۆمیتەی راپەڕاندن

هەواڵنامەی کێبر

# کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ٤/ ئۆکتۆبەر/١٩٤٥

نهێنی

ژمارە: ٩١٦

## دروستبوونی کۆمەڵەیەکی دژە زایۆنی لە بەغدا

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

ئاماژە بە نووسراوی کۆمیسیۆن ژمارە (٨٩٦) لە ١٢/ سێپتەمبەر/١٩٤٥، شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە راپۆرتی ئەوەتان بۆ بەرز بکەمەوە گرووپێکی ناوخۆی جوولەکە، کە زۆربەیان وەك دەوترێت لە نێوان تەمەنی ١٨ـ ٢٥ساڵدان، حاڵی حازر لە هەوڵی ئەوەدان کە کۆمەڵەیەکی دژە زایۆنی لە بەغدا پێکبێنن. وەك ژمارەیەك سەرچاوە ئاماژەی پێدەدەن لەبارەی ئەم رێکخراوەوە کە دوو سەرکردەی دەرکەوتووی جوولەکەکانی بەغدا، داود سەلمان و شالۆم دەروێش، سکرتێری گشتی کۆمیونیتیی جوولەکەن، لەم بارەیەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و لە کاتێکدا هیچیان نەکردووە بۆ هاندانی ئەم بزووتنەوە دژە زایۆنیستیە لێرە، هیچیشیان نەکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی. لە راستیدا ئەوان ئەوەشیان خستە سەر کە لە کاتێکدا کۆمەڵەی پێشنیازکراوی دژە زایۆنیست زیاتر ئەگەری هەیە کۆمۆنیست بێت و گومانی تێدا نیە گرووپێکی چەپڕەوی توندن بەڵام خزمەتی مەبەستێکی زۆر بەسوودیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی لێدوان لە سیاسەتمەدارە لۆکاڵە باڵادەستەکان کە جێی متمانە و دڵنیاکەرەوەن لەناو جوولەکەکانی بەغدادا. لەم رووەوە، من سەرنجی بەیان و راگەیەنراوە نوێکانم داوە لە رۆژنامە و راگەیاندنەکاندا لە لایەن ئەو جۆرە

پیاوانەوە وەك حەمدی پاچەچی، مەولوود پاشای موخلیس و سیناتۆر و سەرۆکی پێشتری ئەنجومەنی نوێنەران رەزا شبیبی و وەزیری پێشتری پەروەردە و سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پیران سەعدون سالّح و ئەندامێکی دەرکەوتووی ئەنجومەنی نوێنەران سەید عەبدولمەهدی کە یەکێکە لە کاریگەرترین شیعەکانی عێراق و وەزیرێکی پێشتری پەروەردە و نوێنەرێك ـ لە ژێر کاریگەریی ئەوەدا کە عەرەب و جوولەکەکانی عێراق دەمێ ساڵە بە ئاشتی پێکەوە دەژین و بێگومان دەشیانەوێت هەروا بەردەوام بن و هەستی دوژمنایەتی دژ بە جوولەکەکانی عێراق لە ناو عەرەبەکانی عێراقدا نیە و جوولەکەکانی عێراق هاووڵاتی رەسەنی ئەم وڵاتە مەزنەن .. تاد.

بەڕێزان سەلمان و دەرویش باس لەوە دەکەن کە رێکخەران و سەرکردەکانی بزووتنەوەی دژە زایۆنیست لێرە، کە ئێستا نزیکەی پەنجا ئەندامی هەیە، مەسرور قەتتان کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "ئەلشەعب"ی تا پەڕی ئەوپەڕ سەر بە سۆڤییێتە و ئیبراهیم ناجی یە کە کارمەندێکی بچووکی کۆگایەکی ناوخۆی دەرمانە. وەك ئەوان دەڵێن باوکی قەتتان پارێزەر و خاوەن مڵکێکی زۆر بەرچاوە، لە کاتێکدا ناجی (پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی وای نیە). ئەوان ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە سەرکردەکانی کۆمەڵەکە داوای مافی رێکخستنی یاساییان کردووە وەك "کۆمەڵەیەك" بەڵام بڕوایان بەوە نیە کە ئەم مافەیان بدرێتێ چونکە حکومەت لەوە دەترسێت ببێتە رووپۆشێك بۆ چالاکییە کۆمۆنیستیەکان.

داود سەلمان باس لەوە دەکات کە باڵیۆزخانەی بریتانیا بە شێوەیەکی نارەسمی لێکۆڵینەوەی لەوە کردووە کە بۆچی جوولەکەکانی ناوخۆ بیر لە کۆمەڵەیەکی دژە زایۆنیستی دەکەنەوە و وەڵامی جوولەکەکانیش ئەوە بووە کە هیچیان نیە لەپێناو یان دژ بەم ئایدیایە چونکە کۆمیونیتی جوولەکە لە بەغدا قەوارەیەکی ناسیاسییە. سەلمان لە سەری دەڕوات و دەڵێت کە جوولەکەکان سوود لەم هەل و دەرفەتانە وەربگرن بۆ ئەوەی تەئکید لە بریتانیەکان بکەن کە جوولەکە لە عێراقدا تووشی هیچ زیانێکی راستەقینە نابن بێ رەزامەندیی بریتانیا.

لەم رووەوە سەلمان ئیشارەت بەوە دەدات کە دوو هێرشی تۆکمە و چەندین هێرشی پڕ واتەوات کراونەتە سەر ژنانی جوولەکە لە مانگی رابردوودا لە لایەن

مووسڵمانە شەڕخوازەکانەوە. لەهەر حاڵەتێکدا هێرشەکە بە سانایی بریتی بووە لە تووڕهەڵدانی ئەسید بۆ سەر جل و بەرگی ئافرەتان بێئەوەی ژنە هێرش بۆ سەرکراوەکان ئاگاداربن. سەلمان ئیددیعای ئەوە دەکات، کە مێردی یەك لەو ژنانەی ئەو کارەیان لەگەڵ کراوە مەسەلەکەی گەیاندووەتە پۆلیس کە هیچی بۆ نەکردووە. هەندێك جوولەکەی تریش پێیانڕاگەیاندم کە ئەوان لە ترسێکی بەردەوامی دووبارە بوونەوەی هەمان کردەوەی شەڕخوازانەی تردان.

ئاماژە بۆ نووسینی دژە سامی لە گۆڤاری عالەمولغەد(عالم الغد ـ جیهانی سبەینێ)ی عێراقیدا، کە لە پاشکۆی ژمارە (٨٩٦) ی ١٢/ سێپتەمبەر/١٩٤٥دا نێردراوە، سەلمان دەڵێت کە جوولەکەکانی ناوخۆ بڕیاریانداوە دژ بە سەرچڵی ئەو بەیت و باوە بوەستنەوە کە دەخرێتە پاڵ پرۆتێستی هێمنانەیان لە سەر پاچەچیی سەرۆك وەزیران. بەهەرحاڵ، جوولەکەکان ناخۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە لە هەردوك موحەڕیری بڵاوکراوە سەرکۆنەکارەکە و نووسەری نامەکە کە فازڵ جەمالیی بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری دەرەوە بوو. لە واقیعدا گۆڤارەکە پۆزشی خۆی هێناوەتەوە لەمەڕ ئەم چیرۆکە و رایگەیاندووە کە لە لایەن فازڵ ئەحمەدەوە نووسراوە و جوولەکەکان پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە ئەمە کەسێکی تەواو خەیاڵییە. هەروەها گۆڤارەکە نامەیەکی بڵاوکردووەتەوە بە ئیمزای ف. أ، کە جوولەکەکان دەڵێن گوایە هی فازڵ جەمالییە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە نامەکەی جوولەکەکانی ناوخۆ بە بەڵگەوە بەرپەرچی دەدەنەوە خراپ لێکدراوەتەوەو جوولەکەکانی عێراق زۆر رێز لە خۆیان دەگرن.

لەگەڵ رێزی زۆرم

ویلیەم دی مۆرلاند

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

فایلی ژمارە: ٨٤٠ ـ ١

RBM / HD



هەولێرنامەی کتێب

## کاروباری دەرەوەی
## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کۆمیسیۆنی ئەمریکی

بەغدا، ١٢/ ئۆکتۆبەر/١٩٤٥

نهێنی

ژمارە: ٩٢٨

**ناڕەزایینامەیەك لە لایەن بیست و هەشت ناوداری کوردی ناوچەی سلێمانییەوە کە نێردراوە بۆ نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیای مەزن، رووسیا، چین، فەرەنسا، لە بەغدا.**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

بۆ تەواوکردنی پاشکۆی نامەی نوێنەری ژمارە (٨٩٢) لە ٦/ سێپتەمبەر/١٩٤٥دا، شەرەفمەندم ناڕەزایینامەیەك هاوپێچ بکەم کە لە لایەن بیست کەسی ناوداری کوردەکانی لیوای سلێمانییەوە مۆرکراوە و ئاڕاستەی نوێنەرانی حکومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیای مەزن، رووسیا، چین، فەرەنسا کراوە لە بەغدا. ناڕەزایینامەکە باس لەوە دەکات گوایە "حکومەتەکانی عێراق و ئێران ـ بە پشتگیریی حکومەتی دیکتاتۆری تورکیا"، میللەتی کوردی ئاشتیخواز کۆمەڵکوژ دەکەن و تکاکارە کە کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتی پێکبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەم زوڵم و ستەمانە و گوێ لە کێشە و گرفتی گەلی کورد بگرێت.

کاپتن ئەرخیبالد ب. رووزڤێلتی یاریدەدەری مولحەقی سەربازیی کۆمیسیۆن، کە تازە لە سەردانێکی یەك هەفتەیی لیوای سلێمانی گەڕاوەتەوە، باس لەوە دەکات کە خەڵکی ئەو ناوچەیە نارەزاییەکی زۆر دەردەبڕن لە کار و کردەوەکانی ئێستای حکومەتی عێراق. ئەو دەڵێت کەوا دەسەڵاتدارانی عێراق لە کوردستان بە راشکاوی باس لە گرتنی کوردەکان دەکەن و لە کەمپی بەندکردندا زیندانیان دەکەن و دەنگۆیەکی بەربڵاوی ئیعدامکردنی بەکۆمەڵ هەیە لە پاش دادگایی کردنێکی خێرای سەربازی. بێجگە لەوەش باس لەوە دەکات کە دەسەڵاتدارانی عێراق ستەم لەو جووتیارە کوردە هەژارانە دەکات کە تووتن دەچێنن لە رێگەی رەتکردنەوەی پۆلێنکردنی تووتنەوە، هی ئەو ناوچانەی لێ بەدەر کە لە شوێنی دوورەدەستن و جووتیارەکان بە ئاسانی نایگەنێ. کۆپییەکی تەواوی راپۆرتەکەی کاپتن رووزڤێلت بەم زووانە رەوانەی وەزارەت دەکرێت.

لەم رووەوە مەسەلەیەکی گرنگە کە جی. ئێچ. تۆمپسنی راوێژکاری باڵوێزخانەی بریتانی ئەمڕۆ بە ئەندامێکی دەستەکەی ئێمەی راگەیاندووە کە مامەڵەی کوردە مەدەنییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەربازیی عێراقەوە لە ئێستادا بە شێوەیەکی گەوجانە سەخت و دڵڕەقانەیە و ژمارەیەك ئازاردانیش زۆر توند بوون و رەچاوی شێوازی یاساییان تێدا نەکراوە. بۆ نموونە، ئەو باس لەوە دەکات کە کوڕێکی گەنجی کورد بە خێرایی سزای مەرگی بە سەردا سەپێنراوە لە ١٢/ ئۆکتۆبەردا بە هۆی ئەوەی کە چەند یاردێك تەلی مسی دزیوە و هەفتەی داهاتووی بۆ دانراوە کە هەڵیبواسن، هەروەها دەڵێت کەوا باڵیۆزی بریتانی بەتەمایە لە ١٥/ ئۆکتۆبەردا ئەم مەسەلەیە لەگەڵ وەسیدا باس بکات. باڵیۆز نیازیەتی بە وەسی بڵێت کە دەتوانێت مەلا مستەفا یان هەر کەسێك لە تاقمەکەی بتوانێت بیانگرێت لە سێدارەی بدات، بەڵام بە توندی جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە لە ئێستا بەدواوە دەبێت خەڵکی کورد زۆر نەرمتر مامەڵە بکرێن.

تۆمپسن رای وایە کە ئاستی ژیان و گوزەران بەگشتی لە کوردستاندا لە ئێستادا زۆر بەرزترە لە بیست یان تەنانەت دە ساڵ لەمەوپێش و ئێستا مەلا مستەفای یاخی روو لە کزییە و هۆیەك لەئارادا نیە کە بۆچی بەزۆری کوردە لاسارەکان ناتوانن ببنە بەشێکی ئاشکراو گرنگ لە خێزانی عێراقی. لەولاشەوە، مەترسیی ئەوەی هەیە

کە بەردەوام بوونی ئەم شێوازانەی ئێستای ستەمکردن لە مامەڵەی دانیشتوانە کوردەکاندا لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا رەنگە ببێتە هۆی یاخیبوونێکی گشتیی کوردەکان و دواجار حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بە سەردا نەشکێت.

لەگەڵ رێزی زۆرم

ویلیەم د. مۆرلاند
کاربەدەستی بەرپرس

هاوپێچ:
سکاڵای داواکاریی کورد
فایلی ژمارە: ٨٠٠

هەواڵنامەی کتێب

# ناڕەزاییینامەیەکی وەرگێڕدراو

١. شکۆدار وەزیری دەسەڵات پێدراوی کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان USA، بەغدا
٢. شکۆدار باڵیۆزی پاشای خاوەن شکۆی بریتانیا.
٣. شکۆدار وەزیری دەسەڵات پێدراوی کۆماری یەکێتیی سۆڤیێتی سۆشیالیست USSR.
٤. شکۆدار وەزیری دەسەڵات پێدراوی کۆماری چین.
٥. شکۆدار نوێنەری حکومەتی فەرەنسا.

سەرکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خۆشحاڵییەوە لە کوردستان پێشوازیی لێکرا، لەبەر ئەو هیوایانەی میللەتی کوردی ستەملێکراو لە سەر ئەو سەرکەوتنە هەڵیچنیوە و لە بەر ئەوەش کەوا گەلی کورد ئومێدەوار هێزە دیموکراتخوازەکان مافی سروشتیی خۆی دەدەنێ لە ژیان و ئازادی. بەڵام زۆر بە سەر بۆڕخواردنی فاشیزمی ستەمکار و ملهوڕدا تێنەپەڕی کە کوردستان، لەم سەر تا ئەو سەری، بوو بە شانۆیەك بۆ بەربەریترین تاوان. ئەمجارەش خەڵکی کوردی ئاشتیخواز بوونەوە بە کەرەستەی کوشتن و بڕین، چەوساندنەوە و ئاوارەبوون، کە بە سەر هیچکام لە گەلانی ئێستا رزگاربووی ئەورووپادا نەهاتووە تەنانەت لە لوتکەی ستەمکاری و ملهوڕی نازییەکانیشدا. حکومەتەکانی ئێران و عێراق ـ بە پاڵپشتی حکومەتی دیکتاتۆری تورکیا ـ لەشکر و سوپای گەورە و پڕچەك بە چەکی نوێیان کردووەتە سەر خەڵکی بێدیفاع بۆ قڕکردن و لەناوبردنیان بێ هیچ گوناه و تاوانێك، بەخودا مەگەر داواکارییان بۆ مافی چارەنووسی خۆیان بە گوناه لەقەڵەم بدرێت یان سکاڵا کردنیان لەوانەی کە زوڵمیان لێدەکەن و لە سێدارەیان دەدەن بە تاوان بژمێردرێت.

لەم رۆژگارەدا، کە جیهان چاوەڕوانی هەڵاتنی بەرەبەیانی چەرخێکی نوێیە کە میللەتان و تاکەکان بەرەو ژیانێك هەنگاو دەنێن دوور لە ترس و ستەم و چەوساندنەوە و لە سەردەمێکدا کە جیهان ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ بەزینی نازییەکان و تیۆرییە رەگەزپەرست و شۆڤێنییەکانیان، ئێمە دەبینین کە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق ئاسمانی کوردستان بە فڕۆکە دەتەنن کە مەرگ و کاولکاری بە سەر گوند و

شوێنی نیشتەجێی پڕ ئاشتی و ئارامی تردا دەبارێنن و بۆمبەکانیان شار و دێهات وێران دەکات و ڕەشاشەکانیان لاشەی مندالّ و پیرەمێرد و پیرەژنی بێتاوان بە سەریەکدا دەخات. حکومەتەکانی پێشوو دادگایی سەربازییان پێکدەهێنا و کەمپی گرتن و بەندکردنیان دادەمەزراند لە سەرانسەری ولاّتەکەدا و بێ هیچ تاوانێك و بێ دادگایی کردن خەلّکی بێتاوانی تێ فرێدەدەن. ئەم ڕەفتارانە دەکرێت لە کاتێکدا ولاّتانی بەرەی دیموکراسی ئاهەنگی سەرکەوتیان بە سەر نازییەکاندا دەگێڕن و بە بەرچاوی جیهانی شارستانیدا ــ کەچی هیچ دەنگێك بەرز نەبووەوە دژ بەم کردەوە بەربەری و دڕندانەیە. کەواتە پێدەچێت لە خۆشیی سەرکەوتندا جیهان پابەندبوونی خۆی لەبیرکردبێت سەبارەت بە گەلانی لاواز یان پێدەچێت بەلّێنەکانی خۆی فەرامۆش کردبێت. ڕەنگە بەم پێیە بێت جیهان ئەم گەلە ئازا و بوێرەی کردبێتە دوا قوربانیی کوشتارگەی جەنگ و فاشیزم.

هەلّبەتە ئێمە بە ناوی گەلی کوردەوە کە حوکمی قڕکردنی بە سەردا دراوە و بە ناوی ئازاری مرۆڤایەتییەوە کردەوە چەپەلّ و نائەخلاقییەکانی حکومەتەکانی عێراق و ئێران مەحکووم دەکەین لە کوردستاندا، کە بە پشتیوانیی تورکیا ئەنجامی دەدەن. ئێمە ئەم نارەزاییە بۆ بەرێزتان بەرز دەکەینەوە و تکاکارین کە ڕەوانەی حکومەتی شکۆدارتانی بکەن بەو توانا و دەسەلاّتەی وەك ئیمزا کردوویەکی لائیحەی نەتەوە یەککگرتووەکان کە بەرپرسە لە بەگژداچوونەوەی ستەم و نازیزم. ئێمە بە ناوی مرۆڤایەتییەوە داوایان لێدەکەین دەسبەجێ دەست بخەنە مەسەلەکەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم مرۆڤ کوشتنە و پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی نیودەولّەتی و ناردنی بۆ لای کوردەکان لە پێناوی لێکۆلّینەوە لە هۆکاری ئەم کۆمەلّکوژییە و گوێگرتن لە سکالاّ و داواکارییەکانی خەلّکی کورد.

ئەنجام، تکاکارین بایەخی تەواو بدەنە سکالاّکانمان و هیوادارین هەر بە پشت و پەنای گەلانی بێدەسەلاّت بمێننەوە.

**(تێبینی: ئەم نارەزایینامەیە لە لایەن ٢٨ کەسەوە ئیمزا کراوە کە ناو و ناسنامەیان لە لاپەڕەیەکی هاوپێچدایە).**



هەولێرنامەی کتێب

# ئەم لیستەی خوارەوە هاوپێچ کراوە بە نارەزایینامەیەکەوە و ناسنامەی ئەو کەسانەیە کە نارەزایینامەکەیان ئیمزا کردووە

| ناو | کار و پیشە | شوێنی نیشتەجێ | یەکەی ئیداری |
|---|---|---|---|
| ١ـ شێخ کەریم | خاوەن موڵك | هەڵەبجە | لیـــــوای |
| ٢ـ شێخ رەشید شێخ محەمەد | = | = | سلێمانی |
| ٣ـ ئەنوەر جەمیل بەگ جاف | موڵکدار و پارێزەر | = | = = |
| ٤ـ مەحمود بەگ حوسێن بەگ | خاوەن موڵك | = | = = |
| ٥ـ محەمەد حوسێن بەگزادە | = | = | = = |
| ٦ـ ئەحمەد ساڵح جاف | سەرۆك عەشیرەتی جاف | = | = = |
| ٧ـ بورهان حامید جاف | پارێزەر و سەرۆك هۆزی جاف | = | = = |
| ٨ـ محەمەد کەریم | رابەری ئاینی | = | = = |
| ٩ـ محەمەد سەعید بەگزادە جاف | سەرۆکێکی عەشیرەتی جاف | = | = = |
| ١٠ـ محەمەد قادر | سەرۆك عەشیرەتی گەلاڵی | = | = = |
| ١١ـ محەمەد عەلی کوڕی حوسێن بەگ | سەرۆکێکی عەشیرەتی جاف | = | = = |
| ١٢ـ محەمەد مستەفا بەگ | سەرۆکی عەشیرەتی بارانکیا | = | = = |
| ١٣ـ شێخ مەحمود کاکە شێخ | رابەری ئایینی | = | = = |
| ١٤ـ شێخ خالید شێخ جەمیل | = | = | = = |
| ١٥ـ بابە رەسوڵ | = | = | = |
| ١٦ـ محەمەد موفتی | = | = | = = |
| ١٧ـ محەمەد حەسەن | سەرۆکی تیرەی تەرخانی | = | = = |
| ١٨ـ محەمەد ساڵح | سەرۆکی تیرەی رۆغزایی | = | = = |
| ١٩ـ بابە عەلی کوڕی شێخ مەحمودی | سەرۆکی عەشیرەتی بەرزنجە | سلێمانی | = = |
| حەفید زادە | | = | = = |
| ٢٠ـ محەمەد کوڕی عەبدولرەحمان ئاغا | پیاوماقووڵی سلێمانی | = | = = |
| ٢١ـ شێخ قادر شێخ سەعید | سەرۆك عەشیرەتی بەرزنجە | = | = = |
| ٢٢ـ مامە رەزا کوڕی حاجی مستەفا | سەرۆکی گرووپی هەقە | = | = = |
| ٢٣ـ ئیبراهیم حەفید زادە | سەرۆکێکی عەشیرەتی بەرزنجە | = | = = |
| ٢٤ـ ئیبراهیم ئەحمەد | پارێزەر | = | = = |
| ٢٥ـ ئیسماعیل حەقی شاوەیس | پیاوماقووڵی سلێمانی | = | = = |
| ٢٦ـ عەبدولرەحمان حاجی مەلا سەعید | = = = | = | = = |
| ٢٧ـ فایەق هۆشیار | پارێزەر | = | = = |
| ٢٨ـ سەعید ئەفراسیاب | پارێزەر و سەرۆکی هەورامی | = | = = |

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**کۆمیسیۆنی ئەمریکی**
**بەغدا، ٢٣/ کانوونی دووەم/ ١٩٤٦**
**ژمارە: ١٠٥١**

**ناردنی یاداشتێك لە حیزبی رزگاریی کوردەوە بۆ سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێی کۆمیسیۆنی ئەمریکییەوە لەبەغدا.**

**بەڕێز و شکۆدار: وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی.**
**گەورەم:**

شەرەفمەندم کە هاوپێچ کۆپیی یاداشتێکتان بۆ بنێرم لە لایەن حیزبی رزگاییی کوردەوە و لە رۆژی ١٨/ کانوونی دووەم/ ١٩٤٦ئاڕاستەی سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە بە چاودێریی ئەم کۆمیسیۆنە و نەخشەیەکی کوردستانیش وەك هاوپێچێك لەگەڵ یاداشتەکەدایە. هەروەها چەند کۆپییەکی ئەم یاداشتەش نێردراون بۆ باڵیۆزخانەی بریتانیا و کۆمیسیۆنەکانی سۆڤییەت و چین.

هەڵبەتە کۆمیسیۆن نەیتوانیوە زانیارییەکی ئەوتۆ بەدەستبێنێ لەبارەی پارتی رزگارییەوە، چ لە رێگەی پەیوەندییە سیاسییە عێراقییەکانیەوە، یان لە رێگەی هەواڵگریی بریتانییەوە. بەهەرحاڵ، وادیارە ئەمەش گەشەکردنێکی تری بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردە کە پێدەچێت بە شێوەیەکی چەسپاو لە هەرێمە کوردنشینەکانی عێراق و ئێران و تورکیادا بڵاوەی کردبێت. رەنگە هەندێ بایەخی مەسەلەکە لەوەدابێت کە یاداشتەکە بەزۆری رەخنە لەو بارە دەگرێت کە بە دەستێوەردانی بریتانی و ئەمریکی لەقەڵەم دەدا لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تردا و بە ئاشکرا مۆرکێکی هەواداریی سۆڤییێتی پێوەیە.

لەگەڵ رێزی دڵسۆزتان

ئێدوین شۆنیریش

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هاوپێچ:

ـ یاداشتێك بۆ سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UNO

له ١٨/ کانوونی دووەم/ ١٩٤٦

ـ نەخشەیەکی کوردستان

فایلی ژمارە: ٨٠٠

هەواڵنامەی کتێب

**هاوپێچی نووسراوی ژماره: ١٠٥١**
**رۆژی ٢٣/ کانوونی دوووەم/ ١٩٤٦**
**لە لایەن کۆمیسیۆنی ئەمریکییەوە لە بەغدا**

**کـۆپــی**

**بەغدا، ١٨/ کانوونی دووەم/ ١٩٤٦**

## یاداشتی حیزبی رزگاریی کورد

**بۆ: خاوەن شکۆ سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێی:**
**. نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا USA لە بەغدا**
**. باڵیۆزی خاوەن شکۆی بریتانیا لە بەغدا**
**. نوێنەری یەکێتیی سۆڤییێت USSR لە بەغدا**
**. نوێنەری کۆماری چین لە بەغدا**

حیزبی رزگاریی کورد خۆشحاڵە ئەم دەرفەتە بە هەل بزانێت کە ئەوپەڕی هیوای سەرکەوتن بخوازێت بۆ ئەم رێکخراوە گەورەیە بە سەرکردایەتیی ئێوە، بۆ هەموو ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیەتی، کە مژدەی پاشەڕۆژێکی پڕ خێر و خۆشی یان وێرانی و لەناوچوونی سەرجەمی مرۆڤایەتی لە ئەستۆی ئەمە. هەروەها بەهیوایە بنی هەموو بەردێك هەڵبداتەوە و پەی بە دەرد و ئازاری تەواوی میللەتان ببات، گەورە بن یان بچووك، بۆ ئەوەی هەوڵێك بدات چارەسەرێکی بەجێ و شیاو بدۆزێتەوە بە تایبەتی بۆ کێشەی راستەقینەی میللەتانی چەوساوە و ستەملێکراو بەجۆرێك کە ئەم هەسارەیە وا لێبکات هەموو مرۆڤایەتی تێیدا ئاسوودە بێت و هەروەها وا لە خۆی بکا کە ببێتە

ڕێکخراوێکی نەمر و شکۆیەکی هەتاهەتایی بداتە کۆششەکانی لەپێناو نەوەکانی داهاتوودا.

حیزبی ڕگاریی کورد وەك ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت کە باری پڕ نائومێدیی کورد ڕوونبکاتەوە و باسی دەرد و مەینەتییان بکات لە ژێر ڕکێفی ئیمپریالیزم و حکومەتە دەسکەلاکانیدا کە بەرژەوەندییەکانیان جیهانی تووشی ئەم جەنگە سەخت و وێرانکەرە کرد. حکومەتە تۆتالیتارییەکانی تورکیا و عێراق و ئێران تا ئێستا بەو ئومێدەن کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەموو هۆکارەکانی ژێردەستیانەوە کە نەهێڵن کۆیلە و ژێردەستە کوردەکانیان داواکارییەکانی خۆیان لەڕێی کەناڵە یاساییەکانەوە بخەنە بەردەمی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە و وەك مرۆڤ داوای مافەکانی خۆیان بکەن و لەدەست چەوسێنەرانیان ڕزگاریان ببێت کە بەدرێژایی ڕۆژگارێکی سەخت تووشی هاتوون بە نائامادەگی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دادپەروەری چەشنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەم حیزبە کە بە ناچاری کاری ژێرزەمینی و نهێنی دەکات و لە حاڵی حازردا ـ تا ئەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان کارەکانی ڕێکدەخاتەوە ـ تەنها ئەوەی پێدەکرێت کە داواکارییەکانی بەرز بکاتەوە بە هاوکاری و یارمەتیی کۆمیسیۆنە بیانییەکان یان هەر دامودەزگایەکی تر بێت لە ئێران و سوریا. ئەم حیزبە گومانی نیە کە ئێوە زانیارییەکی قووڵتان هەیە لە سەر دۆخی ئێستا و ڕژێمە نادیموکراتییەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و ڕەفتارە سزاکارییەکانیان لەگەڵ میللەتی کورددا کە خاکەکەیان دابەشکردووە و حوکمی دەکەن.

پەیماننامەکانی ئاشتیی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و پەیماننامەکانی دوای ئەوەش بە زەبری هێز کوردستانیان دابەشکردووە لە نێوان هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا بێ هیچ پرس و ڕایەك بە کورد بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و بەهێزکردنی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم دەوڵەتانەی لای خۆیانەوە حوکمی دیکتاتۆریانەی خۆیان سەپاندووە بە سەر ئەم گەلە ئاشتیخوازەدا و هەموو جۆرە کردەوەیەکی سەرکوتکردن و داپلۆسین بەکاردەهێنن بۆ بێبەشکردنی لە ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی وەك ئاخاوتن و نووسین بە زمانی خۆیان و

هەواڵنامەی کوردی

دەربڕینی بیروڕای خۆیان بە ئازادی. کوردەکان بە شێوەیەکی سروشتی ئەم دابەشکردنە پڕ سەرشۆڕییەیان قبووڵ نەکردووە و ڕێگایەکی زۆر ئاشتیخوازانەیان گرتووەتەبەر بۆ قەناعەت پێکردنی جیهان بە ڕەوایی مەسەلەکەیان، بەڵام بۆ بەدبەختی تەواوی ئەو هەوڵ و کۆششانە بە شکست کۆتاییان پێهاتووە چونکە ئیمپریالیزم ئامادە نەبووە گوێ لە دەنگ و داواکارییان بگرێت و سەرەڕای ئەوەش هەوڵیداوە کە نەهێڵێ ئەم داوایانە بگاتە جیهانی دەرەوە. هەڵبەتە کوردیش لە پاش شکستهێنانی ڕێگاکانی ئاشتیخوازانەیان پەنایان بردووەتە بەر ڕێگەیەکی کارای شۆڕش کردن دژ بە تورکیا و ئێران و عێراق، ئەوە ماوەی بیست و پێنج ساڵە، لە پێناوی لابردنی ئەم ملهوڕی و دەستدرێژییە لە سەریان.

لە تورکیادا کوردەکان گەلێك جار شۆڕش و بەرخودانیان بەرپاکردووە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا. بەناوبانگترینی ئەم شۆڕشانە ئەوانی شێخ سەعید لە ساڵی١٩٢٥دا و ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی ١٩٣٠دا و دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٨دا گەیشتنە ترۆپك. بەڵام حکومەتی کەمالیستی دیکتاتۆری کە کرۆکی فاشیزم بوو توانی سەرکوتیان بکات بە هاوکاری و یارمەتیی بریتانیای مەزن و فەرەنسا و سەرکردەکانیان لە سێدارە بدات و خەڵکی کوردی بێتاوانیش پەرت و بڵاو بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا دەکرا بێ ئەوەی کەس بڵێ کە ئەم شۆڕشانە وەلامێك بوون بۆ سیاسەتی چەوت و ناڕەوای حکومەتی کەمالیست کە تاقە ئامانجی قڕکردن و لەناوبردنی میللەتی کورد بووە. هەڵبەتە کارێکی زۆر قورسە بە تەواوی باسی ئەو ڕێگە و شێوەیە بکرێت کە حکومەت چۆن ئەو سیاسەتەی جێبەجێ کرد لەمەڕ کوشت و کوشتار و ڕاگواستنی بەکۆمەڵی خەڵك لە زێد و مەڵبەندی خۆیانەوە بۆ شوێنە دوورەدەستەکانی تر و قەدەغەکردنی زمانی دایك لێیان. لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا کورد بە سەختی تووشی ستەم و چەرمەسەری بووە لە ژێر ڕکێفی ملهوڕیی تورکیادا و لە هیچ کوێیەك داواکاری و سکاڵای بەردەوامیان ڕەچاو ناکرێت. لە ڕاستیدا ئەمە بەدبەختییە کە جیهان لە سەر لێواری ئاشتییە و چەندین کۆنفرانس بەستراون بۆ باسکردن و چارەسەری کێشە و گرفتە جیهانییەکان کەچی کورد لە تورکیا ناتوانن دەنگیان بگەیەننە ئەم کۆنفرانسانە و سەرنج بۆ لای کێشە و مەسەلەکەیان ڕابکێشن پێ بە پێ لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی و هەلومەرجی لائیحەی ئەتلەنتیکدا.

ئەمە زۆر ئاساییە لە وڵاتێکدا کە تاقمێك تاوانبار حوکم دەکەن و دژ بە بەرژەوەندیی خەڵك دەجووڵێنەوە. زۆر جێی داخە کە بریتانیای مەزن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی تورکیا بە حکومەتێکی دیموکراتی لەقەڵەم دەدەن و ڕێگە بە نوێنەرانی دەدەن جێگەی خۆیان بگرن لە نێو وەفد و نوێنەرانی گەلانی ئاشتی و دیموکراتی خوازدا و نوێنەرایەتیی ستەمکاران و ملهوڕان بکەن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. بەم پێیە مەسەلەیەکی سەرسامکەر نیە کە بە هیچ جۆرێك دەنگی ئەو کوردانە نەبیسترێت کە دانیشتووی تورکیان و گوێ لە هیچ داواکارییەکی هاوشێوەی ئەو ئەرمەنیانە نەگیرێت کە لە بارودۆخی هاوشێوەی کورددا دەژین. لە دیمەن و بارێکی ئاوها دڵتەزێن و نائومێدیدا حیزبەکەمان داواکارە ئەم تاقمی تاوانباری کەمالیستە کە ناوی حکومەتی لە خۆی ناوە لابرێت و میللەتی کوردیش مافی تەواوی سروشتیی خۆی و دەرفەتی تەواوی چارەی خۆنووسینی بدرێتێ.

لە ئێرانیش کورد بە هیچ شێوەیەك لە دۆخێکی لەوی تورکیا باشتر ناژی. شای ملهوڕ و حکومەتەکەی هەرچی ڕێگایە گرتوویانەتە بەر بۆ چەوساندنەوەی هەموو چەشنە ئازادییەکی مرۆڤ (لێرەدا چەند وشەیەك ناخوێنرێنەوە)، تاوەکو داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بە تەنها پاش ئەوە کورد کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە کاتی رزگاربوونیان نزیکبووەتەوە، بەو پێیە بە دڵ و بە گیان پشتگیریی هاوپەیمانانیان کرد و بەجارێ دەستیان دایە چەك دژ بە حکومەتی فاشیستی شا. کوردەکان کە لە زۆنی داگیرکردنی سوپای سووردا تەواوی مافەکانیان بەدەستهێناوە و تەواوی ئازادی و دەرفەتی ئەوەیان هەیە راوبۆچوونی خۆیان دەربڕن و دەتوانن فەرهەنگی خۆیان ببووژێننەوە. دواجار بە هەماهەنگی لەگەڵ هاووڵاتیە ناسیۆنالیستەکانی تریان لە ئازەربایجان توانییان حکومەتێکی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی دامەزرێنن کە مافەکانیانی تێدا بپارێزرێت و وەك نەتەوەیەکی جیاواز بناسرێن. کورد و هاووڵاتییە ئازەربایجانیەکانیان ئازادیی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ دەستپێوەرنەدانی یەکێتیی سۆڤییەت لە کاروبارەکانیاندا و ڕەتکردنەوەی پشتیوانی و هاوکاریکردنی حکومەتی ناوەندی. بەڵام زۆر جێی داخە کە دەسەڵاتدارانی بریتانیا لە زۆنی داگیرکردنی خۆیاندا بە شێوەیەکی ماددی و مەعنەوی پشتگیریی حکومەتی ناوەندیی تاران دەکەن بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی ئازەربایجان و بە

مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی حکومەتی ناوەندی لەو ناوچانەدا. هەروەها ئێمە بە ناوی میللەتی کوردەوە ئەم هەلە بە گونجاو دەزانین بۆ راگەیاندنی تەواوی پشتیوانیمان بۆ حکومەتی دیموکراتی و ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان و لەهەمان کاتیشدا دەربڕینی ناڕەزاییمان بۆ کردار و سیاسەتی دەستێوەردانی هەردوو ئیمپریالیزمی بریتانیا و ئەمریکا و دەسکەلاکانیان لە حکومەتی کۆنەپەرستی تاران لە کاروباری حکومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان و ناوچە کوردییەکانی تری ئێران. ئێمە داواکارین کە بریتانیا و ئەمریکا وازبێنن لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئەو ناوچانە و داواکارین کە دانیشتووانی کورد ئازادیی دەربڕینی بیروڕای ئازاد و بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیی بدرێتێ.

هەرچەندە لە عێراقدا (کە حیزبەکەمان خەباتی تێدا دەکات) بە ناو دەستوورەکەی مافەکانی کورد دەسەلمێنێت، بەلام حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق نکوولی لە مافەکانی کورد دەکەن و چییان توانیبێت کردوویانە بۆ سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی. کاتێك جەنگی جیهانی بە سەرکەوتنی شکۆدار بۆ دیموکراسی کۆتایی هات گەلی کورد لە عێراقدا چالاکیی سیاسیی خۆی تازەکردەوە بۆ وەرگرتنەوەی مافە حاشا لێکراوەکانی، بەلام حکومەتی عێراق بە پشتیوانیی ئیمپریالیزمی بریتانی هەوڵدەدات هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی سەرکوت بکات کە کورد لە رزگاری و مافی چارەی خۆنووسین نزیك دەکاتەوە. لە حاڵی حازریشدا هێرشێکی سەربازی کراوەتە سەر ناوچەی بارزان کە قەلای قایم و ناوجەرگەی نیشتمانی کوردە. مەسەلەکە بەرچاوە کە تا رادەیەك مەحاڵ بوو بۆ ئەوان بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت ببنەوە کە بە پاڵپشتیی چەك و جبەخانەی زەبەلاحی بریتانیا هێرشیان دەکرد، بۆیە نیشتمانپەروەران کشانەوە بۆ ئازەربایجان لە ئێران و کەوتنە چاوەڕوانیی گۆڕانکاریی بارودۆخی نێودەوڵەتی لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تاوەکو بتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێن و ماوای خۆیان. کاتێ کە نیشتمانپەروەران مەیدانیان چۆڵکرد، حکومەتی کۆنەپەرستی عێراق کەوتە هەڵگیرساندنی جەنگێکی دوژمنکارانە دەرهەق بە تەواوی گەلی کورد و بە تایبەتی دەستە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان، بە دامەزراندنی دادگای سەربازی لە هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی کەوتنە بندەستی ئەفسەرانی کۆنەپەرستی سوپاوە و سەدان

کەسی بێتاوان سزای مەرگ و زیندانییان بە سەردا سەپێنرا بێ هیچ سەلماندنێکی تۆمەتەکانیان، ئەوە نەبێ کە هەوادارییان دەربڕیوە لەگەڵ مەسەلە نیشتمانی و دیموکراسییەکەدا و نارەزایییان لە هەڵوێستی حکومەت دەربڕیوە سەبارەت بە دانیشتووانی کورد. (لێرەشدا چەند وشەیەك ناخوێنرێنەوە). لابردنی کۆت و بەندی حکومەتە کۆنەپەرستەکەی ئێستا و گۆڕینی بە حکومەتێکی دیموکراتی کە ئازادیی دەستووریی بۆ هەموو عێراقییەکان دەستەبەر بکات هەل و دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ کورد لە عێراقدا کە مافی ڕەوای خۆیان دەستەبەر بکەن لەگەڵ ئازادیی تەواودا بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان.

لە دوادوایی جەنگی جیهانیی دووەمدا هیوای گەلە چەوساوەکان بووژایەوە و لەنێویشیاندا گەلی کورد کە لە پێشی پێشەوەی ئەو گەلانەوە بوو کەوا پشتیوانیی لە گەلانی هاوپەیمان دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دژ بە فاشیزم و هاوپەیمانەکانیان لە دنیادا. گەلی کورد هیوا و ئاواتی گەورەی لە سەر ئەو بەڵێنانە بنیاتنابوو کە لە لایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە پێیان درابوو بە پێی پێدراوەکانی لائیحەی ئەتڵەنتیك و جاڕنامەی مۆسکۆ سەبارەت بە زەمانەت کردنی ئازادی بۆ گەلانی بچووك، بە مافی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە خۆشیانەوە. ئەگەر گەلانی گەورە بەڵێنی درەوشاوە بدەنە گەلانی بچووك لە کات و ساتی سەغڵەتیدا و هەروا لێگەڕێن ئەو بەڵێنانە مرەکەبی سەر کاغەز بن و دەرەنجامیش لە خۆشیی سەرکەوتنندا لەبیریان بکەن، ئەوا گەلانی بچووك وازناهێنن و وەك ئیمتیازێکی یاسایی تێیدەڕوانن بۆ داواکردن و بەرجەستە کردنی مافەکانیان.

حیزبی رزگاریی کورد گومانی نیە کە هەڵەکانی رابردوو دووبارە نابنەوە و هەموو میللەتان هێندە پەندیان وەرگرتووە ئەو سیاسەتە کۆنە رەتبکەنەوە کە ئامانج و مەبەستی چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنیان بوو. هەڵبەتە چاوچنۆکی و بەرژەوەندییەکانی ئەو سیاسەتە ئیمپریالیستییە بوو کە جیهانی لە هەردوو جەنگی جیهانیی گەورەدا بەو هەموو کاولکارییەدا برد. حیزبمان کە ئەم یاداشتە بۆ رێکخراوەکەتان بەرز دەکاتەوە هۆکارێکی گەورەی هەیە کە باوەڕی بە نیازپاکیتان هەبێت و بە خواستی چەسپاوتان بە کۆتایی هێنان و سنووردانانێك بۆ دەستدرێژکاریی ئیمپریالیزم. زۆر جێی خۆیەتی لێرەدا سەرنجتان رابکێشین بۆ ئەو راستییەی کە مەحاڵە ئاشتیی جیهان بەرقەرار بێت و



هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤایەتی رزگار بکرێت لە مەترسیی سەختی جەنگ تا ئەو کاتەی هەموو گەلانی ژێردەستی ئیمپریالیزمی قێزەون و چاوچنۆك رزگار و سەرفراز نەبن. حیزبمان بە ناوی گەلی کوردەوە کە بە زۆر و زۆرداری ملکەچی حوکمی بێگانە کراوە، داوای وەدەرنانی ئیمپریالیزم دەکات لە ولاتەکەمان و لابردنی چەوساندنەوە و ناعەدالەتیی ئەو حکومەتانەی ملکەچ و دابەشیان کردووە.

گەلی کورد جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت مافەکانی بگەرێنرێتەوە وەك هەنگاوێکی پێویست و بنەرەتی بۆ مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی. نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت کە میللەتی کورد توخمێکی زۆر سەرەکیی ئاشتییە لەم بەشە گرنگ و ستراتیجییەی جیهاندا و رزگاربوون و سەربەخۆییشی پشت بە مەودایەکی گەورەی ئاشتیی دەبەستێت لە رۆژهەلاتی ناوەراست و وەك ئەنجامیش لە تەواوی دنیادا.

ئێمە بە هیواین کە سەردەمی ناعەدالەتی و کۆیلەیی بە سەرچووبێت و سەردەمێکی نوێ جێی گرتبێتەوە کە تیایدا سەرجەمی گەلان سەرفراز و ئاسوودە بن و مافی یەکسانییان هەبێت، سەرفرازییەك کە تێیدا گەلانی یەکگرتوو ماوەی شەش سالّی سەخت و پڕ چەرمەسەری شەڕیان بۆ کرد.

ئەنجام هیواداریین ئەم یاداشتە بە چاوی بایەخەوە تێی بڕوانرێت و سوپاس بۆ ئێوەش.

کۆمیتەی ناوەندی



CASPIAN SEA
BLACK SEA
KURDISTAN
U.S.S.R.
PERSIA
TURKEY
SYRIA
MEDITERRANEAN SEA
Tehran
Erivan
Ardahan
Bitlis
Angora
Jerusalem
Damascus

## کاروباری دەرەوەی
## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**بەغدا، ٢٣/ کانوون دووەم/ ١٩٤٦**

**ژمارە: ١٠٥٥**

### مشتومڕی ئەنجومەنی نوێنەران لەبارەی ئاژاوە و پشێویی ئەم هاوینەی دوایی لە کوردستاندا

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی.**

**گەورەم:**

شەرەفمەندم بەوەی راپۆرتی ئەوەتان بۆ بەرز بکەمەوە کەوا گفتوگۆ لە سەر راپەڕینی هاوینی ئەم دواییەی بارزانی کە بە شێوەیەکی بچڕبچڕ لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا بەڕێوەچوو ئاڵوگۆڕی راوبۆچوونێکی باشی وروژاند لە ١٩/کانوونی دووەم/١٩٤٦دا، لە نێوان ماجید مستەفای نوێنەر و وەزیری پێشتری بێ وەزارەت بۆ کاروباری کورد و مستەفا عومەریی وەزیری ناوخۆی ئێستا کە بەگشتی پشکی شێری بەرکەوتووە بۆ بەزاندنی مەلا مستەفا. ماجید مستەفای ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ئاماژەکردن بۆ بارودۆخی گشتیی عێراق و وتارەکانی نوێنەرەکانی تر کە بڵاوبوونەوەی گەندەڵییان لە عێراقدا ئیدانە کرد، قسەکانی خۆی دەستپێکرد.

لە باسکردنی جووڵانەوەکەی بارزانیدا، جەختی لە سەر ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییە پتەوە کرد کە عەرەب و کورد پێکەوە دەبەستێ و داکۆکیی کرد لە نەهێشتنی تەواوی جیاوازییە ئیتنیکی و تائیفییەکان لە وڵاتدا. ئەوجا لە پاش چرکە ساتێك راوەستان وتی نامەوێت ئابڕووی کەسانێکی دیاریکراو ببەم، بەڵام سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ هانی ئەوەیان دا کە قسە بکات و چی پێیە بیڵێت. ماجید مستەفای نوێنەر وتی مەبەستم وەزیرێکی دیاریکراوە (لێرەدا دەنگێك لەناو نوێنەرانەوە بەرز بووەوە ـ "کێیە؟ بیڵێ"). ئەویش ئاوڕێکی بە لای سەرۆك وەزیراندا

هەواڵنامەی کتێب

دایەوە و پێی وت "لەگەڵ تۆمە وگوێ بگرە و دەتوانیت پاش بەجێهێشنی پەرلەمان بمگریت".

پاشان ماجید مستەفا وتی کە دوو کەس، کە شێخ قادر و شێخ سەعیدن، لە سلێمانییەوە ویستوویانە سەردانی بەغدا بکەن و کاتێك گەیشتوونەتە کەرکووك گرتوونیانن و رەوانەی سلێمانییان کردوونەتەوە و لەوێ بەندیان کردوون. "کاتێك کە ئەم رووداوەم بیست بەدوایدا چووم و هەوڵمدا بەریان بدەم، بەڵام وەزیری ناوخۆ وتبووی پێی بڵێن ئەوانە تاوانبارن".

ئەو ویستی بە پێچەوانەوە ئەوە بسەلمێنێت کە تاوانباری و کردەوەی تر لە بەغدا و دەوروپشتی ئەنجامدەدرێن و حکومەت ناتوانێت لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکات، بەڵام بە یاخی و هەواداری بیروباوەڕی نوێ تۆمەتباریان دەکات. (لێرەدا وەزیری ناوخۆ توورە بوو و داوای لە نوێنەرەکە کرد بە ئەدەبەوە قسە بکات). نوێنەریش لە وەڵامدا وتی "وا باس دەکرێت کە کوردەکان مەیلیان داوەتە رووس و کۆمۆنیستەکان و هیوای زۆریان پێیانە. ئەگەر وەزیری ناوخۆ نکوولی لەمە دەکات، ئەوە جەمال بابان شایەتە. من دەڵێم ئایا کوردەکان کۆمۆنیستن؟ ئەوە ئەوان بوون کە بریتانییەکانیان لە بەندیخانەی کەرکووك دەرباز کرد و یارمەتییەکی چاکیان دان. کوردەکان جاران نازی بوون و ئێستاش کۆمۆنیستن! بۆچی؟ ئێوە چاوەڕێن گەنج و لاوەکان هەروا بە ئارامی بمێننەوە پاش ئەم هەموو کار و کردەوەیە؟".

پاشان ماجید مستەفا وەزیری بەرگریی بە ترسێکی بێ بنەما تۆمەتبار کرد کە رەنگە یاخیبوونی کوردەکان تێکەڵ بە بزووتنەوەی ئازەربایجان بێت. دوای ئەم رۆڵی وەزیری ناوخۆ هات و لە پاڵ قسە و باسی تردا وتی ئەو ئیدیعایە کە دەڵێت گوایە راپەڕینی مایسی١٩٤١ بە هۆی نائومێدیی خەڵکەوە بووە لە راستیدا مەسەلەیەکی نامۆیە و ماجید مستەفای نوێنەری لە راپەڕینی ساڵی١٩٤١وە گلاند و ئیشارەتی بەوە دا کە داکۆکیکردنی ئەو نوێنەرە لەو بزووتنەوەیە ناڕاست بووە. ئەوجا ئەم روونکردنەوەیەی خوارەوەی دا لە سەر پەیوەندییەکانی نوێنەر لەگەڵ رووداوەکەی ساڵی١٩٤١دا:

"کاتێك وەسی گەیشتە بەسرە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی پیاوماقووڵ پەیوەندییان کرد بە ماجید مستەفاوە، کە ئەو دەمە موتەسەڕیفی لیوای عیمارە بوو و

داوایان لێکرد بێتە ژێر رکێف و فەرمانی وەسییەوە لە بەسرە. بەڵام ماجید مستەفا ئەوەی رەتکردەوە و هەر کە گەیشتە بەغدا و پرسیاری ئەوەی لێکرا کە بۆچی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەسیدا رەتکردووەتەوە، لە وەڵامدا وتبووی کە ئەو کوردە و نەیتوانیوە ئەوە بکات چونکە ئەگەر وایبکردایە (کوردەکان دۆزەخیان بۆ دادەخست)".

پاشان کاتێ کە وەزیری ناوخۆ هاتە سەر باسی مەسەلەی بزووتنەوەی بارزانی، ماجید مستەفا ویستی هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران بەجێبهێڵێت بەڵام وەزیر داوای لێکرد بمێنێتەوە. دواتر وەزیر وتی کە جارێکیان ماجید مستەفای نوێنەر پێی وتووە کە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد لە سەر هەڵە بوون و ئەم ئامادە بووە بیانگرێت. ئەوجا وەزیر تێبینیی ئەوەی دا کە ئەو پیاوەی ئەم قسەیە بکات مافی ئەوەی نیە بڵێ راپەڕینەکە لە نائومێدیی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە.

پاشان وەزیری ناوخۆ ماجید مستەفای نوێنەری بە لایەنگری کوردەکان تاوانبار کرد کاتێ وەزیری دەوڵەت بووە و بە ئیشارەتدان بەو کەسایەتییە کوردانەی لە لایەن ئەوەوە باسکراون کە ئەم پیاوانە دواتر تووشی لێکۆڵینەوە بوون و ئەو لێکۆڵینەوانە تەواو نەکراون کاتێك کە سلێمانییان بەجێهێشتووە و رۆیشتوون بۆ بەغدا. وەزیر لە سەری رۆیشت و وتی مەسەلەکە هێند گرنگ بوو کە راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی ناچار کرد بە شەخسی بچێت بۆ سلێمانی و لە شوێنی خۆی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە و تا ئێستاش "ماجید مستەفای نوێنەر رێگە نادات هیچکام لە دۆست و برادەرەکانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت".

دواتر وەزیری ناوخۆ لەبارەی رووداوی مایسی١٩٤١وە دواو وتی کە لە لایەن گەلی عێراقەوە پشتگیریی لێنەکراوە و باشترین پیاوماقووڵ و سەرکردەکانی عێراق لایەنگریی بریتانیایان کرد لەو رووداوەدا. هەروەها باسی لەوەش کرد کە لە دوای هەڵگیرساندنی جەنگ پڕوپاگەندەی میحوەر بە شێوەیەکی چالاکانە سیاسەتی بریتانیایان قۆستەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. عێراق لەو سەردەمەدا گرفتاری هەژاری و دابڕان بووبوو لە بازاڕەکانی جیهان و ئەم بارودۆخە هاوکار بوو لە سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی میحوەردا. پاشان وەزیری ناوخۆ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کارێکی هەڵە بوو عێراقییەکان سزا بدرێن لە سەر رۆڵی شکستخواردوویان لە ئاژاوە و پشێوییەکانی

ساڵی١٩٤١دا لە کاتێکدا کە هێزە دیموکراتخوازەکان خۆیان بوون کە هەل و دەرفەتیان دا بە نازییەکان پڕوپاگەندەی خۆیان لە عێراقدا بڵاوبکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزی دڵسۆزتان

ئێدوین شۆینڕیچ
کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

فایلی ژمارە: ٨٠٠

RB MEMMINGER / HD

هەواڵنامەی کتێب

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**بەغدا، ٢٧/ مارت/١٩٤٧**

**(نهێنی)**

**ژمارە: ١١٥٤**

## ناردنی وەرگێڕانی نامیلکەیەك کە لە لایەن کۆمەڵەی دەنگی راستیی کوردەوە بڵاوکراوەتەوە.

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

بۆ تەواوکردنی برووسکەی ژمارە (١٣٢) لە کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٥/مارتدا، شەرەفمەندم بە هاوپێچ کردنی وەرگێڕانی نامیلکەیەك کە تازە لە لایەن کۆمەڵەی دەنگی راستیی کوردەوە دەرچووە، دیارە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە. لێرە لێکۆڵینەوە هیچ زانیارییەکی نەخستووەتە بەردەست لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵەی دەنگی راستییەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە نامیلکەکەیان بینیوە کۆکن لە سەر ئەوەی کە بەهۆی چاکیی جۆرییەوە لە لایەن ڕێکخراوێکی کوردییەوە دەرکراوە.ئەم نامیلکەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە بەر ئەوەی بۆ یەکەمجار کۆمەڵەیەکی کوردی ئەو بارە دەورووژێنێت کە وای دادەنێت "پێویست بێت بۆ پارێزگاری کردنی ئاشتی" لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. بە کورتی ئەو داواکاریانەی کورد ئەمانە بوون:

١. دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کە کورد حوکمی خۆی بکات لە چوارچێوەی عێراقدا. بەهەرحاڵ، دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە نامیلکەکە بە روونی ئەوە دەردەبڕێت، لە کاتێکدا کە ئێستا وایدەبینێت ئۆتۆنۆمییەك لەناو دەولەتی عێراقدا گونجاوترین دۆخە و بە شێوەیەکی رەها ئەگەری دامەزراندنی دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆی تەواو دێنێتە پێشەوە.

٢. ئۆتۆنۆمی کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری خوێندن و داوەری دەبێت و بە هەمان شێوەش ئیدارە ناوخۆییەکەی تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی لەخۆ دەگرێت.

٣. ئۆتۆنۆمی پابەندبوونی ئێستای حکومەتی عێراق دەسەلمێنێت و ئەوە دەخەملێنێت کە دوو لە سەر سێی داهاتی ولآت کە لە ئیمتیازەکانەوە (واتە ئیمتیازی نەوت ـ و) بەدەستهاتووە و دەکەوێتە ناو سنووری ئۆتۆنۆمییەوە تەنها بە پشکی خۆی دادەنرێت. ئەم خاڵە بە شێوەیەکی بەرچاو تایبەتە، چونکە کێڵگە گەورەکانی نەوتی کەرکووك و مووسڵ لە لایەن زۆرینەی کوردەوە بە بەشێك لە کوردستان دادەنرێن. بەم رەنگە و بەپێی ئەو سەروبەرگرتنەی پێویستن، ئەوە ئۆتۆنۆمیی پێشنیازکراوی کورد دوو لە سەر سێی ئەو داهاتەی بەردەکەوێت کە عێراق لەم ئیمتیازە بایەخدارەی نەوت دەستی دەکەوێت. بێگومان لە بارێکی ئاساییدا هیچ حکومەتێکی عێراق پێ لە ئاوها پێشنیازێك نانێت و شتێکی سەیرە کاتێك تێبینی دەکرێت کە ئێستا کوردەکان بانگەشەی داواکارییەك دەکەن بۆ پشکێك لە داهاتی مۆڵی نەوتی عێراق. وەك نووسراوی کۆمیسیۆنی ژمارە (١٠٨٠) ی ٦/شوباتدا هاتووە کە بلآوکراوەکانی کۆمۆنیستەکان لە ناوچەکانی کەرکووك و مووسڵدا دابەش کراون، لەو بیروبۆچوونە دەدوێن کە قازانجی کێڵگە نەوتییە دەولەمەندەکانی کوردستان دەچێتە گیرفانی خەڵکی بریتانیاوە و دەبێت بگەڕێتەوە دەست خاوەنی راستەقینەی خۆی.

٤. ئۆتۆنۆمی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی دەبێت کە ئازادانە هەڵدەبژێررێت.

هەواڵنامەی کتێب

٥. ئۆتۆنۆمی نوێنەری خۆی دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمی و ڕێژەی دانیشتووانە کوردەکەی بۆ تێکڕا دانیشتووانی عێراق.

٦. زمانی ڕەسمی لە دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی و قوتابخانەکاندا دەبێ کوردی بێت. هەڵبەتە عەرەبیش وەك زمانی دووەم دەخوێنرێت لە هەموو قوتابخانە عەرەبیەکاندا (ڕەنگە مەبەستی قوتابخانە کوردییەکان بێت ـ وەرگێڕ). ئەو پێشنیازەی کە کوردی وەك زمانی دووەم بخوێنرێت لە گشت قوتابخانە عەرەبیەکانی عێراقدا پێدەچێت گومانی ئەوەی لێبکرێت کە تەواوی بڵاوکراوەکە لە لایەن کەسێکەوە نووسرابێت کە گیانی نوکتە و گاڵتەجاڕیی تێدابێت.

٧. تەواوی کارمەندانی ئۆتۆنۆمی دەبێت لە دانیشتووانی ناوچەکە بن، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی میلاکی لەبار و گونجاو ئەوە ئەفزەلییەت دەدرێتە عێراقییەکان.

٨. ئۆتۆنۆمی کارمەندانی خۆی دەبێت لە هەموو لق و بەشەکانی حکومەتی ناوەندیی عێراقدا بە ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەو ڕێژەیەش بە سەرژمێرییەکی گشتی دیاری دەکرێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

٩. ئۆتۆنۆمی ١٥٪ ی داهاتی خۆی دەداتە حکومەتی ناوەندیی عێراق وەك پشك و هاوبەشی خۆی لە ئیدارەی ناوەندیدا.

١٠. بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی لە لایەن ئەنجومەنێکی وەزیرانەوە دەبێتکە لە ڕێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەکەیەوە و لە ئەندامەکانی هەڵبژێررێت.

١١. ئۆتۆنۆمی مافی ئەوەی دەبێت کە ڕێککەوتننامە کولتووری و ئابوورییەکان ئیمزا بکات لەگەڵ هەر وڵاتێکی تردا و بەو جۆرەی گونجاوە بۆی لەگەڵ داهات و سەرچاوەکانیدا مامەڵە بکات و هەروەها بەخشینی ئیمتیاز بە هەر وڵاتێك کە ئەو ئیمتیازەی دەدرێتێ و دەبێت لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئۆتۆنۆمییەوە ڕەزامەندیی لە سەر دەربڕێت. ئەم خاڵە بە دڵنیاییەوە کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی پێکدێنێت لە ناو عێراقێکدا کە زۆر مایەی حەز و ئارەزووی ڕووسەکان دەبێت.

له ئەنجامدا دەبێ بگوترێ کەوا کۆمەڵەی دەنگی راستی بەڕاستی وا لە کوردەکانی عێراق دەدوێت وەك ئەوەی داواکارییەکانیان دەبێت لە لایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێ بکرێت بۆ پاراستنی ئاشتی، بەڵام بارودۆخەکە بەگشتی جێی ئومێد نیە.

جەیمس س. مووس

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

- هاوپێچ:

وەرگێڕانی بلاوکراوەیەك لە لایەن کۆمەڵەی دەنگی راستیی کوردەوە دەرچووە. فایلی ژمارە: ٨٠٠

هەواڵنامەی کتێب

# پاشکۆی نامەی ژمارە: ١١٥٤

٢٧/ مارت/ ١٩٤٦

بەغدا ــ عێراق

(وەرگێڕان)

## دەنگی راستی

### بڵاوکراوەیەکە لە لایەن گرووپی دەنگی راستییەوە ناوبەناو دەردەچێت.

### ئێمە چیمان دەوێ؟

حاڵی حازر گفتوگۆ و مشتومڕ لە سەر مەسەلەی کورد روو لە زیادبوونە وەك ئەنجامێکی راپەڕینی کورد لە ناوچەی بارزان و بزووتنەوە دیموکرات و رزگاریخوازەکانی ئازەربایجان لە ئێران. ئەم مشتومڕانە رێگەی خۆیان لە لۆبییەکانی پەرلەمانی عێراقدا دۆزیوەتەوە کاتێ کە مەسەلەی خەرجییەکاندا دێتە پێشەوە و پەیوەندییان بە سەرکوتکردنی راپەڕینی کوردەوە هەیە لە بارزان و دەبنە مایەی قسە و گفتوگۆ لە پەرلەماندا. بە وپێیە ئەمە لە رێگەی لە سەر نووسینی چامەنییە عەرەبی و بیاییینەکانەوە بۆ ئێمە روونبووەتەوە و بەهەمان شێوەش لە رێگەی مشتومڕی ناو پەرلەمانەوە کە جیهان بە گشتی و عێراق بە تایبەتی کەمتەرخەم بوون، یان خۆیان بە کەمتەرخەم پیشانداوە، لە ئاست گەلێك راستیدا کە وابەستەن بە داواکاری و خولیا و ئاواتەکانی کوردەوە. بەو رەنگە ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کورتەیەکی ئەم داواکارییانە بخەینە پێش چاوی میللەتی عەرەب و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق یان راستتر بیریان بخەینەوە چونکە فەرامۆشکردنی ئەوان یان خۆ لێ گێلکردنیان لە رابردوودا بووە بە هۆی بەرپابوونی هەموو راپەڕینەکان کە عێراقیان بەتەواوی شپرزە کردووە و بووە بە مایەی رشتنی چەندین رووبار لە خوێن و فرمێسك و بەفیڕۆدانی ملیۆنان دیناریش کە وڵات لەوپەڕی پێویستیدا بووە پێیان بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی ئیمپریالیزم و دواکەوتن و هەژاری و نەخۆشی.

عەبدولکەریم ئەلعوزریی نوێنەر لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەڵێت کە نکووڵی کردن لە بوونی کێشەی کورد لە عێراقدا یارمەتیی چارەسەری ئەو کێشەیە نادات و

بەو پێیە دەبێت حکومەت رووبەڕووی راستییەکان ببێتەوە و بتوانێت چارەسەرێکی ئیجابیانە بۆ مەسەلەکە بدۆزێتەوە و چاو لە ولاتانی تر بکات کە فرە میللەت و فرە نەتەوەن وەك سویسرا و کەنەدا و شوێنانی تر. عەبدولکەریم ئەلعوزری بەردەوام دەبێت لە سەر قسەکەی و دەڵێ پێویستە بە کوردەکان بوترێت کە عەرەب نایانەوێت ئەوان بکەنە عەرەب یان لەناویان ببەن. بێجگە لەوەش دەبێت قەناعەت بە کوردەکان بکرێت کە عەرەب ئاواتەخوازی هەمان ئەو پێشکەوتن و بەختەوەرییەیە بۆ ئەوان کە بۆ خۆیانی دەخوازن.

ئەمە یەکەمجارە کە ئێمە گوێمان لە دەربڕینی بیروبۆچوونێکی بێگەرد و ئەقلانییەکی ئازادی عەرەب دەبێت لە سەر رێگاچارەیەك کە چارەنووس و پاشەڕۆژی عێراقی پێوە بەندە. وەك ئەو نوێنەرە بەڕێزە روونیکردەوە، کە کێشەی کورد بە پەیماننامە و رێککەوتننامە چارەسەر ناکرێت، وەك پەیماننامەی سەعدئاباد یان بە دامەزراندنی ماجید مستەفا بە وەزیر لە شوێنی جەلال بابان یان عومەر نەزمی لە شوێنی تۆفیق وەهبی و یان بە رازیکردنی ئەم کوردی ئاغا و ئەو کوردی دەسەلاتدار و دەستڕۆیشتوو. کورد رایان لە سەر ئەم جۆرە کەسانە نیە و دەزانن هیچیان بۆ ناکەن، بەڵکو ئەوان داواکاریی نەتەوەییان هەیە و دەیانەوێت بەدیبێنن.

گەلی کورد هەموو ئەو خاسیەتانەی تێدایە - یان هەست دەکات و باوەڕی بەوەیە کە تێیدایە - بۆ ئەوەی ببێتە نیشتمانێك و شوێنی شیاوی خۆی لەناو کۆمەڵی گەلاندا بگرێت. سەرباری هەموو ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە کورد تووشی هاتووە لە سەر دەستی حکومەتەکاندا و بە هۆی بەدبەختییەوە، کەچی نەك هەر تەنها یەکێتیی کولتووری و زمانیان پاراستووە بەڵکو وزە و هێزی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیشیان پاراستووە بە درێژایی مێژووی دوور و پڕ مەینەتی و تاڵیی ژیانیاندا.

لە تاوتوێکردنی مەسەلە نەتەوەییەکەماندا دەبینین کە دوو بواری جیاواز لەخۆدەگرێت:

یەکەم بوار پەیوەستە بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و یەکگرتوو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

دووەمیان ناوخۆییە و بە دیاریکراوی پەیوەستە بەو بارودۆخەوە کە کوردی تێدا دەژی و ئەو مافانەی هەیانە لەو ولاتانەی ئەمان دڵسۆزیی خۆیانیان بۆ دەردەبڕن.

تا ئەو ئاستەی تاوتوێکردن و شیکردنەوەی یەکەم بوار ئێستا لە دەرەوەی بابەتەکەی ئێمەیە و با بچینە سەر دووەم بوار. لەم رووەوە بە پێویست نازانرێت زۆر لە سەر ئەو بارە ئاشکرا و روونەی شەڕ و خراپی بوەستین کە کوردەکان ئێستا تێیدا دەژین و ئەو سیاسەتە شۆڤێنیستانەی کە حکومەتەکانی عێراق و تورکیا و ئێران تا ئێستاش دەیسەپێنن بە سەر خەڵکی کورددا لە پاڵ سەرکوتکردن، چەوساندنەوە و کوشتوبڕدا کە لە سەر دەستی ئەم حکومەتانە تووشی هاتوون.

بەو پێیە ئێمە بە کورتی لە خوارەوە ئاماژە بەو بارودۆخە دەدەین کە هەست دەکەین پێویستە بۆ راگیرکردنی ئاشتی لە نێوان خۆمان و ئەو حکومەتەی ئێمە لە ژێر سایەیدا دەژین. بە ژماردن و باسکردنی ئەم بارودۆخانە هەست بەو راستییە دەکەین کە پێگەیشتنیان، بەهەر بارێك بێت، زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عەرەب و تورك و فارس ناگەیەنێت. بە پێچەوانەوە، ئەمە دەبێتە هۆی لێك تێگەیشتن و هاوکاریی نێوان ئێمە و ئەم میللەتانە و دواجاریش کۆتایی بە پیلانی ئیمپریالیستەکان و دەستوپێوەندیان دێنێت. دانانی بە مافە سروشتییەکانی کورددا خەباتی هاوبەشی ئێمە بەهێزتر دەکات دژ بە ئیمپریالیزم و نەخۆشی و دواکەوتوویی و هەژاری.

هەواڵنامەی کێتێر

## داواکارییە ناوخۆییەکانمان

ئێمە ئەم داواکارییانەی خوارەوەمان لە حکومەتی عێراق هەیە بەو پێیەی کە لە ژێر رکێفی ئەو حکومەتەداین:

١. دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت کە هەموو ئەو ناوچانە لەخۆ بگرێت کە زۆرینەی کوردی تێدا نیشتەجێیە لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا. ئەم بەڕێوەبەرێتییە دەبێت مافی خودموختاری بدرێتێ لە شێوەی ئۆتۆنۆمیدا و بە شێوەیەك کە وێکبێتەوە لەگەڵ سیستەمە دیموکراتیەکاندا و پێویستە باڵ بکێشێت بە سەر تەواوی مەملەکەتی عێراقدا. هەموو ئەو کەسانەی لە سنووری ئەم ئۆتۆنۆمییەدا دەژین دەبێت مافی یەکسانیان هەبێت بێ رەچاوکردنی ئاین و ناسنامەی نەتەوەیی و رەگەز. کەمینەکانیش دەبێت مافی تەواوی نوێنەرایەتییان هەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئۆتۆنۆمیدا.

٢. ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەمێنێتەوە. کارەکانی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و ئۆتۆنۆمیدا دابەش دەکرێن، بەو شێوەیەی کە لە سەری ڕێکدەکەون و بە جۆرێك کە کاروباری پەروەردە و خوێندن و داوەری و لەهەمان کاتیشدا کاروباری ئیدارەی ناوخۆ بە تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە لە ژێر ڕکێفی حکومەتە ئۆتۆنۆمییەکەدا دەبێت.

٣. ئۆتۆنۆمییەکە دان بە هەموو ئیمتیاز و ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و ئەو پابەندیانەدا دەنێت کە حکومەتی ناوەندی ئەنجامیداوە و بە ڕەخساندنی ئەوەش کە دوو لە سەر سێی ئەو داهاتەی لەو ڕێککەوتننامە و ئیمتیازانەی بەدەستدێن و دەکەونە سنووری ئۆتۆنۆمییەوە بە تەنها بۆ خۆی تەرخان بکرێت.

٤. ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجومەنی نوێنەرانی خۆیی دەبێت و نوێنەرەکانی بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنیی ئەو نێر و مێیانەی تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمتر نیە هەڵدەبژێرێن لە سەر یەك ئاست و ڕێژەیەکی جێگیر و بە پێی دیاریکردنی لە لایەن یاسای داڕێژراوی تایبەتەوە.

٥. ئۆتۆنۆمی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نوێرایەتیی دەکات بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو و یاسای هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمی و ڕێژەی دانیشتووانی کورد بۆ دانیشتووانی تری عێراق.

٦. زمانی فەرمی لە دامودەزگا حکومی و قوتابخانەکاندا کوردی دەبێت. عەرەبیش وەك زمانی دووەم دەخوێنرێت و لە بەرانبەر ئەوەدا کوردی وەك زمانی دووەم لە هەموو قوتابخانە عەرەبییەکاندا دەخوێنرێت. زمانی کەمە نەتەوەکانیش لەو شوێنانەی کەمینەی غەیرە کوردی تێدا نیشتەجێیە فەرمی دەبێت و لە بەرانبەردا زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لە قوتابخانەکانیاندا دەخوێنرێت.

٧. تەواوی کارمەندان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە دانیشتووانەکەی خۆی هەڵدەبژێرێن. بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی کەسی گونجاودا بۆ ئەو چەشنە پۆستانە ئەوە کەسی عێراقیی لەبار و شیاو پێش خەڵکی تر دەکەون.

٨. ناوچەی ئۆتۆنۆمی کارمەندانی خۆی دەبێت لە هەموو ئەو دامەزراوە و دەزگایانەی لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوەدەبرێن بە ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەم ڕێژەیەش بە ئامارێکی تایبەت بەم مەبەستە دیاری دەکرێت.

٩. ناوچەی ئۆتۆنۆمی ١٥٪ ی هەموو داهاتەکانی دەداتە حکومەتی ناوەندی وەك پشکی خۆی لە بەڕێوەبردنی ناوەندا.

١٠. ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە لایەن ئەنجومەنێکی وەزیرانەوە بەڕێوەدەبرێت کە لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێت و ئەمەش لە دەستووری ئۆتۆنۆمیدا دیاری دەکرێت. وەزیرەکان بەرپرسیار دەبن تەنها لە بەرانبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا.

١١. ئۆتۆنۆمی مافی پەیماننامە کولتووری و ئابوورییەکان دەپارێزێت لەگەڵ هەر لایەکدا و مافی تەواوی خۆی هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ داهاتەکان و سەرچاوەکانیدا بۆ پێدانی ئیمتیاز بە هەر وڵاتێك بە مەرجێك کە ئەم ئیمتیاز و ڕێککەوتننامانە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئۆتۆنۆمییەوە ڕەزامەندیی لە سەر دەربڕێت.

ئەوانەی لە پێشەوە باس کران داواکاریی نیشتمانیمانن کە دەیخەینە بەرچاوتان و پەیمانی ناوخۆیی ئێمە دەخەنەڕوو. ئێمە پەیمانمان داوە بە خوا و نیشتمانمان کە پابەند بین بەم پەیمانەوە بە هەر نرخێك بێت. ئێمە ئەم داواکارییە ئاشکرایانە بەرز دەکەینەوە بۆ بەردەمی حکومەتی عێراق و ڕاگەیاندنەکان و بیریاران. ئێمە ڕاشکاوانە پێیان دەڵێین کە هیچ ئیجرائێك بێجگە لە ڕەچاوکردنی ئەو داواکاریانە لای میللەتی کورد جێی قوبووڵ نیە. چوونە ژێر باری قایلبوون بەم داواکاریانە، لە هەر باروزرووفێکدا بێت، یەکێتیی عێراق ناخاتە بەر هەڕەشە و مەترسی وەك شۆڤێنی و کرێگرتەکانی ئیمپریالیزم تەپڵی بۆ لێدەدەن. بە پێچەوانەوە، ئەمە پەیوەندیی دۆستایەتیی نێوان کورد و عەرەب بەهێزتر دەکات و یارمەتیدەری یەکێتیانە بە پێی بنەمای داننانی گەلان بە مافی یەکتردا و ئەمانەش بە بنەماکانی یەکێتیی ڕاستەقینە دادەنرێن.

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ٢٤/ نیسان/١٩٤٦

ژمارە: ١٢٠٢

(نهێنی)

## ناردنی وەرگێڕانی بەیاننامەیەك لە لایەن حیزبی رزگاریی کوردەوە.

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی.**

**گەورەم:**

بۆ تەواوکردنی نووسراوی ژمارە (١١٣٥) ی کۆمیسیۆن لە ١٤/ مارت/ ١٩٤٦دا شەرەفمەندم بە هاوپێچکردنی وەرگێڕانێکی بەیانێك لە لایەن حیزبی رزگاریی کوردەوە کە لەگەڵ ئەو راگەیاندنەدا مامەڵە دەکات کە وەك باسدەکرێت لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا لە لایەن تۆفیق سوەیدییەوە لە ٢٥/ مارت/ ١٩٤٦دا باسکراوە. (بڕوانە نووسراوی ژمارە: ١١٥٩ لە ٢٩/ مارت / ١٩٤٦دا).

سەرنجی ئەوە دەدرێت کە بەیاننامەکەی رزگاری خۆی بواردووە لە راگەیاندنە "درۆ و دەستکردەکەی" سەرۆك وەزیران کە دەڵێت گوایە مەسەلەی کورد لە عێراقدا نیە و ئیشارەت بەوە دەدات کە "بە پێیەی کە لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە ئامادە کراوە، سەرۆك وەزیران ژمارەی کوردەکانی لە عێراقدا کەمکردووەتەوە بۆ ئەوەی بێبایەخی سیاسییان بسەلمێنێت" و جەخت لە سەر مافە یەکسانەکان دەکاتەوە بۆ ئەو کوردانەی برسی و چەوساوە و نەخۆشن و باس لەوە دەکات کە "بزووتنەوەی بارزانی، بە سەرکردایەتیی گەورە جەنگاوەری نەتەوە پەروەر، مەلا مستەفای بارزانی، بزووتنەوەیەکی میللی و دیموکراتییە و لە لایەن جەماوەری کوردی عێراقەوە پشتگیریی دەکرێت چونکە وایدادەنێن کە هۆکارێك بێت بۆ چارەسەر و رزگاربوون لە ئیمپریالیزم و

کار و کردەوە کۆنەپەرستەکانی حکومەت" و پاشان بە هێرشێکی توند "بۆ سەر ئیمپریالیزمی بریتانی کە دوژمنی هاوبەشە" کۆتایی پێدێنێت و وای باسدەکات کە کۆسپ و تەگەرە دەخاتە ڕێی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە پێناوی "حکومەتێکی دیموکراتی و مافی چارەی خۆنووسیندا".

مەسەلەکە زیاتر سەلمێنراوە کە حیزبی رزگاریی کورد لە گرووپێك لەو کوردانەی "ڕێبواری ڕێگا" پێکهاتووە کە دانیشتووی بەغدان و زۆر حەز بە رووخاندنی "ئیمپریالیزمی بریتانی" دەکەن و پێدەچێت لانیکەم هاوئارەزوو بن لەگەڵیدا سەبارەت بە مافەکانی کورد.

لەگەڵ ڕێزدا

دڵسۆزتان

جەیمس س. مووس

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هەواڵنامەی کتێب

هاوپێچ/ وەرگێڕانی بەیاننامەکە

فایلی ژمارە (١ـ ٨٤٠)

٤/ نیسان/١٩٤٦

(وەرگێڕان)

# بەیاننامەی پارتی رزگاریی کورد لەبارەی راگەیاندنەکانی سەرۆك وەزیرانەوە

نیازە شەڕخوازەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان جارێکی تر روون و ئاشکرا گوزارشیان لەخۆیان کرد لەو لێدوان و راگەیاندنانەی سەرۆك وەزیران بۆ پەیامنێران و رۆژنامەنووسان لە قاهیرە، رۆژی ٢٥/ مارت/ ١٩٤٦ سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق. ئەم راگەیاندنانە درۆ و دەستهەڵبەست بوون و هەندێکیان هەر زوو کەوتنە بەر رەخنەی رۆژنامە ناسیۆنالیستە ئازادەکان کە لێکدانەوە پڕ چەواشەکارییەکانی راگەیاندەکانیان خستەڕوو سەبارەت بە رێککەوتننامەی هاوپەیمانیی ئەنگلۆ ــ ئەمریکی و کشانەوەی هێزە ئیمپریالیستەکانی بریتانیا و گەشتە گوماناوییەکانی نوری سەعید و..تاد.

بەم رەنگە ئێمە وای بە باش دەزانین کە وەڵامی هەندێك لەو بوختانانە بدەینەوە کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە هەیە. ئەم بزووتنەوەیە بە روونی و بە شێوەیەکی قەناعەت بەخش لە لایەن راگەیاندنی ئازادەوە باس نەکراوە وەك مەسەلەیەکی نەتەوەیی زیندوو بۆ ئەوەی تیشکی رای گشتی بخرێتە سەر تەفرە و پیلانە ئیمپریالیستیە ئابڕووبەرەکان. یەکەم رستە لە راگەیاندنەکەی سەرۆك وەزیران کە بە پێی پیلانێك لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە ئامادەکراو سازی دابوو ژمارەی کوردی لە عێراق کەمکردبووەوە بۆ سەلماندنی بێبایەخیی سیاسییان. راستیەکەی، سەرۆك وەزیران بە وشەیەك یان بە نووکە قەڵەمێك یەك ملیۆن کورد لەناودەبات کە هێشتا لە کوردستانی عێراقدا لە ژیاندان. مەسەلەیەکی تەواو سەیرە کە سەرژمێریی ساڵی١٩٣٠ دانیشتووانی کوردی عێراقی بە هەشت سەد هەزار کەس داناوە، لە کاتێکدا زۆرێك لە کوردەکان بەر ئەو سەرژمێرییە نەکەوتن چونکە خێڵە کوردەکان وایان هەست دەکرد کە مەبەستی سەرباز گرتن یان باج لێسەندنی زۆرەملێ بووە.

سەرژمێریی ساڵی ۱۹۳۰ دانیشتووانی عێراقی بە چوار ملیۆن مەزەندە کردووە. بەهەرحاڵ، ئێمە نازانین بە پێی چ بنەمایەك سەرۆك وەزیران ژمارەی دانیشتووانی کوردی کەمکردووەتەوە بۆ دوو لە سەر سێی ژمارەی تۆمارکراویان و بە دەستنیشانکراوی بۆ پێنج سەد هەزار، لەکاتێکدا کە دانشتووانی عێراق لەو کاتەوە نزیکەی دوو ئەوەندە زیادی کردووە. ئاشکرایشە کە لە ساڵی ۱۹۳۰ بەم لاوە نە تاعوون و نە پەتایەکی تری کوشندە لە کوردستانی عێراقدا بڵاونەبووەتەوە. ئەگەر هەر نەخۆشییەکی تر و برسێتی و زەحمەت و ماندووبوون هەندێك کەسی لە میللەتی ئێمە کوشتبێت ئەوە لەگەڵ دانیشتووانی تری عێراقدا چونیەکن چونکە لەهەمان بارودۆخدا ژیاون. هەروەها سەلمێنراویشە کە ئەو کوردانەی لە سەرژمێریی ساڵی ۱۹۳۰دا تۆمارکراون ناسنامەی نەتەوەیی و تۆماری خۆیان نەگۆڕیوە بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی تر. بەهەرحاڵ، ئەمانە شێوازی کاری ئیمپریالیستێکی ریسوایە کە سەری لە گوێی گۆڕ دەلەرزێت.

دواتر سەرۆك وەزیران بارودۆخی کورد لە عێراقدا باس دەکات و دەڵێت کە کوردەکان هەمان ئەو مافانەی تەواوی عێراقییەکانی تریان هەیە. بەڵێ ئەگەر ئەمانە مافی نکوولی لێکردن و برسێتی بن، مافی دواکەوتن و نەخوێندەواری و نەخۆشی بن، مافی کۆت و بەند کردنی ئازادی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بن، ئەوە دەبێت منەتباری چینە دەسەڵاتدارەکان و ئاغا ئیمپریالیستەکانیان بین. بێگومان جەماوەری عێراقی زەحمەتکێش و چەوساوە لەم دید و بۆچوونەدا دەدەنە پاڵ ئێمە. حاڵ و باری جووتیارانمان کە وەك کۆیلە و زەویبەندەی سەدەکانی ناوەڕاست مامەڵە دەکرێن، تەشەنەکردنی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی لە سەرانسەری هەرێم و ناوچەکانماندا، نەخۆشی کە تا سەر ئێسقان کاری لە خەڵکی ئێمە کردووە، نکوولی کردن لە خوێندن بە زمانی خۆمان و نەبوونی رۆژنامەیەکی سیاسیی ئاشکرا بۆ دەربڕینی ئاوات و خولیامان و قسە کردن لەجیاتی گەلی خەباتگێڕ و زەحمەتکێشمان، ئەمانە هەموو شایەتی پراکتیکین بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانمان. سەرەڕای ئەمەش کاتێك کەسێکی ئازاد و شانازی بەخۆوە کردوو داکۆکی لە ریفۆرم دەکات، ئەوە بە ستەم و چەوساندنەوە و زیندانی تاریك پاداشت دەدرێتەوە و ئەگەریش پێویست بکات ئەوە هێزەکانی سوپا و پۆلیسی ساز و ئامادەباشن بۆ رووخاندنی گوندەکانمان و بۆ کوشتنی ئافرەت و

منداڵمان و بۆ  زوڵم و ستەمکردن لە سەدان کەسی زەحمەتکێشمان. ئێستاش سەرۆك وەزیران نکووڵی تەنانەت لە بوونی میللەتی کورد و کێشەکەی دەکات. بەڵام ئێمە جەخت لە سەر ئەوە دەکەین کە کورد هەن، با ئاغا ئیمپریالیستەکان هەر لە ورگی خۆیان بدەن.

هەڵبەتە هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە نیە ئەگەر گەلی کورد مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی دیاری نەکات لە هەموو ناوچەکانیدا. ئەمەش تەنها بەوە دەگونجێت و دەکرێت کە پێکهاتەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەم شوێنانە تێکبشکێنرێت لە رێگەی بەدەستهێنانی حەتمیی مافە دیموکراتیەکانەوە تاوەکو بتوانین داواکانمان دەستەبەر بکەین و ریزەکانی خۆمان رێکبخەین.

شتێکی نامۆ نیە بۆ سەرۆك وەزیران و رۆڵی ئەو لە وەسفکردنی بزووتنەوەی بارزانیدا ئەم شێوە ناڕاست و نادروستە. ئەو یەکەمجار بە بزووتنەوەیەکی تائیفیی لە قەڵەم دا و پاشان وەك بزووتنەوەیەکی تاکەکەسی گوایە مەلا مستەفا دەیەوێ کاریگەریی شەخسیی خۆی بسەپێنێ و دواتریش دەیوت کوردەکان نایانەوێت کاروباری بەڕێوەبەرێتیی حکومەتیان هەبێت لە ناوچەکانیاندا. هەموو ئەم قسە دژوار و پێچەوانە بە یەکترانە بۆ جیهانی دەسەلمێنن کە ئەم باسە بێسەروبەر و ئیدیعایانە چەند گەوجانە مامەڵەیان لە گەڵ دەکرێت.

بزووتنەوەی بارزانی، بە سەرکردایەتیی جەنگاوەری نەتەوەپەروەری گەورە مەلا مستەفای بارزانی، بزووتنەوەیەکی میللیی دیموکراتییە کە شەڕی ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکان دەکات و ئامانجی دەستەبەرکردنی چاکسازیی دیموکراتیی گشتی و دابینکردنی مافە نیشتمانییە رەواکانە. ئەم بزووتنەوەیە لە ئەنجامی بەگژداچوونی دەسەڵاتە حکومییە کۆنەپەرستەکانەوەیە بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ئارام و ئاشتیخوازی ئەم ناوچە هەستەوەرە. بزووتنەوەکە لە لایەن جەماوەری خەڵکی کوردی عێراقەوە پشتیوانیی دەکرا چونکە ئەوان بە هۆکاری چارەسەر و رزگاربوونیان دەزانی لە ئیمپریالیزم و رەفتار و کردەوە کۆنەپەرستەکانی حکومەت و جەماوەری کورد بزووتنەوەکەیان بە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە دادەنا لە پێناوی رزگاریدا. هێزە کوردییە نەتەوەپەروەرەکان بۆ ئێران هەڵنەهاتوون وەك سەرۆك وەزیران پیچی لە سەر دادەگرێت، بەڵکو ئەوان کشاونەتەوە بۆ ناو کوردستانی رزگاربووی ئێران لە بەر پاراستنی گیانی

خەڵکی بێتاوان. ئێمە لە رۆژنامەکەماندا "رزگاری" و هەروەها هاوڕێ کۆمۆنیستەکانیشمان لە رۆژنامەکەیاندا "شۆڕش"، کە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستە لە کوردستانی عێراقدا، ئەو راستییەمان دووپات کردووەتەوە لەبارەی بزووتنەوەی بارزانی و پیلانی ئیمپریالیستە بریتانییە تاوانکارەکان و سیخوڕەکانیان لە چینە دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکان.

دوابەدوای ئەم لێدوان و راگەیاندنانە کە رووی راستی بزووتنەوەی کوردیان لە عێراقدا شێواندبوو، مستەر ریچارد و ویندهام کە پەیامنێری "نیوز ئۆف زی وۆرڵد NEWS OF THE WORLD"ە لێدوانی تازە و گرنگی لە سەرۆك وەزیران وەرگرتووە کە پاڵپشتە بۆ نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیستە بریتانییە تاوانکارەکان و پێگەیان بەهێز دەکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی. سەرۆك وەزیران رایگەیاندووە کە "ئەگەر هێزەکانی عێراق نەتوانن یاخیبوونی کوردەکان لە عێراقدا سەرکوت بکەن و لە حاڵەتی بەرپابوونی ئاوها یاخیبوونێکدا، ئەوە داوا لە ئینگلتەرا دەکات پابەندیی خۆی جێبەجێ بکات بە ناردنی هێزێکی سەربازی بۆ یارمەتیدانی هێزەکانمان". سەرۆك وەزیران وادەزانێت کە ئینگلتەرا چاوەڕێ دەکات تا ئەوکاتەی "داوای لێدەکرێت". بێگومان ئەمەیە ئەو بارەی کە ئیمپریالیستی بریتانیا دەیەوێت و لەڕاستیدا هەموو ئەو راپۆرتانەی لە سەر یاخیبوونی کورد و تەقینەوەی گڕکانەکانن لە کوردستاندا هیچیان کەمتر نیە لە بێزارکردنی ئەو پڕوپاگەندانەی لە سەرچاوە ئیمپریالیستەکانەوە دێن بۆ دروستکردنی زەمینەیەك کە پێویست بکات هێزەکانی بریتانیای تێدا جێگیر بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان بە سەربازی نوێ بەهێزتریان بکات. ئەمەش بۆ لادانی سەرنجی خەڵك دەکرێت لە خولیا و ئاواتە نیشتمانییە پیرۆزەکانیان و بە دیاریکراویش خۆی لە کشانەوەی دەسبەجێ و تەواوی هێزە بیانییەکاندا دەبینێتەوە. ئاشکرا و روونە، بوونی ئەم هێزانەی بریتانیا تەنها بۆ مەبەستی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد نیە بەڵکو بۆ لەناوبردنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی عەرەبیشە، بەو پێیە ئێمە تکاکارین لە هەموو برا عەرەبەکانمان لە وڵاتانی برادا کە لە خەباتی پیرۆزیان لانەدەن و هەوڵ بدەن هەرچی زووترە لە ئیمپریالیزم رزگاریان بێت. هەروەها تکاکارین لە برا عێراقییەکانمان بدەنە پاڵ خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە بەرنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەشدا، کە ئیمپریالیزمی بریتانیایە.

میللەتی کوردی ئاشتیخواز لە پێناوی هیچدا راپەڕینی نەکردووە و لە راستیدا پاڵنەریان داوا رەواکانیانە و هاوشێوەی ئەو داواکاریانەیە کەوا گەلی بەشەرەفی عەرەب لە پێناویدا تێدەکۆشن، ئەویش رزگاربوونە لە ئیمپریالیزم و دەستەبەرکردنی حکومەتی دیموکراتی و مافی چاری خۆنووسینە.

دواجار، وەڵامدانەوەی کۆمێنتەکانی داود حەیدەریمان بیرناچێت لە ئەنجومەنی پیران لە سەر لێدوان و راگەیاندنەکانی سەرۆك وەزیران تا ئەو ئاستەی کە ئەو (واتە حەیدەری) هەستی بەوە دەکرد کە پێگەی کورد لە عێراقدا. ئەو خوێنی زیاد لە ملیۆنێك کوردی لە بیرچووە کە لە تورکیا و ئێران و عێراقدا رژاون لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین و رزگاری و شکاندنی کۆت و بەندا. ئایا کەس هەیە نکووڵی لەو راستیە بکات کە بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوردی لەت و پەت کردووە؟ بێگومان بە تەنها کەسێکی گەوج و کۆنەپەرست و بەکرێگیراو دەتوانێ نکووڵی لەمە بکات. رەنگە داود حەیدەری لە سەر هەق بێت کاتێك حاشا لە بوونی مەسەلەی کورد دەکات و راپەڕینی مەلا مستەفا لە دژی حکومەت بە کردەوەیەکی تاکەکەس لە قەڵەم دەدات، چونکە ئەو سیخوڕێکی دڵسۆزی ئیمپریالیزمی بریتانیایە لە کۆمپانیای نەوتدا، لەبەرئەوەیە ملکەچانە پەیڕەوی راوێژ و ئامۆژگارییەکانیان دەکات. قسە و لێدوانی لەم چەشنە، لە لایەن سیخوڕ و ئەڵقە لەگوێکانەوە، نامۆ نین بەڵکو ئەم سیخوڕانە خولیا و پیلانەکانی ئاغاکانیان لە لەندەن دەردەبڕن. با باش بزانن کە رۆژی لەناوبردنیان دوور نیە.

هەواڵنامەی کیتر

**کۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی رزگاریی کورد**

## کونسوڵییەتی ئەمریکا

بەسرە، عێراق، ١٧/ تەموز/ ١٩٤٦

(نهێنی)

## ئاژاوە و پشێوی لە خوزستاندا

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن**

**گەورەم:**

شەرەفمەندم بە گەڕانەوە بۆ برووسکەی ژمارە (٥٣) ی کونسولێیەت لە ١٦/ تەموز/ ١٩٤٦دا و بەرفراوان کردنی راپۆرتەکەم سەبارەت بە رووداوەکانی ئێستا لە خوزستان. شۆتی جێگری کونسوڵ و من لە میانەی سەردانێکماندا بۆ ئابادان لە ١٦/ تەموزدا هەندێ زانیاریمان دەستکەوت. مستەر شۆت بە شێوەیەکی کاتی لە بنکەی TWA لە ئابادان دەمێنێتەوە بۆ راپۆرتدان لە سەر هەر پەرەسەندنێکی زیاتر. لە سەرجەمی خاڵەکانی مەسەلەکەوە وا دەردەکەوێت کە پێکدادان لە خوزستان بەشێکە لە "جەنگی بێ خوێنڕشتن" لە پرۆسەیەکدا لە ئێران لە نێوان بریتانیا و رووسیادا. رووسەکان لە رێگەی حیزبی توودەوە سنووری ناوچەیەکیان بەزاندووە کە پێشتر لە ژێر رکێفی بریتانیادا بوو، بەڵام ئێستا بریتانیەکان لە رێگەی AIOC (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ئێرانی - وەرگێڕ) و بەکارهێنانی "کۆمەڵەی هۆزە دیموکراتییەکانی عەرەب"ەوە تۆڵە دەکەنەوە. ئەو ئاژاوە و پشێوییەی روویدا وادیارە هەردوو لای سەرسام کردووە بەهۆی خەستیی توندوتیژییانەوە و هەردوولا لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بارەکە بگۆڕنە زیانی ئەویتر.

ئەو مانگرتنانەی حیزبی توودە سەرکردایەتیی دەکردن دژ بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ - ئێرانی لە مایس و حوزێراندا تەنازولی بنەڕەتییان لێکەوتەوە بۆ کرێکاران. رووداوەکان هەر زوو پەرەیسەند بەرەو ئاژاوە و پشێوی لە ١٤/ تەموزدا و مەسەلەکە لە ٦/ تەموزدا دەستی پێکرد کاتێك کە حیزبی توودە داواکاریی

ئیزافی خستە بەردەمی AIOC، لەوانە پێدانی کرێی کرێکار لە ڕۆژانی هەینیدا، بەگشتی کرێی بەرز، سوود و دەسگرۆیی بۆ کرێکاران چەشنی خانووبەرە، ئاسانکاریی حەوانەوە و پشوو.. تاد.

کۆمپانیاکەش پێویستی بە کات بوو بۆ بیرکردنەوە لە مەسەلەکە و ماوەی هەفتەیەکی پێدرا. کۆمپانیاکە سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ناتوانێت کرێی ئیش لە ڕۆژی هەینیدا بدات تاوەکو حکومەتی تاران شیکردنەوەیەك دەدات لەبارەی پێدانی کەمترین کرێ لە یاسای کاری نوێدا. بە درێژایی هەفتەکەش توودە کارەکەی دەورووژاند و هانی ئاژاوەی دەدا و ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ئاغاجاریدا ڕوویدا، کە کێڵگە نەوتێکی AIOC بوو. لە سەر داوای کۆمپانیا سێ سەرکردەی توودە لەوێ گیران و ئەمەش زەمینە و بیانوویەکی زیاتری بۆ حیزب ڕەخساند کە مانگرتنی گشتی رابگەیەنێت.

کۆمەڵەی عەرەبی پلانێکی دانابوو بۆ سەرکردە خێڵەکییەکان لە ١١/ حوزێراندا و بە رەسمی لە ٢٣/حوزێراندا کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لە نزیك خوڕەمشەهرەوە ڕێکخست. بەرنامەکەی بانگەشە بوو بۆ بەرهەڵستی کردنی توودە و پشتگیریی بارێکی ئۆتۆنۆمی لە خوزستاندا. هەڵبەتە مشتومڕێکی بەرچاویش هاتە ئاراوە کە چ ناوێك لە خۆبگرن و وشەی "دیموکراتی" هێنرایە ناوەوە وەك دەربڕینێکی پشتگیری بۆ پارتی دیموکراتی قەوام. عەرەبەکان زۆر لەمێژ بوو بەتەما بوون بریتانیا پشتگیرییان بکات دژ بە ئێرانییەکان و ماوە نا ماوەیەکیش مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی خوزستانیان دەورووژاند، (بڕوانە نووسراوی ژمارە (٣٤٢) لە ١٧/ حوزێران/١٩٤٣دا، لە بەغداوە). سەرکردەکانی کۆمەڵەی خێڵەکی برتی بوون لە یوسف کوەیتی، شێخ حاجی عەلی حەدداد و حوسێن غازی، کە هەموویان گەورە بەڵێندەری AIOCبوون و هەروەها شێخ زۆرای کە دەسەڵاتدارترین شێخی دوورگەی ئابادان بوو لەگەڵ شێخ تەریاق. کۆمەڵەی عەرەبی لە کاتی بەرێکخراوبوونیەوە کۆبوونەوەی ڕێکوپێکی دەکرد و بنکەی سەرکردایەتیی لە ئابادان و خوڕەمشەهر دانابوو. کۆبوونەوەکان بوون بە هۆی پێکدادانی بچووك بچووك لەگەڵ لایەنگرانی توودەدا بەڵام ئاژاوەی توندی لێنەکەوتەوە.

یەك لە هاندەرانی خوزستانێکی ئۆتۆنۆمیدار شێخ چاسب خەزعەلی کوڕی شێخی دێرینی موحەممەڕەیە. بارەگای کۆمەڵەی عەرەب لە خوڕەمشەهر لە تەلارێکدایە کە خوشکێکی شێخ چاسب خاوەنێتی و شێخ لە ماوەی ئاژاوە و پشێوییەکەدا لە خوڕەمشەهر بوو و پێدەچێت بەنیاز بووبێت کۆنترۆڵی کۆمەڵەکە بکات بەڵام شێخەکانی تر سەرکردایەتیی ئەمیان پێ قبووڵ نیە و بریتانیەکانیش بەرهەڵستیان دەکرد.

مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری خوزستاندا لە بەیانیی رۆژی یەکشەممەی ١٤ی تەموزدا دەستپێکرد. ئەم مانگرتنە لە رووی تەکنیکییەوە نایاسایی بوو چونکە داوای مۆڵەت پێدانی مانگرتنی نەکردبوو لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت. رێکخراوەکانی توودە کۆنترۆڵی هەموو شارێکانیان کرد و بە شێوەیەکی کاریگەرانە پالاوگەکەیان داخست و هەرچی ماشێن و ئۆتۆمبیل هەیە وەستێنرا و سەرنشینەکانیان دابەزاندن. بریتانیەکان لێرە و لەوێ دەسبەسەر دەکران، لایەنگرانی توودە سەردانی بەنگەڵەکان و کارمەند و کرێکارە بریتانیەکانیان کرد و هەموو ئەو کەسانەیان خستە لاوە کە زاتی ئەوەیان کردبوو فەرمانی مانگرتنی گشتی پشکێنن. بە هەمان شێوە مانگرتن لە ئەهواز، هەفت کەل، مەسجیدی سولێمان، ئاغاجاری و مەشووریش راگەیەنرا و بە درێژایی ئەو رۆژە توودە تا دەهات زیاتر سەرپێچیی دەکرد.

حاکمی گشتیی خوزستان یاسای سەربازیی (عورفی) لە ئوستانەکەدا راگەیاند و مێجەر فاتیحی ئەفسەری فەرماندەی ئابادانی بە حاکمی سەربازیی ناوچەکە دانا. ئەو هێزانەی لەوێ بوون ژمارەیان بەشی پاراستنی ئاسایش و ئارامیی نەدەکرد. هەردوو کاربەدەستی سەرەوە بە دژە توودە ناسرابوون و پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ـ ئێرانیدا هەبوو. لە نزیکەی کاتژمێر هەشت و نیودا ئاژاوە و پشێویی لە شاری ئابادانـدا دەستی پێکرد و ژمارەیەك لە ئەندامانی "کۆمەڵەی دیموکراتیی عەشایەری عەرەب" ئالای خۆیان لە سەر بنکە و بارەگاکەیان هەڵدابوو و لایەنگرانی توودەش هێرشیان کردە سەر و بیناکەیان سووتاند و شێخ حاجی حەدداد دەسگیرکراو لەلایەن ئاژاوەگێڕانەوە کوژرا، دواجار هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و بەر دەسرێژی گوللەیان داو ژنەکەیشی کوژرا. سەرکردەکانی توودە ئیددیعای ئەوەیان دەکرد گوایە بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە ماڵەکەیدا دۆزراوەتەوە لەگەڵ ئەو نامە و

نووسراوانەی نێوان حەدداد و بریتانیەکان کە بە ئاشکرا پشتگیریی بریتانیەکانی بۆ کۆمەڵەی عەرەب دەردەخست، بەڵام بریتانیەکان ئەم تۆمەتەیان ڕەتکردەوە. پاشان ئەندامانی توودە پەلاماری حوسێن غازییان دا و سەریانبڕی و کۆگا و دوکانەکەیان تاڵانکرد. شێخ زۆرایش بەر لێدان و فەلاقە کردن کەوت بەڵام هەرچۆنێك بوو توانی خۆی ڕزگار بکات و هەر عەرەبێك ببینرایە هێرشی دەکرایە سەر و ناوچەی بازاڕی شارەکە سووتێنرا. لەبەرئەوەی عەرەبەکان بە زۆری خۆیان ئامادە نەکردبوو لە دەرەوەی شار بژین لە سەرەتاوە تووشی ناڕەحەتییەکی زۆر بوون بەڵام هەر زوو خۆیان کۆکردەوە و بە چەکی دەستکرد توانییان بەرپەرچی توودە بدەنەوە و هێندەی نەخایاند شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەمان شکایەوە و لایەنگرانی توودە پاشەکشەیان کرد بۆ بنکە و بارەگاکانیان. سوپا کەوتە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی نیزام و ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە و دەستی کردە تەقە و دەسڕێژ لە ئاژاوەگێڕانی توودە و عەرەبەکان، بەڵام بەگشتی هێزەکان هەماهەنگییان لەگەڵ عەرەبەکان دەکرد بۆ کۆنترۆڵ کردنی توودە. تا کاتژمێر دە و نیو بەشێکی زۆری ئاژاوەکە هێور بووەوە و ژمارەی کوژراو گەیشتە نزیکەی چل کەس و برینداریش خۆی دا لە دوو سەد و ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەی قوربانیەکان لەوەی تۆمارکراوە زیاتر بێت، چونکە توودە بریندارەکانی خۆیان دەگواستەوە. بێجگە لە توودە، چینەکانی خوارەوە و هەژارەکانی ناو شار، بەرپرسیاری سەرەکیی دوا قۆناخەکانی ئاژاوەکە بوون.

لە دەوروبەری کاتژمێر دەی ئێوارەدا و بە بیانووی دانانی کۆتاییەك بۆ مانگرتنەکە سەرکردەکانی توودە بانگهێشت کران بۆ بارەگای مێجەر فاتیح و لەوێ ڕابەرانی سەرەکیی توودە دەسگیر کران و نەجەفی، حوسێن تەربیەت، عەبدولا زادەیان لەناودا بوو، بەڵام مەحاڵ بوو شوێنی مولێهی بزانرێت کە سەرکردەیەکی تریان بوو. ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو ورەی توودەی رووخاند و فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ وەستاندنی ئاژاوە و پشێوییەکە.

لە خوڕەمشەهریش توودە ویستی پشتگیریی مانگرتنە گشتییەکە بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. نزیکەی ٢٥ ئەندام گیران و بۆ ڕۆژی دووشەممە کرێکارەکان گەڕانەوە سەر ئیش و تا دوای نیوەڕۆی شانزەی مانگ پەیوەندیی لەگەڵ ئابادانا بچڕا.

لە رۆژی پانزەدا فریاکەوتن لە ئەهوازەوە گەیشت، بەڵام تێکڕا ژمارەی هێزەکان هێشتا هەر لە پێنج سەد تێنەپەڕی. سەرهەنگ حیجازی، ئەفسەری فەرمانداری هێزەکانی خوزستان و حاکمی گشتیی ئوستان بە فڕۆکەیەکی AIOC گەیشتن و بە درێژایی ئەو رۆژە عەرەبەکانی ناوچەکانی دەوروبەر لە ئابادان کۆبوونەوە و دەستە و تاقمی چەکدار بە کوتەك و خەنجەر ئێشکی رێگاوبانەکانیان دەگرت کە شاریان بە ناوچەکانی دەوروبەریەوە دەبەست. مەترسییەکی زۆر دەکرا لە هێرشێکی گشتیی توودە و مێجەر فاتیح داوای لێکردن واز لە توندوتیژی بێنن و هەڕەشەی لێکردن کە سەرکردەکانی توودە سزا دەدات ئەگەر دەست هەڵنەگرن.

هاوپێچ راگەیاندنێکە لە لایەن AIOC وە کە باس لەو رووداوانەی سەرەوە دەکات:

رۆژی پانزەی تەموز لە تارانەوە و بە فرۆکەیەکی تایبەت نێردراوێك بە دەسەڵاتی تەواوی سەرۆك وەزیرانەوە گەیشت، بە سەرکردایەتیی شازادە فەیروز و هاوڕێیەتی دکتۆر ئارامش و پێنج سەرکردەی توودە. شازادە فەیروز لای بریتانیەکان بە پاڵپشتی توودە دادەنرێت و وەك قسەکەر و بڕیاردەری قەوام کاری دەکرد لە دانوستانەکانی کشانەوە لە باکووری ئێران و گفتوگۆ و مشتومڕ لە سەر مەسەلەی ئازەربایجان.

سێر کلێرمۆنت سکرین، راوێژکارێکی تری باڵیۆزخانەی بریتانییە لە تاران و ئەویش لای خۆیەوە چووەتە ئابادان بۆ سۆراخکردنی کێشەی کرێکاران و رۆژی پانزە گەیشتووە و یەکەمجار چووە بۆ ئەهواز و دواتر لەگەڵ حاکمی گشتیدا چووە بۆ ئابادان. شەوی پانزەی مانگ بە ئارامی تێپەڕی و سەرلەبەیانیی رۆژی شانزە خۆپیشاندان لە لایەن توودەوە دەستی پێکرد بۆ بەردانی سەرکردەکانیان. شازادە فەیروز پیاوە دەسگیراوەکانی بانگ کرد و پاش مشتومڕێکی دوورودرێژ بە کەفالەت بەریدان بەو مەرجەی لە کۆمپانیای نەوتدا لە شەفتی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆدا کار دەستپێبکاتەوە و کۆمپانیاکە و عەرەبەکانی دڵنیاکردەوە کە سەبەبکاران سزا دەدرێن و ئەم لای خۆیەوە بەتەنها کاری کردووە بۆ رەخساندنی کار دەستپێکردنەوە.

شازادە فەیروز نامەیەکی دا بە کۆمپانیاکە، کە بە ناوی سەرۆك وەزیرانەوە خۆی ئیمزای کردبوو و بە قسەی کۆلۆنێل ئەندەروودی ئەفسەری ئاسایشی AIOC

رایگەیاندووە کە "ئێوە دەتوانن" کرێی ڕۆژی هەینی دابین بکەن ڕەچاوی بڕی زیادەی کرێدان بکەن و"لەگەڵ حکومەتدا هاوئاهەنگی بکەن". کۆمپانیاکە ئێستا گفتوگۆ لە سەر وەڵامی خۆی دەکات و ڕەنگە لە ڕێگەی باڵیۆزی بریتانییەوە لە تاران داواکارییەك لە سەر ئەم کردەوە گۆترەکارییە بەرز بکاتەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە کرێی شەش ڕۆژی کارکردن بەرزبێتەوە بۆ قەرەبووکرنەوەی کرێی ڕۆژی هەینی. شازادە دەیویست مێجەر فاتیح ناچاری دەست لەکارکێشانەوە بکات چونکە دەستگرتنی ئەوی بە سەر تەواوی بارودۆخەکەدا بە شتێکی "نەشیاو" دەزانی و گوایە تەقەی کردووە و لەئەنجامدا پاسەوانێك بریندار بووە و پاشان خەتاکەی خستە سەر لاوازی و بێتوانایی عەرەبەکان و مێجەر، بەڵام کۆلۆنێل ئەندەروود و حاکمی گشتی قەناعەتیان بە مێجەر فاتیح کرد دەست لە کار نەکێشێتەوە. هەروەها ڕووداوەکە پەیوەندیی نزیکی ئەم دوو کاربەدەستە دەخاتەڕوو لەگەڵ AIOC دا. بۆ ئێوارەی شانزەی مانگ شازادە فەیروز گەڕایەوە بۆ تاران کە زیاتر بۆ فریاکەوتنی بریتانیەکان بوو.

کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ کرێکارانی ئەو شەفتە وردە وردە و لە سەرخۆ کەوتنە گەڕانەوە بۆ سەر کار لە پاڵاوگەکە بەڵام کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە هەفتەیەکی دەوێت بۆ گێڕانەوەی ئاستی بەرهەمی تەواو. لە ڕۆژی حەڤدەشدا بە هێمنی گەڕانەوە سەر کار لە ناوچەی ئاباداندا و دەست کرا بە ئیش بەڵام بە نابەدڵییەکی تەواو لە لایەن ئەندامانی توودەوە. مەترسیی ڕاپەڕینێکی گشتیی عەرەب ڕەوییەوە و کۆلۆنێل ئەندەروود پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە پێناچێت ئاژاوەی زیاتر ڕووبدات تا ئەو کاتەی یاسای سەربازیی (عورفی) کەمدەکرێتەوە و هێزە پشتگیرییەکانی ئەهواز دەگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکانیان.

سێر کلێرمۆنت سکرین ڕایگەیاند کە توودە، بە پاڵپشتی ڕووسەکان، مانگرتنەکەی ڕێکخستبوو بە نیازی سەپاندنی خواست و ئیرادەی بە سەر خوزستاندا و حوکمکردنی ناوچەکە لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە. ئەم حیزبە بە نیازە دامەزراندنی کاربەدەستانی سەر بە توودە دابین بکات و کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بکات. هەروەها ڕاشیگەیاند کە ڕووسەکان حەزیان کردووە بریتانیا هێز بهێنێ بۆ پاراستنی پاڵاوگەکە و بەم ڕەنگە تەواوی پێگەی مەعنەوییان لە ئێراندا دەڕووخا. سێر کلێرمۆنت ڕای شەخسیی خۆیشی وابوو کە بریتانیەکان ڕەنگە ناچار بن ئەمە بکەن هەر هیچ

نەبێت وەك دوا پەنابردن بۆ پارێزگاریی لە پاڵاوگەکە و وەك بەڵگەش بۆ نەخشە و پلان دارشتنی توودە پەخشنامەیەکی چاپکراوی خستەڕوو کە توودە لە ١٤ی مانگدا بڵاویان کردبووەوە. بەیانەکە بانگەشە بۆ "هەموو هەوادارانی ئازادی" دەکات راپەڕن و سەری کرێگرتەکانی کۆلۆنیالە داگیرکەرەکان پان بکەنەوە. لێرە و لە فەزایەکی بەتاڵدا ناوەکانی حاکمی گشتی، مێجەر فاتیح و حاکمی سەربازی و بەڕێوەبەری ئۆفیسی تازەکراوەی کرێکاران هاتنە ناوناوانەوە. پلانەکە سەری نەگرت لە بەر بەرهەڵستکاریی بەهێز و چاوەڕوان نەکراوی نەیارانی عەرەب و کار و کردەوەی حاکمی سەربازی. ئێستا توودە بە پاڵپشتییەکی کارای شازادە فەیروز لە هەوڵی ئەوەدان کە تەواوی مەسەلەکە بخەنە ئەستۆی کۆمەڵەی عەرەب و بیسەلمێنن کە بریتانیەکان چەکیان داوە بە عەرەبەکان. ئەو زۆر لەوە دەترسێت کە عەرەبەکان توانای قووتدانی چیتر ئەو مامەڵەیان نەبێت و بەو پێیە گشت شێخە گەورە و بچووکەکان لە ناوچەکەدا کۆببنەوە و بڕیار لە رامالێنی توودە بدەن و باسی لە سێ هەزار کەس کرد کە ئێستا لەو نزیکانەن. سێر کلێرمۆنت ترسی لەوە هەبوو کە خەتاکە بخرێتە سەر عەرەب و بریتانیەکان و هەروەها ئەگەری بەرپابوونی راپەڕینێکی گشتیی عەرەب لە تۆڵەی ئەوەی کە لە ئاژاوە و پشێوییەکەدا رویدا و حاکمی گشتی لەو ئەگەرە ئاگادار کردەوە.

کۆلۆنێل ئەندەروودی ئەفسەری ئاسایشی AIOC جەختی لە سەر خەتاباریی توودە دەکرد لەمەڕ مانگرتنە نایاساییەکە و ئیدانەی بەردانی سەرکردەکانی کردن. هەروەها هەستی دەکرد کە عەرەبەکان ئەو رەفتار و مامەڵەیە لە یاد ناکەن و مەترسییەکی گەورەی هێرشێکی گشتی لە ئارادایە و هەر کە عەرەب کەوتنە تالان و بڕۆ مەحاڵە بزانیت لەکوێدا دەوەستنەوە. ئەو نکوولی لەوە کرد کە هیچ چەکێك لە لایەن بریتانیەکانەوە درابێتە عەرەب و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە عەرەبەکان قاچاخچین و ئەم چەکانەیان لەو هێزانە کڕیوەتەوە کە پێشتر لە ناوچەکەدا بوون و دەمێ ساڵە چەك کۆدەکەنەوە. زانیاریی هەندێ سەرچاوەی تر راپۆرتەکانی پێشوو دەسەلمێنن کە کۆلۆنێل ئەندەروود ژێر بەژێر پشتگیریی کۆمەڵەی عەرەبی کردووە و زۆر پێدەچێت کە لای کەمەکەی "هاوکاریی" عەرەبەکانی کردبێت لە بەدەستهێنانی چەکدا. کۆلۆنێل ئەندەروود پێیوایە ئەم مانگرتنە یەکەمین شتی زنجیرەیەك جموجووڵ بووە کە توودە دژ بە کۆمپانیا نەخشەی بۆ کێشاوە. ئەو کێشەیەی لە ماوەیەکی دوورودرێژی

هۆکاری کەڵەکەبوودا هەبوو و ئاماژەی بۆ ئەنجامەکانی ورە رووخانی ئەم شێوازە "شەڕوشۆڕە" دەکرد لە سەر زیاد لە دوو هەزار بریتانیی پەرش و بڵاو لە سەرانسەری خوزستاندا. کۆڵۆنێل ویلۆفبیی کونسوڵی بریتانیا لە خوڕەمشەهر و ئەندامی دەزگای کاروباری سیاسیی هندستان، باس لەوە دەکات کە مانگرتنەکە لە رووسیاوە ئاڕاستە کراوە وەك بەشێك لە کەمپەینی گشتی دژ بە کۆمپانیای ئەنگلۆ ــ ئێرانی AIOC و جەختی لە سەر ئەو راستییە کردەوە کە بەرهەمی بەردەوام لە ئابادانەوە بۆ بریتانیا و هێزە چەکدارەکانی پێویست بوو. هەروەها مانگرتنەکەی بەوە ناوزەد کرد کە تەنها جموجووڵێکە لە جەنگێکی سەخت کەوا رووسەکان بەرپایان کردووە بۆ ئەوەی پاڵاوگەکە لەکاربخەن و باس لەوە دەکات کە کونسوڵی رووسیا و جێگری کونسوڵ لە ئەهواز هەردوکیان زۆر چالاکن و بەردەوام بە ئوستانەکەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی خەڵك بە لای خۆیاندا رابکێشن لە عەرەب و فارسەکان. بە رەچاوکردنی یارمەتیدانی بریتانیا بۆ لایەنی عەرەب پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە بریتانیا سیاسەتی دەستێوەرنەدانی گرتووەتە بەر و گەلێك لە شێخەکان دێن بۆ ئۆفیسەکەی داوای راوێژ یان پشتگیریی لێدەکەن و ئەویش بە شێوەیەکی نەگۆڕ وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکە هاوکاریی بکەن و پەیڕەویی لە فەرمانەکانیان بکەن. هەروەها بە شێوەیەکی تەمومژاوی نکوولّی لەوە کرد کە چەك دابەشکرابێت بەڵام پێی لەوەنا کە "چەند کەسانێکی کەم لە AIOC دا" رەنگە هانی عەرەبەکانیان دابێت. کۆڵۆنیل ویلۆفبی پێی لە ئەگەری بەرپایوونی راپەڕینێکی عەرەب نا بەڵام باوەڕی وانەبوو کە لە ئێستادا رووبدات.

ئەو مەترسییەی کە بریتانییەکان لە بارودۆخەکە هەیانە دەبێ بە هەند وەربگیرێت و ئەوان هێند بە مانگرتنە گشتییەکە نەشڵەژابوون کە بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر کرابوو هێندەی ئەوەی هەستێکی وایان لەلا دروست بووبوو کە ئەوە تەنها یەکەم جووڵەیە لە کەمپەینێك گوایە لە لایەن مۆسکۆوە کاری بۆ دەکرێت و دنەی دەدات و ئامانجی خێرا و بەپەلەی تێکدانی بەرهەمهێنانە و دوا ئامانجیش ئەوەیە کە بریتانیەکان رووبەڕووی ئەڵتەرناتیڤی جێگیرکردنی هێز لە ناوچەکەدا ببنەوە یان لەدەستدانی کۆنترۆڵی ناوچەیەکی بەرهەمهێنانی بنەڕەتیی نەوتە. هەروەها ئاشکرایە بریتانیەکان بڕیاریان نەداوە کە پەیڕەویی چ سیاسەتێکی نەوتیی هەنووکەیی بکەن.

پیدەچێت AIOC و کۆلۆنیل ئەندەروود پتر سیاسەتی هێزیان بە دڵ بێت لەبەرانبەر توودەدا و پشتبەستنی زیاتر بە کۆمەڵەی عەرەبی وەك لە نوێنەرانی حکومەتی بریتانیا کە مەیلیان بەلای پشتگیرییەوە بوو. بەرژەوەندی هاوبەشی وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیا بەردەوام دووپات دەکرایەوە. لەو دەمەدا هەردوك توودە وAIOC خەریکی مانۆڕی خۆدەربازکردن بوون لە بەرپرسیارێتیی ئاژاوە و پشێوییەکە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە توودە چ ڕێگایەك دەگرێتەبەر لە بەرانبەر خۆپیشاندان و هێزی کۆدەنگی عەرەبەکاندا و ئاخۆ مانگرتنەکە لە زەینی خەڵکدا وەك تەگەرەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆ توودە لێکدەدرێتەوە یان سەرکەوتنێکی ئیزافی بە سەر کۆمپانیاکەدا.

دڵسۆزتان

ویلیەم س. بوردێت

جێگری کونسوڵی ئەمریکا

هاوپێچ:

- بڵاوکراوەی AIOC
- SCB; MLL
- فایلی ژمارە: ٨٠٠
- کۆپییەك بۆ هەر یەك لە: تاران و بەغدا
- سێ کۆپی بۆ وەزارەت (دەرەوە - و)

هەواڵنامەی کتێب

**پاشكۆی نامەی ژمارە: ٣٦**
**كونسوڵییەتی ئەمریكا،**
**بەسرە ـ عێراق**
١٧/تەموز/١٩٤٦

## هەواڵنامەی مانگرتنی ئابادان

هەواڵنامەی كتێب

كاتژمێر ١٥٠٠
دووشەممە، ١٥/ تەموز/ ١٩٤٦

پێش ئەوەی باكگراوند و دوا وردەكاریی مانگرتنی گشتیتان بدەینێ لە ناوچەكانی كۆمپانیادا حەز دەكەین ئەوەتان پێڕابگەیەنین كە ئۆفیسی سەرەكی بە بێتەل داوای لێكراوە هەموو خزم و كەسوكاری ستاف ئاگادار بكاتەوە كە هیچ زیانێك لە ستافە بریتانیەكان نەكەوتووە تا ئێستا. مستەر مارتن كلاركی A.I.C بە سووكی لە داواوە لێدراوە، بەڵام شتێكی ئەوتۆ نیە و پێویست بە نیگەرانی ناكات.

وا لە خوارەوە باسی رووداوەكانی ئەم چەند رۆژەی دواییتان بۆ دەكەین:

ئەم مانگرتنەی سەرلەبەیانی رۆژی چواردەی تەموز لە ئابادان دەستی پێكرد كۆتایی بە هەفتەیەك دانوستان و گفتوگۆی بارگرژ هێنا لە نێوان كۆمپانیا و یەكێتیی نوێنەراندا. داواكاریی سەرەكیی یەكێتییەكە پێدانی كرێی رۆژی هەینی بوو. كۆمپانیا بەڵێنی دابوو كە پابەند بێت بە لێكدانەوەی حكومەتی ئێران بە یاسای كارەوە و بەهەرحاڵ حكومەت ئامادە نەبوو خۆی پابەند بكات تا بڕیارێك لەبارەی پێشنیازكردنی لانی كەمی كرێی بژێوی گەیشت. سەركردەكانی كرێكاران رازی بوون لە

سەر ئەوەی کە مەسەلەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە تاوەکو تەواوی ئەو شتانەی لە لایەن حکومەتەوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێت گومانی ئەوە دەردەبڕن کە ئاخۆ دەتوانن زۆرتر ئەندامە پەڕگرەکانی یەکێتیی نوێنەران رابگرن و نەهێڵن هیچ مانگرتنێك رووبدات.

واتەواتی مانگرتن لە رۆژی شەممە و بەیانی یەکشەممەدا بڵاوبووەوە و گەیشتە هەموو کون و قوژبنێکی پاڵاوگەکە و لە ناوچەکانی کۆمپانیاکەدا مانگرتنی گشتیی جاڕدرا. بانگەشەی مانگرتن لەم کاتە ناسکەدا نایاسایی بوو چونکە ئەو رێککەوتنانەی نێوان کۆمپانیا و یەکێتیی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە و سەرپێچیی لە ماددەکانی یاسای نوێی کار کرد.

بە شەودا ئیجرائاتی خۆپارێزی دەکرا و گاردی سەربازی لە پێگە و خاڵە گرنگەکان دادەنران. تەواوی هەوڵەکان بۆ پەیوەندی کردن بە بنکە و بارەگاکانی یەکێتیی نوێنەرانەوە شکستیان هێنا. بۆ بەیانیی رۆژی ئایندە کاتێ کە تێبینی کرا مانگرتن مەسەلەیەکی حەتمییە، یەکە سەربازییەکان ئەو پێگە و شوێنانەیان گرت کە بە شەودا ئامادەکرابوون.

پاسەوانانی دژە مانگرتن لە بەیانیی رۆژی یەکشەممەدا زۆر لەخۆ رازیبوون و لەگەڵێك حاڵەتدا ئۆتۆمبیلیان دەوەستاند و سەرنشینان و شۆفێرکانیان دەهێنایە خوارەوە. لە هەندێك حاڵەتیشدا بە وشکی مامەڵە دەکران و زۆر ئۆتۆمبیلیان گرت. لەم کاتەدا هەواڵی مانگرتن لە ئەهواز و هەفت کەل و ئاغاجاری و مەشور بڵاوبووەوە بەڵام گەچ سارن بە ئاسایی مایەوە. ئەمەشیان بێگومان بە هۆی ئەو بارە ناخۆشەوە بوو کە سەرکردەکانی یەکێتیی نوێنەران دروستیان کردبوو کە لەم هەفتەی دواییەدا هێرشیان کردبووە سەر خانێکی ناوچەکە. بەگشتی بارودۆخ لەو ناوچانەی لە پێشەوە باسکران هێشتا ئارامە.

حاکمی گشتیی خوزستان یاسای سەربازیی (عورفیی) لە سەرانسەری ئوستانەکەدا راگەیاندووە و مێجەر فاتیحی ئەفسەری هێزەکانی کۆمپانیای لە ئابادان بە حاکمی سەربازیی ناوچەکە دامەزراندووە و دڵنیایی تەواوی دا بە کۆمپانیا کە هێزگەلێکی کارامە و گونجاو ئامادەن بۆ پاراستنی ئاسایش و بڕیارەکان و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە ئەگەر هات و تێکچوو.

ستافە بریتانیەکان خزمەتگوزاریی بنەڕەتییان دابینکرد و دوو لقیش بە کارکردوویی مانەوە. کاتژمێر نۆی بەیانی لە بەربەستی ژمارە هەشتدا ڕووداوێك بەرپابوو کاتێك کە مستەر ئێڤەردیان لە پەلاماری یەکێك لە پیاوەکانی خالّی پاسەوانی پاراست، مستەر ئێڤەردیش پالّێکی پێوەنا و کابرا سکالاّی ئەوەی کردبوو کە شەقی تێهەلّدراوە. ئەوجا هێزەکانی بەربەستەکە ئێڤەردیان گرت بەلاّم دواتر ئەفسەرێك هاتە ئەوێ و بەریاندا.

دەبلیو. جەی. توێرەنەری سەرپەرشتیاری بازرگانی ئەو ڕۆژە سەردانی بارەگای حیزبی توودەی کرد لە بازاڕ و ڕوخسەتی وەرگرت بۆ بردنی خۆراکی یەك ڕۆژ لە کۆگا گەورەکان. بەو پێیە توانی چێشتخانە و کانتینەکان بکاتەوە و دابەشکردنی نان ڕێکبخات.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە مێجەر فاتیح لە هەولّ و تەقەلادا بوو بۆ دابینکردنی کۆنترۆلّی سەربازی لە ناوچەکەدا بێئەوەی پەنا بباتە بەر توندوتیژی تا لای ئێوارە ئەوجا هەولّ و کۆششی هێزەکانی کاریگەرییان دەرکەوت. لەو ماوەیەدا تاقم و باندەکان سەردانی زۆرێك لە مالّەکانیان کردبوو و داوایان لێکردبوون ئەو خزمەتکارانەی بەنگەلّە کە فەرمانی مانگرتنیان شکاندووە دەربکرێن. بەگشتی ڕۆژەکە تێپەڕی بێئەوەی ڕووداوێکی گەورە بقەومێت و بە شێوەیەکی ئاسایی قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا بەلاّم دواتر پاشەکشەیان لێکرد کاتێك کە حاکمی سەربازی هەستی کرد کەوا سەپاندنی قورسە. لە ئێستادا و لە ئەمشەوەوە لە کاتژمێر یانزەی شەوەوە تا چواری ئێوارە کاری پێدەکرێت. لە نێوان کاتژمێر هەشت و نۆی ئێوارەدا دوو ئاگر لە ناو شاردا کەوتنەوە بەلاّم لە لایەن ئامێری ئاگر کوژاندنەوەوە کە تیمی ئێرانییان لە سەر بوو کۆنترۆلّ کران.

لە شەودا گەلێك پێکدادان ڕوویاندا لە نێوان ئێرانیەکان و عەرەبەکان و سوپادا و چەندین ئاگریش کەوتەوە. ئەو قوربانیانەی بە درێژایی شەو گوێزرابوونەوە بۆ نەخۆشخانەی کۆمپانیا ژمارەیان گەیشتبووە (١٧٠) و تائێستا بیست و دوو کوژراو هەیە. زۆربەی زۆری بریندارەکانیش بە هۆی دار و کوتەکەوە بووە هەرچەندە گەلێکی تریش بە چەقۆ و گوللە بریندار بووبوون. بە درێژایی شەو هەردوو نەشتەرکار دەیڤس و هۆلّدینگ نەشتەرگەرییان دەکرد بە هاوکاریی دکتۆر بۆدمان و ستافی مەیدانی. دکتۆر

ئۆوین و چوار کارمەندی تەندروستی ئێرانیش لە ئەرکی ئیمرجنسیدا بوون. دکتۆر تویرنەر کاتی خۆی دابەشکردبوو لە نێوان نەخۆشخانە و بەڕێوەبەرێتیی گشتی و ئەو ئەرکانەی ئاسایشی نەخۆشخانە و ستافەکەیان دابین دەکرد.

لە کەسایەتییە ناودارەکانی توودە کە کوژران حاجی حەدداد و چەند کەسێك لە خێزانەکەی و حاجی حوسێن غازیی دۆست و هاوەڵی، کە هەردوکیان بازرگانی بەناوبانگ بوون. شێخ زۆرای، کە ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی عەرەبی بوو فەلاقە کرابوو. ناکرێت گریمانەی ئەوە بکەیت کە مەسەلەکە بەم زووانە هێور بکرێتەوە هەرچەندە دەسەڵاتدارانی سەربازیش هەنگاوی چاکیان ناوە بۆ رێگرتن لە هەر پشێوییەکی تر. رووداوی تر، ئەگەر هەبێت لە چوارچێوەی بازاڕدا دەبێت کە بە پشتێنەیەك هێزی سەربازی لە ناوچەی کۆمپانیا دابڕکراوە.

هێزی پشتگیری لە ئەهوازەوە گەیشت و چاوەڕێی هێزی ئیزافیش دەکرێت ئەمشەو لە تارانەوە بگات. کۆلۆنێل حیجازی کە فەرماندەی هێزەکانە لە خوزستان، ئەم بەیانییە بە فڕۆکە لە ئەهوازەوە چوو بۆ ئابادان و لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. ئەو تازەبەتازە لە پۆستی فەرماندەییدا دامەزراوە و ناوبانگی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ترسناکدا هیچ نیە. مێجەر فاتیحی حاکمی سەربازیی ئابادان پەیڕەوی خەتێکی چەسپاوی کردووە سەرباری پەرەسەندنی هەڕەشەکانی دوێنێ و شەوی رابردوو و توانی یاسای عورفی لە ناوچەکە دامەزرێنێت. هەروەها زۆر نیە پێنج سەرکردەی یەکێتیی نوێنەرانی گرتووە (واتە کارمەندانی غەیری کۆمپانیا) و پەنجاو نۆ کەسی تریش. لەوانە نەجەفی لە ناو سەرکردەکاندایە، کە رابەرێکی ناوچەیی حیزبی توودەیە و هاوکارێکی پڕ بەرهەمی "زەفەر" ی رۆژنامەی حیزبی ناوبراوە.

لەکاتی نووسینی ئەم راپۆرتەدا تەنها رووداو کە باسکرابێت لە ناوچەی بازاڕدا بوو. تەقە و دەسڕێژی بچڕبچڕ بە درێژایی رۆژ دەبیسترا و هێزی سەربازی کە قەناعەتی بەم تەکتیکە هێناوە پێدەچێت کێشە دروستکەر بن و ئارامییان پێ دابین نەکرێت.

## کاروباری دەرەوەی
## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
## کۆمیسیۆنی ئەمریکی
## بەغدا، عێراق

١٥/ ئاب/ ١٩٤٦

(نهێنی)

ژمارە: ١٣٩١

# شەڕوشۆڕی خێڵەکی نێوان شەممەر و ئەلبو مەتیوت

**خاوەن شکۆ وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

شەرەفمەندم راپۆرتی ئەوەتان بۆ بەرز بکەمەوە کە لە ٣/ ئاب/١٩٤٦دا پێکدادانێکی سەربازی بەرپابوو لە نێوان پیاوەکانی خێڵی گەورەی شەممەر و ئەندامانی خێڵی ئەلبو مەتیوتدا. قوربانیەکانی شەممەر زیاد لە دوو سەد بریندار و کوژراو بوون و ئەوانی ئەلبو مەتیوتیش ١٢٠ کەس بوون. راپۆرتەکانی باکوور و باس و خواسی رۆژنامەوانیی رووداوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو قوربانیەکانی بە زیاتر لەقەڵەم داوە و تەمومژی بەدناویی شێخە عەرەبەکان لەڕووی ژمارە و مەیلی سروشتییانەوە بە لای زیادەڕۆیی لە زەرەر و زیاندا لە شەڕ و کوشتاری خێڵەکیدا و هەردوك کۆمیسیۆن و هەواڵگریی بریتانی بە شێوەیەکی ڕێ تێچوو بڕوایان وایە کە سەرجەمی کوژراوان و برینداران لە سێسەدو پەنجا کەس تێنەپەڕیوە. شەڕی بچڕبچڕ بەردەوام بوو لە نێوان هەردوو خێڵەکەدا تاوەکو ١٠/ ئاب/ ١٩٤٦، کاتێ کە موزەفەر ئەحمەدی مەتەسەڕیفی کارا و بەتوانای مووسڵ شێخە سەرکردەکانی شەممەری بەند کرد، کە سفوگ و ئەحمەد و میشعان بوون.

ناکۆکیی نێوان خێڵ و لایەنە بەهێزەکان زۆر زۆرە بەڵام لە نێوان شەممەر و ئەلبو مەتیوتی لەوان بچووکتردا ماوەی چەند وەختێك نارێك و شلوشاو بوو و لەمێژ

بوو دەمەقرە و یەکتر زویرکردنیان دەکەوتە نێوانەوە لە سەر مافی لەوەڕخۆری و ئاو. بەهەرحاڵ ئەم شەڕ و ناکۆکیانەی ئێستایان زۆر گەورەیە و زۆری تێپەڕاندووە لە کێشە و ناکۆکیی ئاسایی خێڵەکی. وا دەرکەوتووە کە لە ٣/ ئاب/١٩٤٦دا کۆمەڵێك سوارەی پێنج سەد کەسیی شەممەر بڕیاریان داوە پەلاماری گوندەکانی ئەلبومەتیوت بدەن و دانیشتووانیان سزا بدەن چونکە مەڕوماڵاتیان بردووەتە ئەو ناوچانەی کە ئەمان بە هی شەممەری لەقەڵەم دەدەن. بە هەر ڕەنگێك بووە دەنگوباسی ئەم جموجوڵە پێشتر گەیشتووەتە ئەلبومەتیوت و ئەوانیش سەرکەوتووانە بۆسەیەکیان داناوە بۆ دەستە و تاقمە شەڕکەرەکەی شەممەر لە نزیك گوندی ئەلبادی کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی سنجارەوە لە لیوای مووسڵ. هەرچەندە شەممەر نزیکەی دوو سەد پیاویان لەدەستدا لەم بۆسەیەدا، بەڵام هێزی تر لە عەشیرەتەوە فریایان کەوتن و دایان بە سەر ئەلبو مەتیوتدا و چوار گوندیان سووتاندن. بە پێی قسەی عەبدولکەریمی سکرتێری سفوگ کە شێخی مەشایخی خێڵی شەممەرە، کە زەرەر و زیانێکی بەرچاویان لە ئەلبومەتیوت داوە لەم گوندانەدا و ژن و منداڵێکی زۆریان لێ کوشتوون و هەندێکیان هەر بە زیندوویی لە ماڵەکانیاندا سووتاندووە.

هەفتەی دواتر شەڕ و پێکدادانی توند و پڕ لە گرژی لە نێوان خێڵەکاندا بەرپابوو و کەش و بارێکی گشتیی ترسناکی ئاژاوە و پشێویی دروستبوو. لەبەرئەوە موتەسەڕیفی مووسڵ بڕیاریدا کاری توند و ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات و دەسبەجێ شێخە سەرکردە و باڵادەستەکانی شەممەری گرت و تا ئێستاش بە دەسبەسەری ماونەتەوە، بەڵام پێناچێت بە ڕەسمی تۆمەتبار یان دادگایی بکرێن. بە گرتنی سەرانی شەممەر، پۆلیس تووشی هیچ زەحمەتێك نەبوو لە گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە و وا ئێستا موتەسەڕیف بە ئاشکرا زەبروزەنگی خۆی نواند و زۆربەی چاودێرانی ناوخۆ باوەڕیان وایە کە چیتر کێشە و ئاژاوە دروست نابێت، لانی کەم بۆ ماوەیەك.

دڵسۆزتان

جەیمس س. مووس

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## کۆمیسیۆنی ئەمریکی
## بەغدا، عێراق

١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦

(نهێنی)

ژمارە: ١٤٣٤

## ناردنی پێنج بەڵگەنامە کە لە پارتی دیموکراتی کوردەوە پێمانگەیشتوون

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

بۆ تەواوکردنی نامەی ژمارە (١٤٠٦) ی کۆمیسیۆن لە ٢٤/ ئاب/١٩٤٦دا، هاوپێچ وەرگێڕانی پێنج بەڵگەنامەتان بۆ دەنێرین کە بەم نزیکانە لە پارتی دیموکراتی کوردەوە گەیشتوونەتە کۆمیسیۆن و وادیارە یەکگرتنێکی تازەی گرووپی پێشەنگە سیاسییەکانە لە کوردستانی عێراقدا. ئەم دۆکیومێنتانە بریتین لە:

١. داواکارییەك لە جەنەراڵ مستەفا بارزانییەوە کە هانی هەموو عەرەب و کوردی عێراق دەدات ریزەکانیان یەکبخەن و شەڕی "هێزە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەکان بکەن کە لە هەوڵی خوێنمژینی میللەتەکەمدان و نیشتمانە پیرۆزەکەمانیان تووشی سووکایەتی کردووە". ئەم وروژاندنە نوێیەی مەلا مستەفا بۆ هەست و سۆزی عەرەبی عێراق گۆڕانێکی تەواو دەنوێنێت و باوەش بۆکردنەوەیان وەك "برا" شتێکی سەیرە تەنانەت ئەگەر راستیش نەبێت.

٢. بەرنامەی پارتی دیموکراتی کورد وەك "حیزبی میللەت" باسی دەکات و داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی "چینی کرێکار و جووتیار و روناکبیران و..

تاد" دەکات. سەرنجی ئەوە دەدرێت کە ئامانجە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی پارتی بە شێوەیەکی بەهێز و ڕێکخراو جاڕ لەخۆیان دەدەن و لەنێو ئامانجە بنەڕەتییەکانیدا ئەم خاڵانە بەدیار دەکەون (ا) پێکهێنانی ویلایەت یان حکومەتێکی فیدراڵی کوردی لە ناو چوارچێوەی عێراقدا. (ب) خاوەنداریێتی حکومەت بۆ هەموو شتێك لەڕووی پراکتیکەوە. (ج) خوێندنی ئیلزامیی خۆڕایی. (د) جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت (پێموایە ئاین و دەوڵەت بووبێت ـ وەرگێڕ).

٣. پەیڕەوی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کورد بەدواداچوونی شکستەکانی کوردە لەو ڕێککەوتننامانەی ئاشتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەستران. داواکارییەکە پێ لە سەر خەباتی بەردەوام دادەگرێت (کە ئەمیشیان زۆر نامۆیە) لە لایەن عەرەبی "براوە"، بۆ بەدیهێنانی "دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراتی" سەرباری پیلانگێڕیی ئیمپریالیستەکان و دوژمنانی گەل.

٤. "بەیاننامەیەك لە لایەن کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردەوە". ئەم دۆکیومێنتە ئیشارەت بەوە دەدات کە پارتی دیموکراتی کورد ئێستا لە هەردوو حیزبی رزگاری و پارتی کۆمۆنیستی عێراق و "کۆمەڵەی ژ. ك" پێکهاتووە. بەیاننامەکە باس لەوە دەکات کەوا کۆنگرە بڕیاریداوە کە پارتی دیموکراتی کورد تەنها حیزبی کوردە لە عێراقدا و دەبێت هاوکاری و هەماهەنگیی تەواو بکات لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردا لە مهاباد.

٥. "بانگەوازێکی کۆنگرە" کە لە لایەن "مەکتەبی سیاسییەکەیەوە" ئیمزا کراوە ئاماژە بە هێز و توانای پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق دەدا کە تاکە زەمانەتی حکومەتێکی فیدراڵی کوردە لەم وڵاتەدا و هانی هەموو کورد دەدات بۆ بەردەوامی پێدانی خەباتیان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

٦. لە بەغدا زانیاریی کەم هەیە لەبارەی پارتی دیموکراتی کوردەوە. بەهەرحاڵ بەڵگەکان وادەگەیەنن کە تاڕادەیەك یەکگرتنێکی بەهێز و باش و ڕێکخراو هەیە لەو گرووپە کوردانەی پێشتر کارا و چالاك بوون و مەلا مستەفا

هەواڵنامەی کتێب

دەستخۆشیی خۆی لێکردوون و راستییەکەی ئەندامێکیشیانە و لە سەرێکی تریشەوە کاریگەریی کۆمۆنیستی لەم حیزبەدا بەهێزە.

لەگەڵ رێزی دڵسۆزتان

جەیمس س. مووس
کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هاوپێچ:
- وەرگێڕانی پێنج دۆکیومێنت
فایلی ژمارە (١- ٨٤٠)

هەواڵنامەی کتێب

**پاشکۆی ژماره(١) ی نامەی ژماره: ١٤٣٤**
**١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦**
**کۆمیسیۆنی ئەمریکی، بەغدا**

(وەرگێڕان)

**بانگەوازێك لە جەنەراڵ مستەفا بارزانییەوە، سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق . بۆ پشتگیری لە پارتی دیموکراتی کوردی عێراق لە خەبات و تێکۆشانیدا دژ بە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی.**

**ئەی گەلی بەشەرەفی عێراق**

من وەك تاکێکی گەلی عێراق کە تێدەکۆشێت لەپێناوی رزگاری و سەربەخۆیی راستەقینەدا، بەدرێژایی تەمەنم پشتگیریی ریزەکانی گەلی عێراقی ئازا و بوێرم کردووە، بە کورد و عەرەبەوە، لە خەبات و تێکۆشانیاندا دژ بە ئیمپریالیزمی دەرەکی کە خۆی لە رژێمی عێراقدا دەنوێنێت و تاقمێکی ملهوڕ و بەکرێگیراو و کەسانی کۆنەپەرست دەستیان بە سەردا گرتووە.

من هەرگیزا و هەرگیز شەڕی گەلی عێراق ناکەم کە خۆم تاکێکم لێی، بەڵکو شەڕی هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانم کردووە و دەیکەم کە یەکیانگرتووە بۆ خوێنمژینی گەلەکەم و سووکایەتی کردن بە نیشتمانی پیرۆزم. من ئەم بانگەوازە ئاڕاستەی خەڵکی عەرەب و کورد دەکەم بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆششیان یەکبخەن لە خەباتێکی هاوبەشدا و لەپێناو رزگارکردنی وڵاتدا لە دوژمنی هاوبەش، کە ئیمپریالیزم و ئەڵقە لەگوێکانێتی، تاوەکو هەرکەسە و لە سەر خاکی خۆی ئازاد و بەختەوەر بژی و هاوکاریی برایانە بکەن لەگەڵ یەکتر. بۆ من شانازییە بەشداریی هەست و سۆزی هەموو ئەو پارتە نیشتمانی و دیموکراتیانە بکەم کە ئێستا لە عێراقدا دروستبوون بۆ بەرهەڵستیکردنی پیلانگێڕییە ئیمپریالیستییەکان. هەر بژی برایەتیی کورد و عەرەب لە وڵاتدا!

**جەنەراڵ مستەفا بارزانی**

## خاڵەکانی پەیمانی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کورد

١. ئێمە بە هۆکاری سیاسی و ڕێگا گونجاوەکانی تر تێدەکۆشین بۆ گەڵاڵە کردنی حکومەتێکی فیدراڵی دیموکرات لە کوردستانی عێراقدا، کە لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، خانەقین پێکبێت. ئەنجومەنێکی دەستووری کە ڕاستەوخۆ لە لایەن میللەتی کوردەوە بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێررێت، دەستوورەکەی دەنووسێتەوە و سەرۆکیش دیاری دەکات.

٢. دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دیموکراتی کوردی لە گەلەوەیە و لە ڕێگەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوەوە دەبێت و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دادوەریی لێکتر جیادەبن.

٣. حکومەتی فیدراڵی کوردستان ئازاد دەبێت لەوەی بچێتە هەر ڕێککەوتننامەیەکی هاوپەیمانی یان دۆستایەتییەوە لەگەڵ حکومەتەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە ئێراندا.

٤. حکومەتی فیدراڵی دیموکراتی کوردستان ڕێگە بە هاوڵاتیانی دانیشتووی سنوورەکەی دەدات بۆ ئازادیی کۆبوونەوە و چاپەمەنی و پێکهێنانی حیزبی سیاسی و زمان و پەرستن و زەمانەتی ئازادی و ئازادیی پەرستن دەکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵ.

٥. دامەزراندن لە پۆستە حکومییەکاندا بە پێی گونجاویی خوێندن و فەرهەنگ و توانای تەکنیکی دەبێت. بەڕێوەبردنی شار و قەزاکان بە هۆی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکی شارەکەوە دەبێت و لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ڕاپەڕاندنەوە سەرۆکێکی بۆ دادەمەزرێت. بەڕێوەبەرێتیی شارەوانی لە شار و قەزاکاندا لە ژێر ڕکێفی ئەو ئەنجومەنانەی شارەوانیدا دەبن کە لە لایەن دانیشتووانەوە هەڵدەبژێرێن.

٦. هێڵی شەمەندەفەر، ڕێگای وشکایی و ئاو، دارستانەکان، کانەکان، کارگەکانی چەك و تەقەمەنی و بەندەرەکان تەنها مڵکی دەوڵەت دەبن.

٧. دارایی دەوڵەت لە لایەن خەزێنەی ناوەندییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بریتی دەبێت لە باجی رەوا و یاسایی لە گومرگ و رەسمی بەدەستهاتوو و داهاتی مڵکی گشتی و باجی دەرامەت بە پێی بنەمای دیاریکراو. دامەزراندنی بانکی تایبەتی قەدەغە دەکرێت و تەنها یەك بانکی ناوەندیی دەوڵەت دەکرێتەوە.

٨. یاسای کار دەردەکرێت و بارودۆخی کۆنتراکتی تێدا دەسنیشان دەکرێت لە نێوان خاوەن کار و کرێکاراندا. حکومەت دان بە یەکێتییەکانی کرێکاراندا دەنێت لەگەڵ کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردندا. حکومەت پەرەسەندنی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە ئەستۆ دەگرێت و دامودەزگای پێویست بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێنێت و ئاستی پیشەسازی و پەرەپێدانی بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی لە ئەستۆ دەگرێت. ئامانجیش گۆڕینی بارودۆخی کشتوکاڵییە کە سەپاوە بە سەر زەوی و زاری مڵکی تایبەتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەتر کە قورسایی سەرشانی چینی بەرهەمهێن (جووتیاران) سووك بکات و زەوی و زاری دەوڵەت بە سەر جووتیارانی بچووکدا دابەش دەکات بەپێی بنەمای خاوەندارێتیی بچووك.

٩. خوێندن لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا بە خۆڕایی و ئیلزامی دەبێت. دامودەزگای فەرهەنگیش بە جۆرێك دادەمەزرێت کە وێکبێتەوە لەگەڵ پرۆگرامێکی خوێندنی گشتیدا، بە پێی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، حیزبی، ئیداری، دادوەری، تەکنیکی، ئەدەبی.

**پاشکۆی ژمارە (٢) بۆ نامەی ژمارە: ١٤٣٤**

١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦

**کۆمیسیۆنی ئەمەریکی، بەغدا**

**(وەرگێڕان)**

## پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق

- **ئامانجە سیاسیەکان**

١. سەربەخۆیی تەواوی کوردستان. ئەم ئامانجانە بەم هۆکارانەی خوارەوە دەبەسترێن.

٢. تێکۆشان لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵ لە عێراقدا بۆ رەخساندنی زەمینەی دروستبوونی حکومەتی فیدراڵی دیموکراتی کوردستان.

٣. پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی کوردستان بەندە بە دارشتنی دەستوورێکی فیدراڵەوە لە لایەن نوێنەرانی حکومەتی عێراق و سیاسەتمەدارانی کوردستانەوە.

٤. حکومەتی فیدراڵی کوردستان ئازادە لە مۆرکردنی رێککەوتننامەکانی یەکێتی، هاوپەیمانی یان دۆستایەتی لەگەڵ حکومەتی کوردستان لە ئێراندا.

٥. حکومەتی کوردستان ئازادە لە مۆرکردنی رێککەوتننامەکانی یەکێتی، هاوپەیمانی یان دۆستایەتی لەگەڵ هەر کام لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا.

٦. حکومەتی کوردستان لیواکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، خانەقین دەگرێتەوە.

٧. ئەنجومەنی دەستوریی نیشتمانی کە بە دەنگدانێکی راستەخۆ و نهێنی لە لایەن خەڵکی کوردی عێراقەوە هەڵدەبژێردرێت سەرۆکی حکومەتی کوردستانی فیدراڵ هەڵدەبژێرێت و یاسای دەستووریی خۆی دەردەکات.

٨. حکومەتی فیدراڵی کوردی مل بۆ هیچ جۆرە کۆلۆنیاڵ کردنێك کەچ ناکات لە لایەن هیچ دەوڵەتێکی بیانییەوە و هیچ شێوازێکی ویسایە یان پارێزگاری لە هیچ وڵاتێك قوبووڵ ناکات.

٩. حکومەتی کوردستان چوونە ناو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە ئەستۆ دەگرێت لە بواری کاروباری ئابووری و فەرهەنگی و کارگەریدا.

- **ئامانجە ئابوورییەکان:**

أ. حیزب مسۆگەرکردنی خاوەندارێتیی حکومەت بۆ هەموو چەك و کەرەستەی جەنگی و پیشەسازی لە ئەستۆ دەگرێت، بەهەمان شێوەش دارستان، کەنار دەریا و ڕێگاکانی وشکانی و ئاو، ڕێگای ئاسن و کانەکانیش.

ب. لەئەستۆگرتنی دامەزراندنی بانکێکی ناوەندیی دەوڵەت و قەدەغەکردنی دامودەزگای بانکی لە لایەن تاکەکەس و کۆمپانیاکانەوە.

ت. بواردان بە پێکهێنانی کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازییەکان.

پ. خاوەندارێتیی تاکەکەس بۆ زەوی وزار و کەلوپەلی بازرگانی پارێزراوە.

ج. لەئەستۆگرتنی ڕێگە نەدان بە کۆمپانیاکان بۆ قۆرخکردنی کەلوپەلی بازرگانی و شمەك و کالای بەکاربردن و بە یاسایی ناساندنی حکومەت و وەرگرتنی ئیجرائاتی میللی بۆ ئاشکراکردنی مایەپووچ بوونی ئەم دامودەزگایانە.

- **کاروباری کرێکار و خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی**

أ. پارتی دەرکردنی یاسای کاروباری کۆنتراکت لەئەستۆ دەگرێت لە نێوان خاوەن کار و کرێکاردا.

ب. پارتی داڕشتنی بنەمای مز و کرێ بۆ کرێکاری پیشەسازی، کارگوزاریی حکومی، لقە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، کارە گشتییەکان و کرێکارە کشتوکاڵییەکان لەئەستۆ دەگرێت. بەم چەشنە لانی کەم مز و کرێ دابین دەکات کە بەشی پێداویستیەکانی ژیان بکات.

ت. پارتی خەبات دەکات بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکان.

پ. پارتی دروستکردنی دامەزراوە تەندروستییەکان دەگرێتە ئەستۆ و خزمەتگوزاریی کراوە دەبێت بۆ هەموان و بەخۆڕایی دەبێت و بایەخی تایبەتی بە دەرمانی خۆپارێزی دەدات.

ج. لەئەستۆگرتنی دانانی بەڕێوەبەرێتیی شارەوانیی شارەکان بە شێوەیەك کە بدرێتە دەست ئەنجومەنەکانی شارەوانی و لە لایەن دانیشتووانەوە هەڵدەبژێرێن، بەڕێوەبەرێتیی گوندەکان و ناوچە دێهاتییەکان دەخرێتە دەست بۆردی ناوەندیی موختارەکان.

ح. لەئەستۆگرتنی مسۆگەر کردنی یەکسانیی ئەرك و ماف لە نێوان ژن و پیاودا.

- **کاروباری خوێندن و فەرهەنگ**

أ. خوێندنی ئیلزامی و خۆڕایی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا.

ب. لەئەستۆگرتنی دامەزراندنی قوتابخانەی ئامادەیی و پەیمانگا پەروەردەییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئابووری، سیاسی، سەربازی، قەزایی، تەکنیکی، کۆمەڵایەتی.

ت. لەئەستۆگرتنی دامەزراندنی یانە وەرزشییەکان لە ژێر ئیدارە و چاودێریی قوتابخانەکان، پەیمانگاکان، یەکێتی و دامەزراوەکانی کرێکاران و کۆمەڵە هەرەوەزییەکاندا.

پ. لەئەستۆگرتنی دامەزراندنی پەیمانگاکانی موزیك، ئەدەب، شانۆ، سینەما.

ج. لەئەستۆگرتنی دامەزراندنی باخچەی ساوایان و برەودان بە بزووتنەوەی کەشافەی کوڕان لە قوتابخانەکاندا و چالاکییەکانی گەشت وگەڕانیش.

ح.

- **بابەتی جۆراوجۆر**

أ. پارتی دیموکراتی کورد حیزبێکی میللییە و داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار، جووتیاران، رۆشنبیران، پیشەگەران و بازرگانان دەکات. (رەنگە بۆ بازرگان مەبەست دوکاندار و کاسبکاران بێت ـ و).

ب. پارتی دیموکراتی کورد لە سەر بنەمای بیری عیلمانی (سێکولار) دامەزراوە و جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئاین دەسەلمێنێت.

ت. پارتی دیموکراتی کورد بنەماکانی پەرەسەندن و گۆڕانکاری دەسەلمێنێت و لاریی نیە لە دەستکاری کردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەپێی ئەو ڕێسایانەی لە دەستوورەکەیدا ئیشارەتی بۆ کراوە.

## پاشکۆی ژمارە (٣) بۆ نامەی ژمارە: ١٤٣٤
## ١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦
## کۆمیسیۆنی ئەمەریکی، بەغدا

(وەرگێڕان)

# پەیماننامەی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق

لە بەرپابوونی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، گەلی کورد لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان چ بە شێوازی ئاشتی لە رێگەی نوێنەرە سیاسییەکانیانەوە لە کۆنفرانسی پاریس یان کۆمەڵەی گەلان یان لە رێگەی شۆڕشی چەکدارییەوە کە خۆی لە راپەڕینەکانی دەرسیم و دیاربەکر و سلێمانی و بارزاندا دەبینێتەوە.

گەلی ئازا و بوێری ئێمە، لەپێناوی رزگاریدا، خوێنی هەزاران رۆڵەی خۆی کردووەتە قوربانی لە بەر چاوی وڵاتانی شارستانیدا. جیهان هەموو شایەتحاڵی ئەوەیە کە میللەتی کورد رێگەیەکی دوورودرێژ و پڕ شکۆی گرتووەتەبەر و قوربانیی زۆر گەورەی داوە و ئێستاش لە تێکۆشانی مان و نەماندایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پیرۆزی کە ئازادی و سەربەخۆییە. گەلی کوردیش وەك گەلانی تر بەهیوای بەدەستهێنانی مافەکانی بوو لە کۆنگرەی ئاشتیدا، بەڵام کەس گوێی لە داواکانی نەگرت بۆ رزگاری و سەربەخۆیی چونکە دەوڵەتە گەورە و سەرکەوتووەکان تەواوی گرنگی و بایەخی خۆیان دابووە ئەوەی کە کۆنگرە وەك ئامرازی هاوبەشی نێوان خۆیان بەکاربێنن بۆ دەسکەوتی جەنگ و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان بە سەر بازنەی دەسەڵات و کاریگەریی خۆیاندا. کەواتە یەکەمین جەنگی جیهانی جەنگێکی ئیمپریالیستی بوو کە دەنگی کورد تێیدا، چەشنی گەلانی دیکەی بچووك، بۆ گەیشتنە ئامانجی رزگاربوون فەرامۆش کراو گوێی پێ نەدرا. کۆمەڵەی گەلان کە لە لایەن کۆنگرەی ئاشتییەوە دروستکرا بۆ یارمەتیدانی گەلانی بچووك، بەگوێرەی لائیحەکەی، بوو بە دەزگایەکی وڵاتە ئیمپریالیستەکان. بڕیارەکەشی لەمەڕ دابڕینی ویلایەتی مووسڵ لە دەوڵەتی عوسمانی

بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ئیدارەی کورد بەپێی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر، لە پەیمانی لۆزاندا تەحەفوزی خرایە سەر کە رێی بە کوردەکان نەدا تەنانەت بیست و هەشت ساڵەکەی ئاشتیشیان پراکتیزە بکەن. کوردە هاوڵاتیەکانی ئێمە لە عێراق بەتایبەتی ئەو قوربانیانەی باش لە بیرەو بڕیاریانداوە بە هەر نرخێك بووە بگەنە ئامانجیان، کە ئازادی و سەربەخۆییە. ئەوان شەڕی دوژمنانیان دەکەن لە ئیمپریالیزمی دەرەکی و حکومەتی عێراق کە پێدراوەکانی ئەو دەستوورەی پێشێلکردووە کەوا بە خوێنی ئەوانە نووسراوەتەوە کە لە شۆڕش و راپەڕینە گەورەکەیدا بوون بە قوربانی. ئەوان بۆ جیهان و گەلانی یەکگرتووی رووندەکەنەوە کە دژ بە تاکڕەویی ئۆتۆکراتی وەستانەوە و لە جەنگی پیرۆزدا دژ بە رژێمی فاشیستی رەش سەرکەوتوو بوون و ئەوانیش شەڕی حوکمی فاشیستی ملهوڕ دەکەن لە عێراقدا. سەرکەوتنی شکۆمەندیی دیموکراسی بە سەر هیتلەریزمدا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا لە ئەنجامی ئەو پشتگیرییەی وڵاتانی ئاشتیخوازەوە بوو بۆ هاوپەیمانان. یەکێتیی سۆڤیێت کە زیاد لە هەر وڵاتێکی تر قوربانیدانی بەرکەوت بۆ بەزاندنی فاشیزم، فاکتەرێکی هاوکاری گەورە بوو لەم مەسەلەیەدا. ئێمەی کورد کە چووینەتە ناو شەمەندەفەری میللەتانی ئاشتیخوازەوە، بە خوێنمان و بەرهەمی خاکمان بەشداریمان لە سەرکەوتنی دیموکراسیدا کردووە. میللەتی کورد داوای سەربەستی و مافی چارەی خۆنووسین دەکات، کە لە لائیحە مێژووییەکانی ئەتڵەنتیك و نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستەبەر کراوە.

ئێمە کە نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کوردین بۆ جیهانی ئاشکرا دەکەین کە هەرگیز دەسبەرداری خەبات و تێکۆشان نابین لەپێناوی ئازادیی دیموکراتیدا و هەر بە بڕیاری گەلیش ئێمە شەڕی گەلانی ئێرانی و تورك و عەرەب ناکەین. گەلی عەرەب دۆست و هاوپەیمانمانە و ئێمە هەمیشە چاومان لە یەکێتییەکی ئازاد و شەرەفمەندانەیە لەگەڵ گەلی عەرەب لە عێراقدا. مافی گەلی عەرەبە کە خۆی رزگار بکات لە ئیمپریالیستەکان و دەستوپێوەندیان و ئازادی و سەربەخۆیی بەدەستبێنێت. ئێمە شان بە شانی ئەو شەڕ دەکەین بۆ رزگار بوون لە ئیمپریالیزم و داڕووخان و حوکمدارە ملهوڕەکان و هەردوو گەلی برا زۆر بەپەرۆشن بۆ دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیەکانیان لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراتی میللیدا.

ئەی برایانی عەرەب، ئێمە پەیمانمان بەخۆمان داوە کە بەردەوام بین لە خەباتمان لـەپێناوی رزگـاربوونی خۆمـان و ئێوەشـدا. ئـەی رۆڵـەکانی گـەلی عـەرەب رووی چەکەکانتان مەکەنە سەر سینگی ئێمـە، چـونکە ئێمـە هاوپـەیمانی دڵـسۆزی ئێـوەین، بەڵکو ئاڕاستەی دوژمنەکانتانی بکەن لەو ئاغا کۆنەپەرست و ناپاکانەی کە پاڵیـان بـە ئیمپریالیستە بێگانەکانـەوە داوە و پـیلان لـەدژی مافـەکانتان دەگێـڕن. ئێمـە لـەپێناو دەوڵەتێکی فیدراڵی ئازاد و دیموکراتیـدا خـەبات دەکـەین، دەسـا لەگـەڵ ئێمـە بـن لـە مەیدانی نەبەردی نیشتمانیدا.

بۆیـە، ئێمـەی نوێنـەرانی گـەلی کـورد، ئیمـزای خۆمـان دەخەینـە سـەر ئـەم بەڵگەنامە مێژوویـیـەی پـەیمانی نیـشتمانیمان و بـەڵێن بـە خۆمـان دەدەیـن جێبـەجێی بکەین.

---

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی ژمارە (٤) بۆ نامەی ژمارە: ١٤٣٤

## کۆمیسیۆنی ئەمریکی، بەغدا

١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦

(وەرگێڕان)

# بەیاننامەی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد

کۆنگرە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی رزگاریی هەڵوەشاوە و حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقی هەڵوەشاوە و کۆمەڵە ژێ کافی هەڵوەشاوە و کۆمیتەی راپەڕاندنی کاتیی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق کە لە کوردستانی ئێران هاتبووە دامەزراندن و بە بڕیارێکی زۆرینەیەکی دڵ و دەرون گەرم هەڵوەشایەوە و ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانەی بە خەبات و تێکۆشانی دوورودرێژیان لەپێناوی کوردستان و دیموکراسیدا ناوبانگیان دەرکردووە، کۆبوونەوەکانی خۆی بەست. ئەندامانی کۆنگرە لە کات و شوێنی دیاریکراودا گەیشتن، یەك کەس نەبێت کە بە هۆکاری روون و ئاشکرا نەیتوانی ئامادەبێت. لە پاش هەڵبژاردنی سەرۆك ئەو پەیامانەی لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون بەرزکرانەوە، بە هەمان شێوەش نامەکانی متمانە لە کەسایەتییە گرنگەکانەوە کە نەیانتوانیبوو ئامادەبن و دەسەڵاتیان دابوو بە هەڵگرانی ئەو نامانە نوێنەرایەتییان بکەن لە کۆنگرەدا. لە پاش خوێندنەوەی ئەم پەیام و نامانە بابەتەکانی ئەو ئەجێندایەی خستە بەر باس و گفتوگۆ کە لیژنەی ئامادەکاریی بەرزیکردبووەوە. لەبەرئەوە پێدەچێت کۆنگرە سەرکەوتووانە ئەرکی سەرەکی خۆی جێبەجێ بکات لەم بارودۆخە ناسکەی خەباتی نهێنیدا و سەرۆك داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد باس و مشتومڕی خۆیان لەم مەسەلە بنەڕەتیانەی خوارەوەدا چڕبکەنەوە:

أ. پێویستیی دامەزراندنی تەنها یەك حیزبی دیموکراتی بۆ کوردستانی عێراق.

ب. گفتوگۆکردن لە سەر رەشنووسی بەرنامەکان و لەوانە ئەجێندا و پەیڕەوی ناوخۆ و لائیحەی نیشتمانی و دەستکاری کردنیان.

ت. هەڵوێستی حیزب بەرانبەر بە حیزبە عێراقیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

پ. هەڵبژاردنی کۆمیتەی راپەڕاندنی ناوەندی.

ج. کاتێ کە یەکەم مەسەلە خرایە بەردەم کۆنگرە بۆ باس و گفتوگۆ کردن لە سەری، ئازادیی بیرکردنەوە درا بە نوێنەرەکەی "ژێ کاف" کە متمانەی خۆی دەربڕی بە دامەزراندنی تەنها یەك حیزبی سەرەکی بۆ کوردستانی گەورە. لەبەرئەوەی پارتی دیموکرات لە مهاباد تاقە حیزبە کە ئەرکەکانی حکومەتی کۆماری کوردستانی لەئەستۆ گرتووە، کەواتە مەسەلەیەکی لەبار بوو بۆ حیزبەکەیان ببێتە رابەری بزووتنەوەی دیموکراتی لە کوردستانی گەورەدا. ئەوە ویلایەتی کۆماری کوردستانە کە دەبوو پارێزگاریی لە بەشەکانی تری کوردستان بکات بۆ ئەوەی نەکەونە دەست ئیمپریالیزمی بێگانە و حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی گەورەوە. بەو پێیە، من پێشنیاز دەکەم کە تاقە حیزب پارتی دیموکراتی ئەوەی مهاباد بێت و پارتی کوردی عێراقیش کە لقێکێتی مافی پلاندانانی خۆی هەبێت بۆ خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆییدا بە گوێرەی بارودۆخی عێراق. لە کاتی گفتوگۆ و مشتومڕدا لە سەر پێشنیازەکەی بۆ کۆنگرە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەرزکرانەوە:

- حیزبی دیموکرات لە مهاباد پلانی خۆی و جموجووڵی حیزبی بە شێوەیەك دارشتووە کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی ئێراندا بە پێی بەندی چوارەمی بەشی دووەمی پرۆگرامەکەی.

- پێدانی ئازادیی بێ قەید و شەرت بەبەشەکەی عێراق، لە روانگەی پراکتیکەوە تەنها نامەرکەزییەتی حیزب دەگەیەنێت و بە واتای نارێکی و ناتەواوی لە رێکخستندا و سیاسەتی حیزبی دیموکرات لە مهاباد رێگەی پێنادات.

هەواڵنامەی کێشر

- متمانە کردن بە سەرکردایەتی لە پارتی دیموکراتدا لە مهاباد هەڵەی ناپراکتیکە. هەڵەیە لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ئەم سەرکردایەتییە بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا گەوهەری نیە و تەنها دەتوانێت ناتەواو بێت بە هۆی کەمیی زانیاری و دابڕان لە بازنەکانی عێراق و هاوشان یەکنەگرتنەوەی لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کورد لە عێراقدا. هەڵبەتە ئەمە کاری کردە نیە چونکە ئەو پرۆگرام و پلان و رێکخستنانەی پێویستن بۆ کوردستانی عێراق بۆ دامەزراندنی حکومەتی فیدراڵ هێشتا گەڵاڵە نەبوون لەبەر سەرقاڵبوونی سەرەکی بە کاروباری کوردستانی ئێرانەوە.
- بێتوانایی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی خۆی لە بزووتنەوە سیاسییەکان و بە تایبەتیش حیزبە عێراقییەکان. رێکخستنی سیاسی لە عێراقدا ئەوەیە کە کەسێك یان لایەنێك شیاو بێت بۆ تێگەیشتن لە رێکخستن و حیزبە سیاسییەکانی عێراق و بتوانێ بواری هاوکاریی سنووردار برەخسێنێت لەبەرئەوەی ئەمەیان گونجاوە لەگەڵ مەیلە سیاسییەکانیاندا.

لە پاش مشتومڕێکی دوورودرێژ لە سەر مەسەلەکە پێشنیازەکە خرایە دەنگەوە و وا کەوتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردی عێراق تاقە پارتی بێت لە سنووری عێراقدا، وەك پێویستییەکی سیاسی و بە کۆی دەنگ پەسەند کراو تەنها نوێنەرەکەی ژێ کاف بەرهەڵست بوو. ئەوجا پێشنیاز کرا کە نوێنەرەکەی ژێ کاف هەلێکی بدرێتێ بۆ ئەوەی زیاتر بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق تاوتوێ بکات و تۆمارکردنی لە حیزبەکەدا و پێشنیازەکە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

مەسەلەی دووەم مشتومڕ بوو لە سەر ئەجێندا و پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەکە خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لە سەر کرا. پاشان کۆنگرە چەند دەستکارییەکی دیاریکراوی کرد لە هەندێك ماددەی دوو بەشی یەکەمدا و رستەیەك بۆ بەرنامەکە ئیزافە کرا. دواجار دەنگ لە سەر هەموو بەڵگەنامەکان درا و شێوازی کۆتاییان پەسەند کرا.

لەکاتی گفتوگۆکردن لە سەر بابەتی سێهەمی ئەجێنداکەدا، ئەندامانی کۆنگرە بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا کاروچالاکیی خۆیان لە سەر حیزبە دیموکراتییە عێراقیەکان چڕبکەنەوە. کۆنگرە دەسەڵاتی دا بە کۆمیتەی ناوەندی بۆ دەسنیشان

کردنی هەر حیزبێك کە هاوکاری لەگەڵ دادەمەزرێنێت لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە سەر سیاسەتی ئەو حیزبە عێراقییە، هەروەها دەسەڵاتیشی درایە بۆ دیاریکردنی چالاکییەکانی لەگەڵ ئەو حیزبانەدا. لە بارەی گفتوگۆ کردن لە بواری هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کورد لە مهاباد، کۆنگرە ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی بە پێویست زانی. مەودا و بواری هاوکاری لە مەحزەرەکانی کۆنگرەدا روونکراوەتەوە. لەدواییدا کۆنگرە بە دەنگدانی نهێنی کۆمیتەی راپەڕاندنی هەڵبژارد و ئەوانەی کە زۆرینەی دەنگیان هێنا دەرچوون و بە دەرکردنی ئەم بانگەوازە کۆتایی بە کارەکانی کۆنگرە هات.

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی ژماره (٥) بۆ نامەی ژماره: ١٤٣٤
## کۆمیسیۆنی ئەمریکی، بەغدا

١٧/سێپتەمبەر/١٩٤٦

(وەرگێڕان)

# بانگەوازی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد

رۆڵەکانی گەلی ئازا و بوێرمان، شێخانی بە ئەزموون، لاوانی کوڕ و کچی نیشتمان، مێژووی پڕ شکۆی ئێمە کە خەسڵەتی پاڵەوانێتی و شۆڕشە بۆ ماوەی چەندین سەدە بۆ جیهانی سەلماندووە کە ئێمە پەرۆشی ئازادی و سەربەخۆیین. راپەڕینەکانی شەمزینان، دیاربەکر، سلێمانی و بارزان شایەتی هەتاهەتایین کە هاندەرتانن بڕۆن بۆ پێشەوە تا بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

کوردستانی ئێران خۆی لە کۆت و بەند رزگار کرد و تێکەڵ بە جیهانی دیموکراتی بوو کە بە ئاشتیانە ژیانی خۆی بنیات دەنێت و بووە بە خاوەنی خواست و ئیرادەی خۆی.

هێز و توانای پارتی دیموکراتی کوردمان لە عێراق تەنها مسۆگەرکردنی دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی کوردە لە عێراقێکدا کە رژێمێکی دیموکراتی تێیدا بەرقەرار بێت. حیزبی ئێمە لە گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە و شەڕی کۆنەپەرستانی عێراق و کرێگرتەکانی ئیمپریالیزم دەکات. بۆ پێشەوە لە ژێر ئاڵاکەیدا تا سەرکەوتن بە سەر بەرەی رەشدا بەدیدێت. کوردستانی عێراق داوای ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد دەکات لە چوارچێوەی ئیدارەی خۆیدا، هەروەها داوای یەکگرتنێکی ئازادانە دەکات لەگەڵ عەرەبی عێراقدا.

حیزبی ئێمە پشتیوانیی عەرەبە دیموکراتەکان دەکات لەپێناوی دوارۆژی عێراقێکی دیموکراتدا.

مەکتەبی سیاسی

# کاروباری دەرەوەی
# ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## باڵیۆزخانەی ئەمریکا
## بەغدا، عێراق

٢٣/ کانوونی دووەم/١٩٤٧

(نهێنی)

ژمارە: ١٥٧٠

**ناردنی بەیاننامەیەك کە لە لایەن حیزبی سوپای دیموکراتی کوردەوە نێردراوە بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان.**

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

بۆ تـەواوکردنی نووسـراوی ژمـارە(١٤٣٤)م لـە ١٧/ سـێپتەمبەر/١٩٤٦دا، شەرەفی ئەوەم دراوەتێ هـاوپێچ وەرگێڕانـی بەیاننامەیـەکتان بـۆ بنێـرم کـە ئاڕاسـتەی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کـراوە لـە لایـەن پـارتی سـوپای دیموکراتی کوردەوە، (لێـرەدا بـا تێکـەڵ نـەبێت لەگـەڵ نـاوی پـارتی دیمـوکراتی کـورددا). ئەمـە کۆپییەکی ئەو بەیاننامەیە کە تازە گەیشتووەتە دەست ئەم باڵیۆزخانەیە.

تێبینـی ئـەوە کـراوە بەیاننامەکـە، کـە بـە ڕێکـەوت هـەردوو ڕەشـنووس و چـاپکراویش، بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە خـوار سـتانداردی چاپەمەنیی سـەر بـە کوردەکانەوەیە و ئیشارەت بەوە دەکات کە کوردەکان بێبەشن لـە مـافی بڵاوکردنـەوەی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە لە پاڵ شتی تردا بە زمانی خۆیان و هەروەها بێبەشـن لـە دام و دەزگای خوێندنی باڵا و ڕێگەیان پێنادرێت حیزبی سیاسی یـان کۆمەڵـەی هـەرەوەزی دروست بکەن و هەروەها بێبەرین لە هەموو سوود و قازانجێکی ئەو داهاتـە زۆرەی کـە لە نەوتی کوردستانەوە دێتە دەست حکومەتی عێراق.

بەیاننامەکە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ:

أ. هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق ناچار بکات کە لەشکر و سوپایان لە ناوچەکانی کوردستان بکشێننەوە و دووربکەونەوە لە خوێنڕشتنی زیاتر.

ب. ناردنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هێرشکردنە سەر کۆمارەکەی کوردی ئێران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران و عێراق و تورکیاوە.

ت. جێکردنەوەی مەسەلەی کورد لە ئەجێندای نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

پ. دابینکردنی سەربەخۆیی تەواو و ئازادی و دیموکراتی بۆ کورد لە ژێر یەك ئاڵادا.

لەگەڵ ڕێزی دڵسۆزتان

جەیمس س. مووس

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هاوپێچ:

ـ بەیاننامە

فایلی ژمارە (١ـ ٨٤٠)

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی نامەی ژمارە: ١٥٧٠

## لە لایەن بالێۆزخانەی ئەمریکییەوە، بەغدا

٢٣/کانوونی دووەم/١٩٤٧

(وەرگـێـڕان)

## بەیاننامەی حیزبی سوپای دیموکراتی کورد

**بە ئاگاداریی:**

- **باڵیۆزخانەی بریتانی، بەغدا**
- **کۆمیسیۆنی یەکێتیی سۆڤییێت.**
- **کۆمیسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**
- **کۆمیسیۆنی چین.**

**بۆ: سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک.**

## بابەت: داواکارییەکانی میللەتی کورد

هەواڵنامەی کێبر

وڵاتـانی ئـازادیخواز قوربـانیی بێوێنـەیان داوە بـۆ بەزانـدنی دیکتاتۆریەتـە قێزەونەکان و لەناوبردنی گیانی دەستبالایی و خۆسەپاندنی دەوڵەتێك بە سـەر ئـەویتردا و دامەزراندنی ئاشتی و سەقامگیربوونی لە دنیادا. وەك ئەنجامێك بۆ جەنگی جیهانیی دووەم، هەموو گەلان لە سەر یەك بنەما کۆکن کە ئـەویش ئاشـتیی جیهـان و قەدەغـە کردنی جەنگ و پێدانی مافی چارەی خۆنووسینە بۆ تەواوی گەلان. لەبەر ڕووناکی ئـەم بنەمایانە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەوە دامەزراوە کە بێ هیچ جیاوازییـەك داکۆکی لە دادپەروەری و گەشەکردن و ئاشتی بکات بـۆ سـەرجەمی مرۆڤایـەتی، ئـەو ئاشـتییەی کـە ئیمپریالیـستەکان هەوڵـدەدەن بیـشێوێنن بـەو پێیـەی کـە جـەنگ بازرگانییەکی پڕ سوودە. زۆرینەی خەڵك بڕوایـان بـە پیرۆزیـی ئـەم بنەمایانـە هێنـابوو

بەڵام هەندێك پشتگوێیان خست و سووربوون لە سەر چالاکیی دوژمنکارانەیان و خەڵکیان کۆیلە دەکرد و ماڵیان بە تالان دەبردن. وەك نموونەیەك بۆ راستی و دروستیی داواکانمان شەرەفی ئەوەمان پێبڕاوە باکگراوندێکی کورتتان لە سەر نائومێدیی کورد بدەینێ کەوا هیچ پشتگیرییەك نەکراوە لە لایەن جیهانی شارستانییەوە و کەس ئاوڕێکی سۆزی لێنەداوەتەوە لە بەر پیلانەکانی ئەم دواییەی ئیمپریالیست.

## بارودۆخی گەلی کورد لە ئێستا و رابردوودا

لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان، گەلی کورد بە هەموو شێوازێکی مرۆڤایەتیی بەرز هەوڵیداوە خولیا و ئاواتەکانی بگەیەنێتە جیهانی شارستانی و سۆز و پشتگیریی مەعنەوی دەستەبەر بکات. ئەم گەلە لە کۆیلەیەتی دەستی دکتاتۆرێتی کۆنەپەرستی تورکیا و ئێران و عێراق رزگار بکات بەڵام بۆ بەدبەختی هیچ سەرکەوتنێك بە دەست نەهات لە ئەنجامی زەبروزەنگی ئەو ئیمپریالیستانەوە. ئیمپریالیستەکان تا ئێستا هەر سوورن لە سەر نەخشە و پلانی دڵڕەقانەی خۆیان لە بواری کۆنترۆڵ کردنی هەموو پەیوەندییە زەمینی و دەریایی و هەواییەکاندا. لەم حاڵەتەدا ئاخۆ ئیمپریالیستەکان گوێ لە سکاڵای کێشە و حاڵەتێك دەگرن کە خۆیان لێی بەرپرسیار بن؟ هەر داکۆکی و بەرگرییەکی گەلی کورد، لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پڕوپاگەندەیەکی دزێوی دەدرێتە پاڵ بۆ زڕاندنی ناوبانگی و داواکارییەکان وا دەخەنە بەرچاوی دنیا گوایە لە خەڵکێکی دڕندەوەن کە شیاوی ژیان نین و ئێمە کە رێگای ئاشتی دەگرین، چەوساندنەوە و ملهوڕی وەڵاممان دەداتەوە. ئێمە ئەگەر لە ژێر بارێکی ئاوها سەختدا ناچار بکرێین چەك هەڵبگرین دژ بە داگیرکەر و دەستدرێژکاران وەك بەرگری کردن لە ماف و نەریتە نەتەوایەتیەکانمان ئەوە ئیمپریالیستەکان بە هەڵی دەقۆزنەوە و جاڕ لە ئاوها کار و کردەوەیەك دەدەن کە تاوان و دڕندەییە. راستییەکەی بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ گەلی کورد تووشی دەرد و مەینەتییەکی بێئامان بوونەتەوە و بە ئارامی و ئیرادەیەکی چەسپاوەوە بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

گەلی کورد بڕوای بە دادپەروەریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە و هەروەها بە پرەنسیپە بەرزەکانیشی بەهەمان ئەو بڕوایەی بە رەوایی مەسەلەی کورد.

بەڵام پشتبەستنی میللەتی کورد تەنها بەخۆی یارمەتیی جێگیربوونی ئاشتی نادات ئەگەر بەهەمان شێوە لە لایەن دوژمنانی مەسەلەکەوە بە هەند وەرنەگیرێت، وەك حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا. ئەم حکومەتانە وەك بوکەڵە وان لە دەستی ئیمپریالیستەکاندا و بە پێی پێویستی ئامانجە ئیمپریالیستییەکان دەجولێنرێن. رەفتاری ئەو حکومەتانە بەرانبەر بەم خەڵکە هاوشێوەی ئەوەیە کە دیکتاتۆرەکان دەرهەق بە جوولەکە کردیان و تەنانەت لە دڕندەییان تێپەڕاند.

لە بەر رۆشنایی ئەم تاقیکردنەوانە و ئەم لاپەڕە رەشانە لە مێژووی کورددا و لە بەر رۆشنایی ئەم ستەم و ئازارەی لە ئێستا ورابردوودا تووشیان هاتووە بە بەر چاوی جیهان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە حیزبمان بە ناوی "پارتی سوپای دیموکراتی کوردەوە" خۆی رێکخستووە. ئەمە حیزبێکی تیرۆریست نیە وەك ئەوانەی دیکتاتۆرە بەزیوەکان، بەڵکو ئامانجی ئەم حیزبە مژدەدانی برایەتی و دادپەروەری و ئاشتیی جیهانییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان و دیموکراتخوازەکان داکۆکیی لێدەکەن، بۆ ئەوەی بچێتە پاڵ گەلانی ئازادیخواز کە داکۆکیی لە یەکسانیی ماف دەکەن و بەرهەڵستیی هەر سیاسەتێکی ئیمپریالیستانە دەکەن و بۆ بەرگری لە مافە رەواکان و ئازادییە سروشتیەکانی ئەم گەلە بێبەختە دژ بە دەستدرێژکاران و دز و جەردەکانی سەدەی بیست و چەرخی ئەتۆم، بۆ ئەوەی گەلی کوردمان بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بژی و دڵنیابن لە ژیان و ماڵی خۆیان.

لەکاتێکدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕ لە بنەما مرۆڤایەتییەکانی خۆی دەدات و گفتوگۆ لە سەر چەکداماڵین دەکات، کەچی گەلی کورد لە کەش و هەوایەکی پڕ لە تیرۆر و کوشتار و گرتن و برسێتی و هەژاری و ترس و بەکۆمەڵ لە کاردەرکردندان، چونکە ئەوان داوای نان و ئازادی و دیموکراتی دەکەن.

هەروەها کوردەکان بێبەشن لەم مافانەی خوارەوە:

أ. کورد مافی دەرکردنی هیچ جۆرە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی نیە بە زمانی خۆی.

ب. کوردستان بێبەشە لە دام و دەزگای خوێندنی باڵا.

ت. تاقە یەك فلس خەرج ناکرێت بۆ پەرەپێدانی ناوچەکانی کورد لەو داهاتی نەوتەی لە کوردستانی عێراق و ئێرانەوە بەرهەمدێت. داهاتی ساڵانەی نەوت کە دەست

حکومەتی عێراق دەکەوێت لە دە ملیۆن دینار تێدەپەڕێت و زۆربەی ئەم پارەیەش تەرخان دەکرێت بۆ کڕینی کەرەستە و تفاقی جەنگ بۆ کوشتنی کورد و تێکدانی ماڵ و خانوویان و ئەویشی کە دەمێنێتەوە دەچێتە گیرفانی کرێگرتەکانی ئیمپریالیزم و پەیڕەوە دڵسۆزەکانی کە دەسەڵاتیان زەوتکردووە.

پ. گەلی کورد مافی پێکهێنانی حیزب و کۆمەڵە هەروەزییەکانی نیە و ئەگەر بوێرێت باسی ئەم شتانە بکات رەنگە ژیانی بکاتە قوربانیی. بۆ نموونە، ساڵی پار کۆمەڵێك کوردی دانیشتووی عێراق داواکارییان بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی پێویست بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بە ناوی "کۆمەڵەی خێرخوازیی کورد"، لەپێناوی دروستکردنی قوتابخانەیەکی ئازاد بۆ کوردە هەژارەکان. بەڵام داواکارییەکە درایەدواوە و لە پاش هەوڵدانێکی زۆر لە لایەن حیزبەوە کاربەدەستێکی بچووکی وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری کردنەوە کە پشتگوێ خستنی داواکارییەکە بە هۆی ناونیشانی کۆمەڵەکەوە بووە و بەو پێیە ناچار کرا ناوی خۆی بگۆڕێت بە "کۆمەڵەی نیشتمانیی فەیلییەکان" و وشەی "کورد" ی لێ لابرا ئەوجا مۆڵەتی پێدرا.

ج. کورد لە ناوچە کوردییەکاندا دانامەزرێنن و ئەوانەی کە دەبنە کاربەدەست لەو ناوچانە زمانی کوردی پشتگوێ دەخەن.

ح. لە فەرمانگەکانی حکومەتدا رێگە بە کورد نادرێت هاونیشتمانی خۆیان بدوێنن و رێگەشیان پێنادرێت بە کوردی قسە بکەن.

خ. کورد لەو وەزارەتە حکومیانەدا دانامەزرێن کە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کورد دەکرێت تیایاندا و ئەوانەش کە دامەزراون کوردی ساختەن و بەڕاستی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد ناکەن.

د. کورد بە تەواوی نوێنەریان نیە لە پەرلەماندا و بەگشتی لەو پۆستانەدا دادەنرێن نەك هەڵدەبژێرێن. ئەو چەشنە دامەزراندنانەش بە بانگهێشتی نهێنی دەکرێت کە بەعادەت سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان دەگرێتەوە. ئەمانەش تەنانەت نووسین و خوێندنەوەی سەرەتاییشیان نیە و پەنجەمۆر بەکاردێنن بۆ مووچە وەرگرتن. لە مشتومڕێکی ناو پەرلەماندا نوێنەرە کوردەکان خەویان لێکەوتبوو بەڵام کاتێك

پرۆژەی یاسایەك کەوتە دەنگدانەوە لەپڕ لە خەو راپەڕین و دەستیان بەرزکردەوە بۆ پەسەندکردنی یاساکە بێئەوەی تەنانەت ناوەکەشی بزانن.

ژ. نەخۆشی بەربلاوە لە ناوچە کوردییەکاندا بێ هیچ دام ودەزگایەکی تەندروستیی گونجاو بۆ چارەسەری نەخۆشی.

ر. تورکەکان بە ئاشکرا و بێ هیچ شەرمێك رایدەگەیەنن کە "کێشەی کورد" لە تورکیادا نیە و بە "تورکی شاخاوی" و هەندێ جار بە "کۆچەری دەوارنشین" ناومان دەبەن.

ئەوان بەم فرۆفێلانە نیازیانە، بە ئەقڵی خۆیان، پێنج ملیۆن کورد لە بەر چاوی جیهان بشارنەوە، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە جیهان لە تورك زیاتر مێژووی وڵاتی کوردان دەزانن کە رۆژێك دێت ماف و ئازادیی خۆی دەگێڕێتەوە و ستەم و داپلۆسینی تورکەکان ئاشکرا دەکات بۆ هەموو جیهان و ئەوانیش بوون کە تاوانی قەتلوعامی ئەرمەنە ئاشتیخوازەکانیان بەرپاکرد. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردەکان لە نێو رەگەزی تورکدا تواونەتەوە کەچی لەولاشەوە دژ بەو بانگەشەیە دەوەستنەوە و دەڵێن بەپێچەوانەی ئەرمەن و گریکەکانەوە، کورد موسڵمانە و لە پشتەوە خەنجەر لە تورکی برای نادات کە وەك ئەو موسڵمانە. جا بەڕێزان تەماشاکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە تورك تێکرا سەرکردە و مونەووەرانی کوردی قڕکردووە کەچی هێشتا هەر لە زیندوویی کێشەی کورد و سێبەری "کوردستانی نوێ" دەترسن. ئەگەر گەشتیارێك رێی بکەوێتە کوردستانی تورکیا ئەوە پیاو نابینێت و بەتەنها ژنان دەبینێت کە زەوی دەکێڵن بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی کەم جۆی خراپ بۆ تێرکردنی منداڵە بێ باوکەکانیان. ئەودەم گەشتیار سەرسام دەبێت و دەپرسێت کوان پیاوانی ئەم دەڤەرە و بۆچی دیارنەماون. تۆ بڵێی ئەم ناوچانە ژنیان تێدا بژی و پیاویان تێدا لە دایك نەبوبێت؟ منداڵەکان زۆر لەڕ ولاواز و رەش و رووتن، داروباری وڵاتێك دەردەخەن کە پڕە لە هەژاری و کلۆڵی. وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە حکومەتی تورك هەموو پیاوەکانی راگواستووە و ناردوونی بۆ شوێنگەلێکی دوور لە ماڵ و خێزانیان و لەوێ لە لایەن ئەفسەرانەوە خەسێنراون و لە سوپادا دەیانهێڵنەوە تا پیر دەبن. کاتێکیش دەسبەرداریان دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان ژن و کوڕ و کچەکانیان نایانناسنەوە و ئەمانیش ئەوان ناناسنەوە و بەکەڵکی هیچ شتێك

نەماون چونکە بەردەوام لە ناو سوپا و هێزی چەکداردا بوون. ئەگەر ئێمە ناڕەزایی دەربڕین لەدژ هەر کردەوەیەکی نامرۆڤانە ئەوە سادەترین سزا لەسێدارەدان یان پیسترین ئەشکەنجەیە. کاتێکیش کە ئەم بەیاننامەیە بەرز دەکەینەوە بۆ ئەو باڵیۆزخانانەی ناومان هێناون، ئەوە مانای وایە کە ئێمە بەتەمای هەر زیانێکین تووشمان ببێت. رەنگە ئۆفیسە بەڕێزەکەتان ئاگاداری ئەو نارەزایینامەیەی ئێمە بێت کە رۆژی ٦/ ئۆکتۆبەر/ ١٩٤٦ ناردوومانە لە رێگەی نوێنەرایەتیەکانی بریتانیا و سۆڤێت و ئەمریکا و چینەوە لە بەغدا، کە تێیدا ئاگادارمان کردوون لەو دەرد وستەمانەی تووشی گەلی کورد هاتووە و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە سەر رێی بیستنی دەنگمان لە لایەن جیهانی شارستانییەوە. دوای ماوەیەکی کەم لە بەرزکردنەوەی ئەو نارەزاییە بارودۆخەکە لە کوردستاندا خراپتر بوو تا ئەو ئاستەی کە لە دادگایی نوێرمبورگ دەچوو کەوا ئەو کەسانەی تێدا لە داردران کە تاوانیان دەرهەق بە مرۆڤایەتی کردبوو. وادیارە ئێوە لە بیرتان چووبێتەوە کەوا گەلی کورد شان بە شانی هاوپەیمانان جەنگاوە و بەشداریی کۆششی جەنگی کردووە دژ بە هێزەکانی میحوەر. هەڵبەتە بارودۆخەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەگوزەرێت:

بێگومان جیهان بەئاگایە لە پیلانگێریی حکومەتی فاشیستی ئێران و هەڵبەتە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی فشاری دەرەکی دژ بە گەلی کورد. حکومەتی ئێران، بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی بێگانە، هێرشی کردووەتە سەر کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ئێران و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئارام و ئاشتیخواز بە بیانووی پاراستنی ئاشتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و شەڕی سەخت و خوێناوی بەرپابووە لە نێوان سوپای هێرشبەری ئێران و سوپای کۆماری کوردستاندا کە شەڕی مان و نەمان دەکات لە سەردەمێکدا کە رێکخراوەکەتان لە مشتومالی مەسەلەی هێنانە کایەی جیهانێکی ئازاد و بەختەوەردایە. لە کاتێکدا کە ئێوە باس لە جیهانێکی چەکداماڵراو دەکەن، ئەوە حکومەتی عێراق کە بەم دواییە وێندێل ویلکی لە کتێبی "یەك جیهان" دا ئاماژەی پێدەکات بەوەی کە "رقی لە خەڵکە و خەڵکیش رقی لێیەتی"، خەریکی جێبەجێکردنی پیلانێکی چەکدارییە بەوەی کە کرێگرتە و سیخوڕ عەبدولباقی نوری، قایمقامی قەزای رانیەی بە رەسمیی ناردووە بۆ ئەوەی لە گوندی لیوەتانی ناو خاکی ئێراندا چاوی بە سەرۆك هۆزە کوردەکان بکەوێت و بە ناوی

حکومەتی عێراقەوە هانیان بدات بۆ ئەوەی هەڵکوتنە سەر بنکە و بارەگای ئەو کۆمارە لە مهاباد. بۆ ئەم مەبەستەش چەك و پارەی داونەتێ و سەرۆك هۆزەکانی هەورامانی چەکدار کردووە لە ویلایەتە کوردەکەی سنە لە ئێران. حکومەتی عێراق بەم هەموو جموجووڵ و چالاکییەی سیخوڕەکەی دانەکەوتووە دژ بە میللەت و رەگەزەکەی خۆی (واتە قایمقامی رانیە ـ و) بەڵکو هەموو پۆلیس و هێزی ئاسمانیی لە ناوچە کوردییەکانی نزیك بە کۆماری کوردستانی ئێران مۆڵداوە، مانگێك پێش ئەوەی قەوامولسەڵتەنە جاڕ لە بە ناو هەڵبژاردنی ئازاد بدات لە ژێر پەردەی "مانۆڕی سەربازیدا" لە عێراق و "پاراستنی هەڵبژاردنی ئازاددا" لە ئێران. بەڵام هەموو کەس دەزانێت، تەنانەت منداڵیش، کە ئامانجی سەرەکیی حکومەتی عێراق ئەم خاڵانەی خوارەوە بووە:

١. تۆقاندنی گەلی کورد بۆ ئەوەی یارمەتیی برایانیان نەدەن لە کۆماری کوردستانی دیموکراتیدا لە ئێران و ریشەکێش کردنی بزووتنەوەی دیموکراتی لە کوردستاندا.
٢. شاردنەوەی سەرباز و پۆلیسەکانی لە جل و بەرگی کوردیدا و رەوانەکردنیان بۆ ئەو کۆمارە بۆ ئەوەی لە پشتەوە خەنجەر لە خەڵکەکەی بدەن و ئاژاوە و پشێوی بنێنەوە.
٣. فشار بخەنە سەر ئەو سەرۆك هۆزانەی لە سنووری ئەو کۆمارەدا دەژین بۆ ئەوەی شەڕی برا کوردەکانیان بکەن لە ئێراندا.
٤. ناردنی هێزی ئاسمانیی عێراق بۆ ئێران لە ژێر پەردەی "شەڕکردنی تێکدەراندا" بەڵام بەنیازی "شەڕکردنی کوردەکان".
٥. رووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری دیموکراتی کورد لە ئێران بۆ بواردان بە پیلانگێڕیی بێگانە بێ رەچاوکردنی ئەو ئەنجامە خراپانەی لێی دەکەوێتەوە.
٦. پاڵپشتی کردنی سیاسەتە نەریتییە چەسپاوەکانی ئەم حکومەتانە بۆ تواندنەوەی گەلی کورد بە پەیڕەوی کردنی فەلسەفەی نازییەت.

زۆر باش زانراوە کە بڕیاردانی حکومەتی ئێران بە ناردنی هێز بۆ کوردستان بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەنجامدانی هەڵبژاردن نەبوو بەڵکو بۆ بێبەشکردنی کورد بوو لە مافی دەستەبەرکردنی دیموکراتی و ئازادییان و بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمار و پارتی



هەواڵنامەی کتێب

دیموکراتی کورد و ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنی نوێنەرە کوردەکانە بۆ پەرلەمانی نوێی ئێران. لە ڕاستیدا، کارێکی لەو جۆرە لە لایەن حکومەتی ئێران و سەرلەنوێ سەپاندنەوەی ڕژێمی کۆنەپەرستی لە کوردستاندا و ئەمەش نەك هەر لە لایەن کۆنەپارێزەکانی ئێرانەوە بەڵکو لە لایەن ناوەندە تایبەتەکانی بێگانەشەوە پێشوازی لێدەکرێت.

بڕیاری حکومەتی ئێران بە ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری دیموکراتی و تێکدانی ئەو ریفۆرمە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەیەی لە لایەن کۆمارەوە ئەنجامدرابوو لەو ماوە کورتە کە حکومەتی ئێران نەیتوانیبوو بە درێژایی چەندین سەدە ئەنجامی بدات داخ و خەفەتێکی گەورەی لای هەموو کورد لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دروست کرد، چونکە مەبەستەکە نە جێگیر کردنی ئاشتی و نە پاراستنی هەڵبژاردن بوو بەڵکو لەناوبردنی ئازادیی میللەتی کورد بوو. بەم ڕەنگە حکومەتی ئێران بە ڕاڕەوێکی ترسناکدا دۆخێکی هێنایە ئاراوە کە ببێتە ئیلهامبەخشی بێگانەکان و گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنەدا کە دەڵێت "قەوامولسەڵتەنە بە هاوکاریی بێگانەکان هێرشی خۆی ئەنجامدا".

خاوەن شکۆیان: ئێمە باوەڕمان بە دادپەروەریی ئێوە هەیە و کە ڕێکخراوەکەتان لە توانایدایە چارەسەرێکی ڕەوا بۆ مەسەلەی کورد بڕەخسێنێت و ڕێگە نەدات ناوبانگی گەلی کورد بشێوێت لە لایەن ئەو حکومەتانەوە و بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە ئێمە تێناگەین چییان لێمان دەوێت. دڵنیاین کە ئێوە هاوڕان لەگەڵمان کە ئەم حکومەتانە سووکایەتیمان پێدەکەن چونکە لەو باوەڕەدان کە تکاکاری و داواکاریمان لە ڕێکخراوەکەتان هیچ سوودێکی نابێت بە هەمان شێوەی ئەو ڕاستییەی کە ئێمە بێ چەکین.

خاوەن شکۆ: میللەتی کورد دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لە نیڵە و ستەمی ئەم حکومەتانە و سەربەستی و دیموکراتیی خۆی وەدەستبێنێتەوە ئەگەر بێگانەکان واز لە پیلانگێڕیی بێنن لە ژێر پەردەی بەهانەگەلی وەك "پەیمانی سەعداباد" و "بلۆکی ڕۆژهەڵات"دا. هەموو ئەم پیلانگێڕیانە مەبەستیان میللەتی کوردە، بەڵام ئێمە بەردەوام و سوور دەبین لە سەر خەباتی خۆمان و متمانەی تەواومان بە دادپەروەریی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوسۆزیی مرۆڤایەتی هەیە دژ بە دەسدرێژکاران.
لە بەر ئەوە داواکارین لە بەڕێزتان ئەم داواکارییانەی خوارەوە رەچاو بکەن:

١. ئامۆژگاریی حکومەتی ئێران بکەن شەڕ و بۆردمانی فڕۆکە بوەستێنێت دژ بە هەرێمی کوردی ئێران و ناچار بکرێت لەشکر و سوپای بگێڕێتەوە و دیلەکانی ڕێگای ئازادیی کورد بەربدات.
٢. ئامۆژگاریی حکومەتی عێراق بکەن هێزە چەکدارەکانی لە ناوچە کوردنشینەکان بکشێنێتەوە کە دراوسێ و نزیکی کوردستانی ئێرانە و ناچار بکرێت دەست هەڵبگرێت لە پیلانگێڕی و دووبەرەکی نانەوە و جیاوازی دروستکردن لە نێوان کوردەکانی ئێران و عێراقدا و دوورکەوتنەوە لە خوێنڕشتن لە ژێر پەردەی "مانۆڕی سەربازیدا".
٣. ناردنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە ژمارە و سروشتی هێزەکانی ئێران و تورکیا و عێراق کە هاوشانی یەکتر شەڕیان دەکرد و دەستدرێژیی چەکداری دەکەنە سەر کۆماری دیموکراتی کورد لە ئێران، لە کاتێکدا کە ژمارەیەك لەو حکومەتانە لە ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا UNO، مشتومڕی قەدەغەکردنی جەنگیانە. چۆن ئەمانە وێرایان هێرش بکەنە سەر ئەم کۆمارە کوردییە و لە ریزی یەکەمین وڵاتاندا بن بۆ پێشێلکردنی بنەمای یاسا و ڕێساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان؟
٤. ناردنی کۆمیتەیەك لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبێت لەو کەسانە هەڵبژێردرێن کە کاریگەریی ئیمپریالیستیان لە سەر نەبووە و دڵنیابن لەوەی کە کوردەکان بە ئازادانە لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە کۆدەبنەوە. کۆمیتەیەکی لە چەشنە نابێت ئەو کار و کردەوانە دووپات بکاتەوە کە کۆمیتەی ریفراندۆمی گشتیی سەر بە کۆمەڵەی گەلانی هەڵوەشاوە کردی، چونکە ئەو کۆمیتەیە ئەنجامگیرییەکانی لە سەر ئەو بەڵگە و شایەتیانە دروستکرد کە کرێگرتە و سیخوڕەکانی ئەم حکومەتانە دابوویان. هیچ کوردێك لە بەردەم ئەو کۆمیتەی ریفراندۆمەدا ئامادە نەبوو تەنها ئەو کاربەدەست و پۆلیسانە نەبێت کە خۆیان لە پۆشاکی نەتەوەی کورددا حەشاردابوو.
٥. مەسەلەی کورد بخرێتە نێو ئەجێندای کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٦. پێدانی سەربەخۆیی تەواو بە کورد لەگەڵ تەواوی ئازادی و دیموکراتی لە ژێر یەك ئاڵادا.

ڕەچاوکردنی مەسەلەی درێژخایەنی کورد بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز دەکات و دواجاریش جەردەیی نێودەوڵەتی دەوەستێنێت لەم چەرخی ئەتۆمەدا. ئەمە بۆ جیهانی دەسەلمێنێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێن و پابەندیی خۆی بەجێدێنێت بۆ ئەوانەی گیانی خۆیان بەختکرد لە نەبەردییەکانی شەڕەفدا و لەپێناوی ئازادیی دیموکراتی و دادپەروەری و ئاشتیی جیهانیدا. ئەمە وەك ئەوە وایە بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە متمانەی گەلانی لاواز بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UNO بەدیهاتووە و ئەم ڕێکخراوە وڵاتانی گەورە ناچار دەکات ڕێز لە بنەماکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی بنێن کە بەکۆی دەنگ پەسەندکراون لە لایەن گەلانی جیهانەوە بۆ پاراستن و جێگیرکردنی ئاشتی و پرینگانەوە و دەستهەڵگرتن لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی گەلان و وڵاتانی تر.

لەجیاتی گەلی کورد گەرمترین ڕێز و سڵاوم دەنێرم لەگەڵ ملکەچی و پابەندبوونمان بە بنەما و یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

ئیمزا

مارشاڵ

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی

پارتی سوپای دیموکراتی کورد

هەواڵنامەی کتێب

## کاروباری دەرەوەی
## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەغدا، ٣٠/کانوونی دووەم/١٩٤٧

(نهێنی)

ژمارە: ١٥٨٩

**ناردنی وەرگێڕانی بەیاننامەی ناڕەزایی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

**بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، واشنتۆن دی. سی**

**گەورەم:**

وەك تەواوکردنێك بۆ نووسراوی ژمارە(١٥٧٠) ی ٢٣/ کانوونی دووەم/١٩٤٧ لە لایەن باڵیۆزخانەوە، شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە هاوپێچ بەیاننامەیەکی ناڕەزاییتان بۆ بنێرم کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە ئاڕاستەی "سەرانی مفەوەزییەتەکانی دەوڵەتانی گەورە لە بەغدا" کراوە. بە هەڵسەنگاندنی ئەم بەیاننامەیە لە لایەن پسپۆڕانەوە بە ئاشکرا و بەگشتی تۆنێکی کۆمۆنیستیی پێوە دیارە و وا پێدەچێت پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەمان پارتی دیموکراتی کورد بێت (بڕوانە نووسراومان ژمارە (١٤٣٤) لە ١٧/ سێپتەمبەر/ ١٩٤٦دا).

سەرنج دەدرێت کە ئەم ناڕەزاییینامەیە دادو بێدادیە لەو راستیەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان هیچی نەکردووە بۆ نەهێشتن یان رێگرتن بەو"تاوان و ستەمانەی" دژ بە کوردەکان بەرپاکراون لە لایەن "حکومەتە دکتاتۆرییەکانی تورکیا و عێراق و ئێرانەوە" کە هێزە "ئیمپریالیستیەکان" لە رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕیاریانداوە ئەو تیشکی هیوایە بسڕنەوە کە لە سەرکەوتنە کاتییەکەی حکومەتی

میللیی ئازەربایجان هاتبووە ئاراوە و هێزی پڕچەکی قەوامولسەڵتەنەی "ناپاك" بنێرن بۆ "کوشتنی" هەزاران کوردی بێتاوان لە "ئازەربایجاندا" و گوندە ئارامەکان وێران بکەن و بە ناوی ئازادییەوە ئازەربایجان خاپوور بکەن.

ئەنجام پارتی دیموکراتی کوردستان دەستەودامێنی رای گشتی جیهان دەبێت بۆ کۆتایی پێهێنانی "چالاکی و کردەوە تێکدەرەکانی رژێمە ئیمپریالیستیەکان" و رەخساندنی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وێکبێتەوە و پێدەچێت بەجۆرە ئاشتی باڵی بکێشێت بە سەر بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەگەڵ رێزی دڵسۆزتان

جەیمس س. مووس

کاربەدەستی بەرپرسی کاتی

هەواڵنامەی کتێب

هاوپێچ:

- وەرگێڕانی بەیاننامەی نارەزایی

فایلی ژمارە (٨٤٠ ـ ١)

**پاشکۆی نامەی ژمارە: ١٥٨٩**
**٣٠/ کانوونی دووەم/١٩٤٧**
**بەغدا، عێراق**

**(وەرگێڕان)**

## بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم بۆنەیە بە هەل دەزانێت کە ڕێزی بێپایانی خۆی دەربڕێت.

بەڕێزتان ئاگادارن لەوەی کە گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی، هەزاران ساڵە لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشتەجێیە کە بە کوردستان ناسراوە. ئەم گەلە بەشەرەفە خزمەتی زۆر گەورەی بە جیهانی شارستانی کردووە و تا مەوداو ئاستێکی گەورە بەشداریی لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا کردووە.

ئەم میللەتە ماوەی چەندین سەدە خاوەنی ئازادی و سەربەخۆیی بووە تا سەردەمی ئەم نەوەیەی ئێستای کاتێك کە خاك و وڵاتی لە لایەن بێگانەوە داگیرکرا و کوردستان بە سەر هێزە بێگانەکاندا دابەشکرا و قەوارە سیاسییەکەی لەناوچوو. بەڵام گیانی سەربەخۆیی و ئازادیخوازی هێشتا هێند بەتینە کە گەلی کورد بێ پرینگانەوە بەرپەرچی داگیرکەرانیان دەدەنەوە و ئەم دەم بۆ ئەو دەم رادەپەڕن و لە هەوڵ و تێکۆشاندان بۆ گێڕانەوەی مافی زەوتکراویان. لەم رووەوە پێویستمان بەوە نیە ئەو ستەم و ئازارانە بکۆڵینەوە کە بە درێژایی ئەم چەرخ و سەردەمانە تووشی کورد هاتوون.

گەلی کورد، وەك رەگەز و نەتەوە ستەملێکراوەکانی تر، هیوای گەورە گەورەی هەڵچنیوە لە سەر پرنسیپەکانی لائیحەی ئەتلەنتیك، یالْتا، تاران و جاڕنامەی پۆتسدام و بە هەمان شێوەش لێدوان و راگەیاندنەکانی سەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێدانی ئازادی و سەربەخۆیی و نەهێشتنی هەموو زوڵم و ستەمێك.

ئێمە بەهیوابووین کەوا کۆنفرانسی ئاشتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان عادیلانە تر بوونایە لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ کێشەی کورددا لە پەیمانە ناڕەواکەی لوزان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان. زۆریش نیە جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی هاتووە و جاڕ لە سەرکەوتنی پرەنسیپە دیموکراتییەکان دراوە، بەڵام هیوا و ئاواتی ئێمە بابردی و کار و ڕەفتاری بێوێنەی تیرۆر و تۆقاندن کوردستانی گرتووەتەوە، تیرۆرێك کە تەنانەت جوولەکە و چیك و هیچ میللەتێکی تری ئەوروپا لە ترۆپکی ڕژێمی هیتلەردا نەیانبینیوە.

لەو بەشەی کوردستاندا کە لە ژێر دەسەڵاتی کەمالیستە فاشیستەکاندایە، بەربەستێکی پۆڵاین ئەو بەشەی تورکیای لە جیهانی شارستانی جیاکردووەتەوە. دەسەڵاتدارانی تورك لە گەلێك دەرفەت و بۆنەدا نەیانهێشتووە پەیامنێرانی ڕۆژنامە بێگانەکان سەردانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا بکەن و زانیاریی دەستی یەك بەدەستبێنن لەبارەی ئەو زوڵم و سەرکوتکردنەوە کە لەو دەڤەرەدا بەرپادەکرێت. حکومەتی تورکیا بە پێی نەخشە و بڕیارێك بۆ تێکشکاندنی ناسیۆنالیزمی کورد پەنای بردووەتە بەر داپڵۆسین و قڕکردن و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کوردەکان لە وڵاتی خۆیاندا.

لە عێراقدا، میللەتی کوردی سەربەرز زۆر زیاتر لە عەرەب ئازار و ئەشکەنجەی چەشتووە لە سەر دەستی ئیمپریالیستەکان و شوێنکەوتوانیاندا. حکومەتی عێراق سوپایەکی کردووەتە سەر کورد بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی بریتانیا و چەکی قورسیەوە کە لە بارزان کوردی بێتاوان دەکوژن و گوندەکانیان دەسووتێنن و هەزاران گوندنشینی برسی و ڕەشوڕووتیان بە خێزان و منداڵەوە لە زستانی سارد و سەختدا ئاوارەی چیاکان کردووە. هەروەها جاندارمیریی سەر بە فاشیستەکانی ئێرانیش ستەمێکی گەورەیان لە دانیشتووانی هەورامان و مەریوان کردووە لە کوردستانی ئێران و خەڵکەکەیان شایەتحاڵی ئەشکەنجە و ئازاری زۆرن.

هەموو تاوان و ستەمەکان لە لایەن حکومەتە دکتاتۆرییە کۆنەپەرستەکانی ئەنقەرە و بەغدا و تارانەوە دەرهەق بە میللەتی کورد ئەنجامدەدرێن لە سەرەتای سەرکەوتنی پرەنسیپەکانی عەدالەت و ماف و ئازادیدا و ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان هیچ جووڵەیەك ناکات بۆ ڕێگرتن لە کار و کردەوەی لەو چەشنە سەرەڕای ناردنی نارەزاییینامەی چەندبارە لە لایەن ناوەندە سیاسییەکانی کوردەوە.

کورد هێشتا تیشکی هیوا لە ئاسۆوە بەدی دەکەن و هەرێمەکانی ئازەربایجان، باکوور و رۆژئاوای کوردستان لە ئابی١٩٤١وە تا دیسەمبەری ١٩٤٦ دوور لە زەبروزەنگی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران مانەوە و هەردوو میللەتی کورد و ئازەر هاوکار بوون لە شەڕکردنی دوژمنی هاوبەشیاندا تا دوادڵۆپی خوێنیان، بۆ بەرگری کردن لە رزگاری و ئازادییە دیموکراتییەکانیان.

فرەی نەبرد ئیمپریالیستەکانی جیهان درکیان بە مەودای ئەم بزووتنەوە میللی و دیموکراتییە کرد و مەترسی لە سەر بەرژەوەندییەکانی رژێمە ئیمپریالیستەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست دروستکردبوو، بۆیە بڕیاریاندا بە هەر نرخێك بووە ئەم بزووتنەوەیە لەناو ببەن و بۆ ئەم مەبەستەش متمانەیان دا بە حکومەتی ناوەندیی ئێران و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیان پێ سپارد.

حکومەتی خیانەتکاری قەواموسەڵتەنە هەڵبژاردنی وەك بیانوویەك بەکارهێنا بۆ ئەو دەڤەرە بە ناوی دابینکردنی ئازادیی هەڵبژاردن و گاڵتەکردن بە پابەندبوونی پێشتری بە دەسەڵاتی دیموکراتیی ئازەربایجان و کوردستانەوە و ڕێگرتن لە جاندارمیری کە جارێکی تر هەڵکوتنەوە سەر خاکی پیرۆزیان، هێزەکانی قەواموسەڵتەنە، بە پاڵپشتی تانك و فرۆکەی مۆدێرن، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی کورد و ئازەربایجان لەپێناو جێگیرکردنی گوایە ئاشتی و ئاسایش لەو دەڤەرەدا. هەر ئەوەندە هێزەکانی ئێران جێ پێی خۆیان لەوێ قایمکرد ئاشتی و ئارامی دیار نەمان و گوندە ئارامەکان سوتێنران و شارەکان بۆردمان کران و هەزاران کوردی بێتاوان کە لە دەست ئەو بەهەشتە هەڵدەهاتن، بە دەسڕێژی رەشاش و شەستیر دروێنە دەکران. جاندارمیری زۆر بە دڵڕەقانە و بێ ڕەوشتانە و بێ ویژدانانە پەنایان بردە بەر کوشتن و ئەشکەنجەدان و تاڵانکردنی ئەم دەڤەرە بەرفراوانە لە ژێر پەردەی سەپاندنی ئاشتی و نیزامدا کە قەواموسەڵتەنە لە سەر دەستی جەردە و پیاوکوژەکانیدا جێبەجێی کرد. هەزاران کەس هەڵاتن بۆ چیاکان و تووشی برسێتی بوون و سەرما رەقی کردنەوە و ئەم بارودۆخە سەختەیان پێباشتر بوو لەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ گوند و شارە

کاولکراوەکانیان کە جەردەکانی قەوامولسەڵتەنە گشت جۆرە ستەم و سەرکوتکردنێکیان تێدا بەرپادەکرد.

بەڕێزان، لەم ناوچە بەرفراوانەدا و لە دەمی سەرکەوتنی پرەنسیپە دیموکراتیەکاندا نەتەوەی کوردی بە ئازادی لەدایکبوو دەگیران و لە سێدارە دەدران بێ هیچ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنێك. پارتی دیموکراتی کوردستان بە رووی هەموو ئەم چەشنە رەفتارە پڕ تاوانکارییەدا دەوەستێتەوە و بە دەنگێکی بەرز نارەزایی خۆی دەگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان و رای گشتیی جیهان و رۆژنامەگەریی ئازاد و هانیان دەدا هاوکاریی بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەو چالاکییە تیرۆریستییە. بەهەمان شێوە پارتیمان ئیدانەی ئەو سیاسەتە سەلبی یان دوژمنکاریانە دەکات کە وڵاتانی ئیمپریالیست گرتوویانەتەبەر بەرانبەر بە کێشەی کورد ـ کێشەیەك کە دەبوو بە گوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رژێمی دیموکراتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی ئاشتی باڵ بکێشێت بە سەر بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

تکایە ئەم نارەزاییینامەیەمان بنێرن بۆ حکومەتی پایەبەرزی ئەمریکا و رێزی بێپایانمان قبووڵ بفەرموون.

کۆمیتەی ناوەندیی
پارتی دیموکراتی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

**سەرنج: کۆپی ئەم نارەزاییینامەیە نێردراوە بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆنی دەوڵەتە گەورەکان لە بەغدا.**